WWW.RUDAW.NET

# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (380) دووشەممە 2015/10/26 4ی گەلاڕێزانی 2715 (750) دینار

## تۆمەتی گەندەڵی لەسەر 10 وەزیر ساخ دەبێتەوە

**رووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند 10 وەزیری کابینەکانی حکومەتی عێراق تۆمەتی گەندەڵیان لەسەر ساخ بووەتەوە.

عادل نووری، گوتەبێژی دەستەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت داهاتی عێراق لە 12 ساڵی رابردوودا لە بودجەی گشتی و هاوکاری سەربازی و دارایی وڵاتان گەیشتووەتە ترلیۆنێک دۆلار، بەڵام "500 ملیار دۆلاری بەشێوەی گەندەڵی لەلایەن بەرپرسانی عێراق خوراوە، لەو 500 ملیار دۆلارەش 360 ملیار دۆلاری هەر دیار نییە". هەروەها دەڵێت "هیچ فەرمانگەیەکی عێراق نییە گەندەڵی تێدا نەبێت".

بە گوتەی عادل نووری لێژنەکەیان دۆسیەی چەند وەزیرێکی ئێستا و کابینەکانی پێشتریان لەبەردەستە و بەشێکیشیان رەوانەی دەستەی دەستپاکی و دادگای دەستپاکی کراون کە هەندێکیان لەلایەن دادگاشەوە حوکمیان لەسەر دراوە و هەندێکیشیان لە لێکۆڵینەوەدان. عادل نووری گوتی "زیاتر لە 10 وەزیری کابینەکانی پێشووی حکومەت بە تاوانی گەندەڵی دۆسیەکانیان یەکلایی بوونەتەوە". گوتیشی "وەزیر هەیە 10 دۆسیەی گەندەڵی لەسەرە".

7 »

بەپێی راپرسییەکانی تورکیا:

### هەدەپە پێش مەهەپە دەکەوێت و دەنگی جەهەپەش هەڵدەکشێ

6



ڕێکخەری ژووری پەیوەندییە سیاسییەکانی گۆڕان بۆ (رووداو):

### بێ کاک نەوشیروانیمان پێوە دیارە

5

### پەرلەمانتارانی پارتی بەسەر فەرشە سوورەکەی سەرۆکدا ناڕۆن

4

## ئەمریکا و بەریتانیا و ئەیاد عەللاوی نێوەندگیری دەکەن

# بارزانی بۆ نێوەندگیریی پارتی و گۆڕان عەللاوی دەکاتە وەکیلی خۆی

3 »



### ئۆباما کچێکی کورد خەڵات دەکات



2

### کچێکی 11 ساڵان دەرفێنرێ و ئامۆزاکەشی دەکوژرێ

16

### لەتورکیا بە 10 دۆلار دەبیتە جیهادی

17

ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (380) دووشەممە 2015/10/26

## "موقەدەم کاروان تۆراوە"



سیداد لەشکری / ڕووداو- هەولێر

بەڕێوبەری پۆلیسی هەولێر هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەت دەکاتەوە کە باس لە دەستگیرکردنی موقەددەم کاروان خۆشناو، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەکرێت .لیوا عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند دوای بڕیاری گۆرانکارییەکی ئیداری لە نێو بەرپرسی بەشەکان لە بەرێوبەرایەتییەکمان، موقەددەم کاروان بەم بڕیارە ڕازی نەبوو و تۆرا، بۆیە داوای لە من کردووە کە پێویستی بە پشوودانە و چەند ڕۆژێک مۆڵەتی دەوێت و ئێستاش لە مۆڵەتە و دەستگیر نەکراوە" . ماوەی پێنج ڕۆژە گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر مۆبایلەکەی داخراوە و هیچ هەواڵێکی نییە .

# هەرێمێکی ئەڵمانیا هەزار ژنی کوردی ئێزدی چارەسەر دەکات



زنار شینۆ
ڕووداو- شتوتگارت

هەرێمێکی ئەڵمانیا دەیەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەرەو پێش ببات و هاوکاریی پێشکەشی ئاوارەکانی کوردستان بکات، بەرپرسانی هەرێمەکە بڕیاریان داوە ژمارەیەک ژنی کوردی ئێزدی ببەنە هەرێمەکەیان و چارەسەری دەروونییان بکەن.

پیتەر فریدریش، وەزیری کاروباری نێودەوڵەتی و ئەورووپا لە هەرێمی بادن ڤویرتمبێرگ لە بارەی ئەو هەماهەنگییەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمەکەیاندا هەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "دوو ساڵ لەمەوبەر نیلز شمید، وەزیری ئابووریی هەرێمەکەمان سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ ئەوەی ئەزموونی ئەو ناوچەیە ببینێت. هەروەها پێشتریش پارێزگاری دهۆک سەردانی هەرێمەکەمانی کردووە".

ئەو شاندەی بە سەرۆکایەتی وەزیری ئابووریی هەرێمی بادن لە کۆتایی مانگی ئایاری 2013 سەردانی هەرێمی کوردستانی کردبوو، پلانی پەیوەندی دوو قۆڵیی ئابووری و سیاسی لە نێوان هەردوو هەرێمی کوردستان و هەرێمەکەی باشووری ئەڵمانیا دادەڕێژێ.

پیتەر فریدریش دەڵێت "لە هەرێمی کوردستان نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە هەن کە زۆربەیان لە شاری دهۆکن، بەڵام دەزگاکانی ئەو شارە فریای هاوکاریکردنی ئەو ئاوارانە ناکەون، بۆیە پێویستە هاوکاری بکرێن".

هەرێمی بادن ڤویرتمبێرگ دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئەڵمانیا و ژمارەی دانیشتووانی پتر لە 10 ملیۆن کەسە، پایتەختەکەی شاری شتوتگارتە. لەو هەرێمەدا تەنیا کۆمپانیاکانی بواری پیشەسازی و وزە زیاتر لە 800 ملیار یورۆ سەرمایەیان بەگەڕ خستووە کە ناسراوترینیان کۆمپانیای بەرهەمێنەری ئۆتۆمبێلی مارسیدس و پۆرش و ئیڤیکۆیە، هەروەها کۆمپانیای ئۆبەرڕاینی وزە.

پیتەر فریدریش دەڵێت "کار لەسەر یارمەتیدانی ئاوارەکان دەکەین، هەندێک ئامێری ئەلیکترۆنی و گواستنەوەی وەکو ئۆتۆمبێل بۆ کەمپی ئاوارەکان دابین دەکەین".

یەکێکی دیکە لە پرۆژەکانی ئەو هەرێمەی ئەڵمانیا بۆ هەرێمی کوردستان، یارمەتیدانی ئەو ژنە ئێزدیانەیە کە لە دەستی داعش ڕزگاریان بووە. پیتەر گوتی "پرۆژەیەک هەیە کە تاوەکو 1000 کچ و ژنی ئێزدی لەوانەی پێشتر لەلایەن داعشەوە ڕفێنرابوون، بهێنرێنە هەرێمەکەمان و چارەسەری دەروونییان بۆ بکرێ، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمیتەیەکی هاوبەش لە نێوان هەردوولا دامەزراوە و ژمارەیەک لەو ئافرەتانە دەستیان بە وەرگرتنی چارەسەری لە ئەڵمانیا کردووە".



# وەرگرتنی بە واستەی منداڵان لە قوتابخانەیەکی دهۆک هەرا دەنێتەوە

## نووسینگەی وەزیر بۆ پەروەردەی دهۆک: لێگەڕێن با بەردەوام بن

یوسف ئەحمەد
ڕووداو- دهۆک

لە قوتابخانەیەکی تایبەتی شاری دهۆک، شەش قوتابی لە دەرەوەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە وەردەگیرێن کە چوار لەو قوتابیانە بە پشتگیریی پارێزگاری دهۆک وەرگیراون، ئەوەش نارەزایی لەنێو بەشێک لە مامۆستایانی شاری دهۆک لێدەکەوێتەوە.

قوتابخانەی سەردەم، یەکێکە لە قوتابخانە تایبەتەکانی شاری دهۆک و حکومەت پشتگیری دەکات. خوێندن لەو قوتابخانەیە بە زمانی ئینگلیزییە. ئەمساڵ شەش قوتابی لە دەرەوەی ڕێنماییەکان لەو قوتابخانەیە وەرگیراون کە چواریان بە نووسراوی پارێزگاری دهۆک وەرگیراون، قوتابییەکیش منداڵی جێگری پارێزگاری دهۆکە و یەکێکیشیان منداڵی ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتییە.

وەرگرتنی قوتابی لەو قوتابخانەیە لە ڕێگەی تیروپشکەوەیە، بە فەرمانی وەزیر کەس بۆی نییە لە دەرەوەی تیروپشکەکە وەربگیرێ، تەنیا منداڵی شەهید نەبێت.

هەندێک لەو باوکانەی کە ناوی منداڵەکانیان لە تیروپشکەکە دەرنەچووە، ڕەخنە لە وەرگرتنی ئەو شەش قوتابییە دەگرن و دەڵێن ئەوە ئەوپەڕی ناعەدالەتییە.

یونس جانۆ، باوکی یەکێک لەو قوتابیانەیە کە ناوی منداڵەکەی لە تیروپشکدا دەرنەچووە، دەڵێ "گوتیان وەرگرتنەکە زۆر دادپەروەرانەیە و لە ڕێگەی تیروپشکەوەیە، کەچی دواتر شەش قوتابی بە واستە وەرگیراون، نازانم تاکەی ئەو جیاوازییە لە نێوان منداڵانی بەرپرس و هاووڵاتی ئاسایی دەکرێت".

عەبد یوسف، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت کە ئەوانیش ئاگاداری ئەو بابەتەن، بەڵام وەرگرتن و وەرنەگرتنی قوتابییان لەو قوتابخانانە هیچ پەیوەندی بە ئەوانەوە نییە.

بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی دهۆک گوتیشی "سەرەتا بڕیاری وەرگرتنی چوار لەو شەش قوتابییە هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام دواتر نووسینگەی وەزیر بە تەلەفۆن پەیوەندی بە ئێمەوە کرد و پێی ڕاگەیاندین کە لێگەڕێن با بەردەوام بن".

ئەمساڵ 470 منداڵ ناوی خۆیان لەو قوتابخانەیە تۆمار کردبوو، بەڵام دوای تیروپشک تەنیا 50 قوتابی تەمەن چوار ساڵان و 25 قوتابی تەمەن پێنج ساڵان وەرگیران.

مامۆستا شڤان عوسمان، بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەردەم دەڵێت "هەر فەرمانێکی ئیداری بۆ من ڕەوانە کرابێت و ڕەزامەندی کۆمپانیای سەرپەرشتیکاری قوتابخانەشی لەسەری بێت، من ڕەتیناکەمەوە".

فەرهاد ئەترۆشی، پارێزگاری دهۆک پشتڕاستی کردەوە کە بە نووسراوی ئەو، چوار قوتابی لەو قوتابخانەیە وەرگیراون. ئەترۆشی بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵی ڕابردوو هیچ کەسێک بە پشتگیریی من لەو قوتابخانەیە وەرنەگیراوە، بەڵام لە سەردەمی پارێزگاری پێشوودا تەنیا لە یەک ساڵدا 27 قوتابی بە نووسراوی پارێزگار و پێنج قوتابیش بە نووسراوی وەزیری پێشووی پەروەردە وەرگیراون".

پارێزگاری دهۆک پێیوایە ئەو وەکو بەرپرسی یەکەی ئیداریی پارێزگای دهۆک ئەو دەسەڵاتەی هەیە نووسراو بکات بۆ وەرگرتنی قوتابی لەو قوتابخانەیە. پارێزگاری دهۆک گوتی "ئاساییە ئەگەر چەند قوتابییەک بنێرین بۆ قوتابخانەیەک. ئەگەر ڕێنماییەک هەبێت کە پارێزگار مافی ئەوەی نییە هیچ کەسێک بنێرێت، ئەوە پێوەی پابەند دەبین. ئەوەندەی من بزانم پارێزگار ساڵانە بۆی هەیە 10 قوتابی ڕەوانەی ئەو قوتابخانەیە بکات".

# چەکدارانی داعش لە ترسی هێرش لە مووسڵ هەڵدێن

## سەرچاوەیەک لە هێزەکانی پێشمەرگە:

### لە هەفتەیەکدا نزیکەی 15 چەکداری داعش لە میحوەرەکانی دهۆک خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە کردووە

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

لە ترسی هێرش بۆ سەر پارێزگای نەینەوا کە ئاماژەکان وا دەردەخەن وادەکەی نزیک بوویێتەوە، چەکدارانی داعش لەناو شاری مووسڵ دەستیان بە خۆدزینەوە کردووە.

بەپێی هەندێ زانیاریی باوەڕپێکراو، ڕۆژانە ژمارەیەک چەکداری داعش خۆیان دەگەیێننە تورکیا و تەنیا لەماوەی هەفتەیەکیشدا نزیکەی 15 چەکداری داعش لە میحوەرەکانی سنووری دهۆک و نەینەوا خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە کردووە.

دوای ئەوەی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا لە سەرەتای ئەم مانگەدا سەردانی شاری بەغدایان کرد و لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق و بەرپرسە باڵاکانی دیکە کۆبوونەوە، قسەوباسی هێرش بۆ سەر پارێزگای نەینەوا گەرم بوو، هەندێ ئاماژە وای دەردەخەن کە وادەی دەستکردن بە هێرشەکە نزیک بووەتەوە.

قایمقامی سەنتەری شاری مووسڵ کە عەرەبی سوننەیە و ئێستا لە شاری دهۆک دادەنیشێ، هەندێ زانیاریی نوێی لەسەر ڕەوشی ناو شاری مووسڵ ئاشکرا کرد و بە (ڕووداو)ی گوت "ئەمجارە زیاتر لە هەموو جارانی پێشوو، چەکدارانی داعش باوەڕیان بۆ دروست بووە کە هێرشی سەر ئەو شارە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستپێدەکات، بۆیە زانیاریمان هەیە کە ژمارەیەک چەکداری داعش لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا خۆیان گەیاندووەتە تورکیا".

پارێزگای نەینەوا ساڵێک و چوار مانگە لەژێر دەسەڵاتی داعشدایە و وا چاوەڕوان دەکرا لە سەرەتای هاوینی ڕابردوودا دەست بە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی بکرێ، بەڵام داعش مانگی ئایاری ڕابردوو لە هێرشێکی پێشگیرانەدا پەلاماری پارێزگای ئەنباری دا و دەستی بەسەر شاری ڕومادیدا گرت کە ناوەندی پارێزگاکەیە.

حوسێن عەلی، قایمقامی قەزای مووسڵ کە ئاگاداری جموجوڵەکانی نێو ئەو شارەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژانە ژمارەیەک لەوانەی لە ڕیزەکانی داعشدا شەڕیان کردووە، بەرەو سووریا هەڵدێن و لەوێشەوە خۆیان دەگەیەننە تورکیا".

لەبارەی پشتگیریی خەڵکی مووسڵیش لە داعش، گوتی "خەڵکی ناو مووسڵ باوەڕیان بە داعش زۆر لاواز بووە، زانیاریم هەیە خەڵک زۆر دەترسێن، بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا کە بۆردومانێکی زۆر هەیە".

هەر لەوبارەوە ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا کە ئێستا لە ناحیەی سنوونێیە، دەڵێت "لەم ڕۆژانەدا زۆر پەیوەندی بە ئێمەوە کراوە و زانیاریمان دەدەنێ کە چەکدارانی داعش زۆر دەترسێن و چاوەڕێی هێرشێکی گەورە دەکەن".

سەیدۆ شنگالی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا کە ئەو زانیاریانەی دایە (ڕووداو)، گوتیشی "هەر ئەمڕۆ (دوێنێ یەکشەممە) چەکدارانی داعش لە تەلعەفەر بە ژمارەی زۆر بەرەو تەل ڕومان ڕۆیشتوون و هەموو چەکە قورسەکانی خۆشیان لەگەڵ خۆیان دەبەن، جگە لەوە زانیاریم هەیە کە لەناو شارۆچکەی شنگالیش داعش ڕادەکەن و ژمارەیەکی کەمیان ئێستا لەو دوو قەزایە ماون".

بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە هێزەکانی پێشمەرگە، لەم ماوەیەدا ئەندامانی داعش بەبێ چەک هەوڵ دەدەن خۆیان ڕادەستی هێزی پێشمەرگە بکەن.

ئەو سەرچاوەیە کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "تەنیا لەم هەفتەیەدا لە میحوەرەکانی دهۆک و پارێزگای نەینەوا نزیکەی 15 چەکداری داعش کە عەرەب بوون، خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە کردووە".

# ئۆباما کچێکی کورد خەڵات دەکات



پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

باراک ئۆباما، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە واژۆی خۆی خەڵاتی ڕێزلێنان دەبەخشێتە کچێکی کورد کە لە خوێندنگەیەکی ئەو وڵاتە پلەیەکی بەرزی بەدەستهێناوە.

یەڵدا سیروان قادر، کچە کوردێکی تەمەن 7 ساڵانە و لە شاری دالاسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەژی. لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا بە پلەیەکی بەرز قۆناغی یەکەمی تەواو کرد. دوای هەڵسەنگاندنی نمرەکانی لەلایەن قوتابخانەکەی و وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئەمەریکاوە، خەڵاتی بڕوانامەی ڕێزلێنانی لەلایەن ئۆباماوە بەنێوی "خەڵاتی ڕێزلێنانی سەرۆک بۆ خوێندکارانی بەتوانا"ی بۆ هاتەوە.

سیروان قادر، باوکی یەڵدا کە جگە لە یەڵدا کچێکی دیکەشی هەیە، لە ئەمەریکاوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەوان لە بنەڕەتدا خەڵکی شارۆچکەی ڕواندزی سەر بە پارێزگای هەولێرن، لە ساڵانی 2004 تاوەکو 2009 لەگەڵ سوپای ئەمەریکا لە عێراق کاری کردووە و پاشان لەڕێگەی بەرنامەیەکەوە کە حکومەتی ئەمەریکا دەیدات بەو کەسانەی لەگەڵ سوپای ئەمەریکا بوون، ساڵی 2009 چووەتە ئەمەریکا.

یەڵدا لە قوتابخانەی forman elementary school دەخوێنێ و وەک سیروان ڕوونیکردەوە ئەو خەڵاتە لە بەرامبەر دەرچوونیەتی لە پۆلی یەکەم بە پلەی high advance و گوتی "ئەو خەڵاتە ساڵانە لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکا و وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئەو وڵاتەوە دەدرێتە خوێندکارانی بەهرەمەند کە تواناکانیان بەراورد بە تەمەنیان زیاترە. بە بۆچوونی مامۆستاکانیشی، ئەو پلەیەی یەڵدا پێی دەرچووە، پلەی ئاستی قوتابییەکی سێی سەرەتاییە نەک یەکی سەرەتایی".

هەر بەپێی قسەکانی سیروان کە لە زاری بەڕێوەبەر و مامۆستاکانی قوتابخانەکەیەوە وەریگرتوون، ئەو خەڵاتە سێ جۆری هەیە: پلەی یەکەم (زێڕ) پلەی دووەم (زیو) پلەی سێیەم (بڕۆنز). باوکی یەڵدا گوتی "خەڵاتەکەی یەڵدا زێڕینە و مامۆستاکانیشی گوتیان ئەوە یەکەمجارە لە قوتابخانەکەمان ئەو خەڵاتە بدرێتە خوێندکارێک".

یەڵدا لە مانگی حوزەیراندا قۆناغی یەکەمی تەواو کردووە و ماوەی زیاتر لە مانگێکیشە لە قۆناغی دووەم دەخوێنێ و لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنیشدا ئەو خەڵاتە ڕۆیشتووە بۆ قوتابخانەکەی و پێیان بەخشیوە، بەڵام یەڵدا لە سەرەتای ئەم مانگەدا لەلای خێزانەکەی ئاشکرای کردووە.

سیروان گوتی لە مانگی ئەیلولدا دوو کەسی نزیکی بنەماڵەکەیان کە یەکێکیان خاڵۆزای خۆی و ئەوەی دیکەشیان ئامۆزای هاوژینەکەی بووە، پێشمەرگە بوون و لە شەڕی دژی چەکدارانی داعش شەهید کراون و ئەوانیش لە ئەمەریکا پرسەیان بۆ دانابوو، بەو هۆیەشەوە سەرقاڵ بوون و گوتی "یەڵدا نەیویستبوو لەو کاتەدا باسی ئەو خەڵاتە بکات، بەڵام لە سەرەتای ئەم مانگەدا ڕۆژێک بانگی کردمە ژوورەکەی و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو پێیگوتم، ئەو دیارییە بکەرەوە بزانە چییە؟ منیش کاتێک خوێندمەوە زۆر دڵخۆشی کردم، تەنانەت بە دایکیشی نەگوتبوو".

سیروان قادر دەڵێت بەخشینی ئەو خەڵاتە بە کچەکەی، کوردانی شاری دالاسی دڵخۆش کردووە، کاتێک لای هاوڕێ ئەمەریکییەکانیشی باسی کردووە، سەرسام بوون "هاوڕێ ئەمەریکییەکانم دەیانگوت کارێکی چاوەڕواننەکراوە ئەو خەڵاتە بۆ کچەکەت بووە، چونکە زۆرجار نادرێتە منداڵەکانی ئێمەش".

بە گوتەی سیروان، کچەکەی هەتا تەمەنی دوو ساڵیش فێری قسەکردن نەبووە و لەوە ترساوە نەخۆشی ئۆتیزمی هەبێت، بۆیە کاتێک ڕۆیشتوونەتە ئەمەریکا و کچەکەی ناردووەتە بەر خوێندن، بەردەوام هەوڵی لەگەڵ داوە بۆ ئەوەی هەر چۆنێک بێت توانای باش بێت.

ئەو گوتی "ڕۆژێک لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیەوە پەیوەندیم پێوە کرا بۆ ئەوەی سەردانیان بکەم سەبارەت بە ئاستی یەڵدا، منیش زۆر ترسام، بەڵام کاتێک ڕۆیشتم گوتیان کچەکەت لە ئاستی خوێندکارانی پۆلی سێیە نەک یەک، ئەوەش زۆر دڵخۆشی کردم".

سیروان باسی سیفەتێکی کچەکەی کرد و گوتی "یەڵدا لەم تەمەنەیەوە عەقڵی لە خۆی گەورەتر دیارە و زیاتریش حەز بە هاوڕێیەتی کەسانی لە خۆی گەورەتر دەکات".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (380) دووشەممە 2015/10/26



## "کۆسرەت ڕەسوڵ بڕیاردەری یەکێتییە"

**ڕووداو- هەولێر**

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕایگەیاند "بڕیاری کۆتایی لەنێو یەکێتیدا کۆسرەت ڕەسوڵ دەیدات و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد یەکێتی بەڕێوە نابات بەڵکو تەنیا ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییە، بەڵام ئەو شتێکی زیاترە کە هاوژینی تاڵەبانییە". پیرە لە بەرنامەی ڕووداوی ئەمڕۆی کەناڵی ڕووداو، سەبارەت بە کەسی یەکەمی یەکێتی لە غیابی سکرتێری گشتی ئەو حیزبە، گوتی "بەپێی بڕیاری کۆنگرە ئێستا یەکێتی جێگری سکرتێری گشتی هەیە و دوا بڕیار لەنێو یەکێتیدا لای کۆسرەت ڕەسوڵە و دەتوانێ بڕیارەکان بسەپێنێ".

### ئەمریکا و بەریتانیا و ئەیاد عەللاوی نێوەندگیری دەکەن



# بارزانی بۆ نێوەندگیریی پارتی و گۆڕان عەللاوی دەکاتە وەکیلی خۆی

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەوڵەکان بۆ نێوەندگیری لەنێوان پارتی و گۆڕان لەسەر ئاستی باڵا دەستی پێکردووە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، دوای ئەوەی ئەیاد عەللاوی پەیوەندی بە بارزانییەوە کردووە و پێیگوتووە کە دەیەوێ نێوەندگیریی بکات لەنێوان پارتی و گۆڕان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بارزانی بە ئەرێنی وەڵامی داوەتەوە و پێیگوتووە کە وەکیلی ئەو بێت.

ڕاگەیاندنی فەرمی پارتی و گۆڕان بەرەو هێوربوونەوە چوون و ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو هەوڵی نێوبژیوانییەی دوور لەچاوی کامێراکان پەیوەندی بە سەرکردایەتی هەردوولاوە دەکەن بۆ ئەوەی گرژییەکان بڕەوێننەوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، زانیاری نوێ لەبارەی یەکێک لە نێوندگیرییەکان ئاشکرا دەکات، کە ئەویش هەوڵی د.ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقە و لە ناوەڕاستی هەفتەی پێشوودا دوای ئەوەی پەیوەندی بە بارزانییەوە کردووە، پێیڕاگەیاندووە کە دەیەوێ نێوبژیوانی پارتی و گۆڕان بکات. وەک ئەو بەرپرسەی کۆمەڵی ئیسلامی باسی کرد، وەڵامی بارزانی بۆ عەللاوی کورت و ئەرێنی بووە و ڕایسپاردووە کە وەکیلی ئەو بێت.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی کە لەبەر هەستیاریی دۆخەکە بە گونجاوی نەزانی ناوی بڵاوبکرێتەوە، بەگرنگی دەزانێ دۆخی پڕ لە تەنگژەی سیاسی نێو هەرێمی کوردستان ئاسایی بکرێتەوە و دەڵێت ئێستا مروونەت لە هەردوولا دروست بووە بۆ ئەوەی دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە "ئەنجامی نێوەندگیرییەکان وا دەردەکەوێ کە ئەگەری بەهێز ئەوەیە سەرەتای مانگی داهاتوو کۆبوونەوەی دوو قۆڵی لە نێوان پارتی و گۆڕان بکرێ، چونکە جگە لە عەللاوی، ئەمریکا و بەریتانیا و وڵاتانی دیکەش لەسەر خەتن".

هەر بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) دەستی کەوتوون، عەللاوی لە ئەڵمانیا چاوی بە نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان کەوتووە و لەبارەی ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان قسەی لەگەڵ کردووە و زیاتر گەشبین بووە بەوەی بتوانن هێڵەکان بخەنەوە سەر ڕێی دانوستاندن.

کەسایەتی سیاسی ناسراوی کورد، د.مەحموود عوسمان، بێئاگایی خۆی لە گفتوگۆی عەللاوی لەگەڵ بارزانی و نەوشیروان مستەفا دەبڕی، بەڵام نیگەران بوو لەوەی حیزبەکان لە کوردستان لە نێوخۆ گوێ لەیەک ناگرن و نێوبژیوانی نێوخۆیی دڵخۆش ناکەن "چارەسەرەکە ئەوەیە یان ئەمریکا یان ئێران ناوبژیوانی بکەن، لە مێژووشدا هەر وابووە، هەمیشە یان ئەمریکا یان وڵاتێکی گەورە ئاگری ناکۆکییەکانی نێوانیانی دامرکاندووەتەوە".

دواهەمین کۆبوونەوەی پێنج قۆڵیی نێوان پێنج لایەنەکە لە میوانخانەی شاری جوان لە سلێمانی کۆتایی هات و بەدوای ئەوەدا ناڕەزایەتی دەستیپێکرد. دواتر خۆپیشاندانەکان سەریان کێشا بۆ پەلاماردانی چەند بارەگایەکی پارتی لەو پارێزگایە و ناوچەکانی دەوروبەری و پاشان دەنگی فیشەک، هێندەی دیکە دۆخەکەی ئاڵۆز کرد. پارتی گۆڕانی بە هاندانی خەڵک بۆ پەلاماردانی بارەگاکانی تۆمەتبار کرد و لە کاردانەوەی ئەوەشدا ڕێگەی نەدا سەرۆکی پەرلەمان بێتە هەولێر و وەزیرەکانی گۆڕانیشی ناردەوەماڵەوە. هەرچی گۆڕانیشە تۆمەتەکانی پارتی ڕەتکردەوە و دووپاتیکردەوە کە دەبێ حکومەتی بنکە فراوانی پێنج لایەنەکە ماوەی چوار ساڵی خۆی تەواو بکات.

هەر زوو یەکگرتووی ئیسلامی هاتەوە سەر هێڵی نەرمڕەوی بۆ دانوستاندن، یەکێتی لە ڕێگای کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتییەوە بێلایەنی حیزبەکەی ڕاگەیاند، بەڵام بزووتنەوەی ئیسلامی بەشێوەیەکی کردەیی لەگەڵ پارتی و گۆڕان کۆبوونەوە.

بەڵام ئایا هەوڵەکانی بزووتنەوە چییان بەدەستهێنا؟ شوان قەڵادزەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و پەرلەمانتاری ئەو حیزبە لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ هەردوولا قسەی باشیان کرد و نەرم بوون "بەڵام نەیانگوت کۆدەبنەوە یان نا". ناوبراو پێیوایە هەنگاوی یەکەمی ئاساییبوونەوە ئەوە نییە پارتی و گۆڕان کۆببنەوە "دەبێ هەنگاوی یەکەم حکومەت بیهاوێ، دەبێ کاک نێچیرڤان سەرەتا بە وەزیرەکان بڵێ بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان و سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە پەرلەمان، ئەوکات دەست بە دانوستاندنی دوو قۆڵی بکەن".

سەبارەت بە چارەنووسی پەرلەمان، شوان قەڵادزەیی دەڵێت "لە کوردستان پەرلەمان نەماوە، شاندی پەرلەمان ناتوانێ سەردانی دەرەوە بکات و ناتوانرێ لیژنەی پەرلەمانی دروستبکرێ، دەبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ئەو دواییەی خۆپیشاندانەکان پەرلەمان لیژنەی دروستبکردایە". هەروەها گوتیشی "ئەگەر ئێمە هیچمان نەکردبێ، گرنگ ئەوەیە زمانە توندەکەمان هێور کردەوە، هەوڵی نێوبژیوانی باش هەیە و دۆخەکە بەرەو ئاسۆیەکی باشتر دەڕوات".

ئەو سەرکردەیەی کۆمەڵی ئیسلامی، جگە لە هەوڵەکانی ئەمریکا و بەریتانیا، نایشارێتەوە چوار حیزبەکەی دیکەش حەزدەکەن نێوبژیوانی بکەن "بەڵام هەر حیزبێک لەوانە لەبەر دەنگدەرانی ناتوانێ ئەو کارە بکات، بۆیە لایەنی سێیەم دەبێ وڵاتێکی گەورەی بڕیار بەدەست بێت".

نۆ کۆبوونەوەی پێنج قۆڵییان کرد و پێکنەهاتن، ئەو گرێیەی نەکرایەوە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوون. ئەو سەرکردەیەی کۆمەڵ نایشارێتەوە کە لە دواهەمین کۆبوونەوەشدا لایەنەکان ڕازی بوون بەوەی ئەو دوو ساڵەش بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت "بەڵام پارتی ئامادە نەبوو بڵێ دوای ئەو دوو ساڵە دیمە ژێرباری داواکارییەکانتان". گوتیشی "پێموایە ئەو دوو ساڵە دەدرێتەوە کاک مەسعود و ڕێکدەکەون، نێوانی گۆڕان و پارتیش ئاسایی دەبێتەوە".

## ڕێباز بێرکۆتی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر:

# یەکێتی کێشەی لە بڕیاردان هەیە

ڕێباز بێرکۆتی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر کە بە کەسێکی هەرە نزیکی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی دادەنرێ، زۆر داکۆکی لە نزیکبوونەوەی پارتی و یەکێتی دەکات و دەڵێت "ئەو وڵاتە تەنیا بە یەکێتی و پارتی دەپارێزرێ و هەر کەس و لایەنێک بیەوێ تێکیبدات لێی قبووڵ ناکەین". بێرکۆتی لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی مەسەلەی داخستنی ژوورەکەی لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە هەولێر دەکات.

هەیڤەپیڤین: هیڤیدار ئەحمەد

■ هێز تەنیا لای یەکێتی و پارتییە



### ئەوانەی کلیلی دەرگای ژوورەکەیان گۆڕیم داوای لێبووردنیان کرد

**ڕووداو: یەکێتی لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ئێوە و هەندێ کادیری دیکەی سزا دا، بۆ؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** ئەوەی من لە چوارچێوەی سزا نەبوو، هەڵە تێگەیشتنێک هەبوو لە ڕاگەیاندنەکانەوە، من پابەندم بە بڕیارەکانی یەکێتی و سیاسەتی گشتیی هەرێمی کوردستان. من لەو ماوەیەدا ئەسڵەن خۆم لە ڕاگەیاندن بەدوور گرتووە.

**ڕووداو: ئەی بۆچی ئۆفیسی ئێوەیان لە کۆشکی سپی یەکێتی لە هەولێر داخست؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** ئەو مەسەلەیە بەلای منەوە زۆر گرنگ نییە. هەرچەندە پێمان ناخۆش بوو، چونکە کلیلی دەرگای ژووری منیان گۆڕیبوو، بەڵام هیچ لەنێو دڵمدا نییە، ئەوانەی وایان کردبوو، داوای لێبووردنیان لێکردم.

**ڕووداو: یەکێتی هەڵوێستی ڕاشکاوانەی چییە لەسەر مەسەلەی حکومەت و دوورخستنەوەی گۆڕان لە حکومەت؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** یەکێتی ڕۆڵی خێر و نێوەندگیری دەبینێ، بەڵام ئەمە تاسەر نییە، چونکە دەبێ پابەند بین بە سەقامگیریی کوردستان و شەڕمان لە پێشە، لەگەڵ بەغدا کێشە هەیە. ڕۆڵی یەکێتی ئەوەیە نە پشتگیری لە شێوازی پارتی دەکات و نە پشتگیری لە شێوازی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات، بەڵکو بێلایەنە.

**ڕووداو: لە فراکسیۆن و پەرلەمانتارانی یەکێتی ڕازین؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** لە فراکسیۆنی خۆمان ڕازی بووین، بەڵام لەو بابەتەی لە ڕۆژی 23ی حوزەیران ڕوویدا، نەدەبووایە وەکو یەکێتی ئەو تەوافوقاتانەی لە کوردستان هەبوون تێکیبدەین. ئەوەی من تێگەیشتووم هەڵوێستی یەکێتی لەگەڵ ئەو شێوازە نەبوو کە پرۆسەکە پەکی بکەوێ، بەڵام ئێمە ڕازی نین لە شێوازی حوکمڕانی کوردستان، یەکێتی هەست بە زوڵم دەکات و لە حکومەتیش زوڵم هەبووە و هاوسەنگی تێکچووە.

**ڕووداو: بەڵام یەکێتی لە 23ی حوزەیراندا لەگەڵ چوار لایەنەکە بوو بەرامبەر پارتی؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** لەگەڵ ئەوە نەبووین یەکێتی ئەو ڕێککەوتنە تێکبدات کە لەگەڵ پارتی هەیبوو، تەنانەت داوام کرد یەکێتی و پارتی بە ڕێککەوتنی ستراتیژیدا بچنەوە، چونکە دەتوانین لەگەڵ یەکدی کاربکەین و ئەو کێشانەی هەن پێکەوە چارەسەریان بکەین.

### ● ئەو ڕۆڵەی ئێستا یەکێتی دەیبینێ تا سەر نییە، خۆی یەکلایی دەکاتەوە

**ڕووداو: یەکێتی لە 19ی ئابیش بەشداری کۆبوونەوەی پەرلەمان بوو؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** ئەو بڕیارەی یەکێتی بڕیارێکی دروست نەبوو، من نازانم کێ بڕیارەکەی دا کە پەرلەمانتارانی یەکێتی بەشدار بن، بەڵام هەر کەسێک ئەو بڕیارەی دابێ لەنێو یەکێتیدا، من ڕەخنەی لێدەگرم. چونکە ئەگەر یەکێتی پابەند نەبووایە، با ڕێککەوتنەکە نەکرابا و دۆخی هەرێمی کوردستانیش ئاوهای لێ نەدەهات. شاندی یەکێتی نەیگوتبوو با گۆڕانکاری لە پرۆژەکە بکرێ یان نا، تەنیا گوتیان با کۆبوونەوەی پەرلەمان دوابکەوێ، کارێکی باش نەبوو کە کۆبوونەوەکە دوانەخرا.

### ● کاک کۆسرەت مەرجەعی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستانە

**ڕووداو: ئێستا هەڵوێستی یەکێتی چییە، هەروەکو 23ی حوزەیران و 19ی ئابە؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** دەزانی ئەو ڕۆڵەی یەکێتی دەیبینێ کە ڕۆڵی نێوانگیرییە، دەکرێ لەنێوان دوو کەوانەدا بڵێین ئەو ڕۆڵە کاتییە و تا سەر ناتوانێ نێوەندگیر بێ. یەکێتی پابەندە بە سەقامگیریی دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، یەکێتی قوربانی زۆری داوە لەو پێناوەدا. من لەم هەڤپەیڤینەدا داوا لە سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی دەکەم دووبارە بە ڕێککەوتنی نێوانیاندا بچنەوە، حوکمڕانی لە کوردستان بێ یەکێتی و پارتی قورسە.

**ڕووداو: چۆن بە ڕێککەوتنی نێوانیاندا بچنەوە؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** خاڵی هاوبەشمان زۆرە، کاریگەریی یەکێتی و پارتی لەسەر ساحەی کوردستان لە دەنگدەر و هێز زۆرە. دەبێ ڕێگە نەدەین درز بکەوێتە نێوان هەردوولا. ناشبێ ئەو ڕێککەوتنە لەسەر حیسابی هیچ لایەنێک بێ.

**ڕووداو: ئێستا چۆن یەکێتی لەسەر کێشەی حکومەت و پڕکردنەوەی پۆستە وەزارییەکان بڕیار دەدات؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** کێشەمان هەیە لە بڕیار، کێشەکانی یەکێتی هەندێک قووڵن، ئومێدمان هەیە ئەو مەسەلانە تێپەڕێنین. ناکرێ یەکێتی بەو شێوەیە بێ و خۆی یەکلا نەکاتەوە، ڕەنگە تاوەکو سێ مانگی دیکە زیاتر بەرچاو ڕوونی هەبێ و ئەوکات خۆی یەکلایی بکاتەوە، پشتیوانیی ڕاستەقینە لەو لایەنە بکەین کە خزمەتی خەڵک بکات، نەک خزمەتی پارتی یان گۆڕان بکات.

**ڕووداو: دەنگێک هەیە لەنێو یەکێتیدا دەڵێن با یەکێتی تاوەکو دوو ساڵی دیکە ببێتە ئۆپۆزیسیۆن؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** باوەڕ ناکەم بۆ یەکێتی باشبێ ببێتە ئۆپۆزیسیۆن، چونکە ئەگەر ببێتە ئۆپۆزیسیۆن ئەوە لە بەرپرسیارێتی ڕادەکات.

**ڕووداو: لەنێو یەکێتیدا ڕای کاک کۆسرەت وەردەگیرێ، چونکە لە 19ی ئاب سەرۆکی شاندی یەکێتی بوو، لەگەڵ ئەوە نەبوو کۆبوونەوە بکرێ، بەڵام فراکسیۆنی یەکێتی بە گوێی نەکرد، بۆچی؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** شتێکی خراپ بوو بە گوێی کاک کۆسرەتیان نەکرد، چونکە نەیگوتبوو پرۆژەی چوار حیزبەکە دەستکاری بکەن، تەنیا گوتبووی کۆبوونەوەی پەرلەمان دوابخەن، ئەی کۆبوونەوەکە دواخرابووایە باشتر دەبوو. کاک کۆسرەت مەرجەعی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە و جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتییە.

**ڕووداو: پێتوایە هێرۆخان بەگوێ کاک کۆسرەت بکات؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** دەبێ چاوخشاندنەوە بکرێ لە هەندێک هەڵوێست کە ئیسرار نەکرێ. هەندێ لە پەرلەمانتاران گوتیان قبووڵ ناکەین، بەڵام نەمبینی هیچیان پێ بکرێ، هەندێ هەڤاڵ لەنێو پارتی و هەندێ هەڤاڵ بەتایبەت لەنێو گۆڕان بە نەفەسی شەڕی ناوخۆ قسەیان دەکرد، ئێمە بەشەڕ ناگەینە ئەنجام. کاک کۆسرەت هەوڵی جددی داوە پارتی و گۆڕان لەیەکدی نزیک بکاتەوە و ئێستاش بەردەوامە لەسەر ئەو هەوڵە.

### ● ئەوانەی بەرامبەر بە پارتی گوتیان قبوڵ ناکەین نەمبینی هیچیان پێ بکرێ

**ڕووداو: یەکێتی وەزارەتەکانی گۆڕان وەردەگرێ؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** دەبێ ئەو پۆستانە بەڕێوەبەرن، ناکرێ بوەستێنرێ، ئەگەر یەکێتیش وەرینەگرێ دەبێ هەر بەڕێوەی ببەن تاوەکو کارەکە بڕوات، نابێ کارەکە پەکی بکەوێ، ژیانیش ناوەستێ.

**ڕووداو: یەکێتییەکان دەڵێن پارتی لە هەولێر مافی ئێمە دەخوات، وایە؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** بەڕاستیش وایە و قاعیدەی یەکێتی هەست بە زوڵم دەکات، بەڵام هەموو شتێکمان بە قوربانی خزمەتکردنی پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان کردووە.

**ڕووداو: محەممەد حەکیم، کارگێڕی ئەنجوومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان گوتی، نەوشیروان مستەفا پێ لە ئەرز بدات 20 هەزار چەکدار کۆدەکاتەوە، دەتوانێ؟**

**ڕێباز بێرکۆتی:** پێمانخۆشە، لەبەر ئەوەی بۆشاییمان هەیە لەو 1100 کیلۆمەترەی شەڕ لەگەڵ داعش. ئەوە ڕای کاک محەممەدە، چونکە هێز تەنیا لای یەکێتی و پارتییە، هەر بەو هێزەش کوردستانیان پاراستووە و خاوەنی بڕیارن، هەر کەسێک تێکیبدات لێی قبووڵ ناکەین.

## "دۆخەکە بە پەرلەمان ئاسایی ناکرێتەوە"



**ڕووداو- هەولێر**

سۆران عومەر، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەوان وەک پەرلەمانتار بۆ چاککردنی دۆخە سیاسییەکان هیچ دەسەڵاتێکیان نەماوە و کاری لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستانیش بەواژۆی جەعفەر ئیبراهیم، جگێری سەرۆکی پەرلەمان بەڕێوەدەچن. سۆران عومەر پێیوایە هەوڵدان بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە دەسەڵاتی پەرلەمانتاراندا نەماوە. ئەو گوتیشی "سیاسییەکان دۆخەکەیان بەم قۆناخە گەیاندووە، دەبێت ئەوانیش چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، چونکە ئەوان پەرلەمانیان ئیفلیج کردووە".

# پەرلەمانتارانی پارتی بەسەر فەرشە سوورەکەی سەرۆکدا ناڕۆن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

د.یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە نووسینگەی پەرلەمان لە شاری سلێمانی کارەکانی ڕادەپەڕێنێ و واژووی نووسراوەکان دەکات. ڕۆژانەش پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکان جگە لە پەرلەمانتارانی پارتی، سەردانی نووسینگەکە دەکەن.

دوای خۆپێشاندانەکانی ئەمدواییەی سلێمانی کە پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕانی تۆمەتبار کرد بەوەی لە پشت هاندانی خەڵکە، ڕۆژی 2015/10/12 ڕێگە بە د.یوسف محەممەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان نەدرا لە شاری سلێمانییەوە بگەڕێتەوە شاری هەولێر، لەو ڕۆژەوە لە نووسینگەی سلێمانی دەوام دەکات.

### فەرشی سوور ڕاخراوە

نووسینگەی سلێمانیی پەرلەمانی کوردستان لە خانوویەکدایە کە نزیکەی 250 مەترە و لە دوو نهۆم و ژێرزەمینێک پێکهاتووە، نهۆمی یەکەمی بۆ بەرپرسی نووسینگە و پەرلەمانتاران و و بەڕێوەبەری کارگێڕی تەرخان کراوە و نهۆمی دووەمیشی کتێبخانە و بەشی ڕاگەیاندن و هەندێک کاری دیکەی کارگێڕی تێدا دەکرێت، بەشی ژێرزەمینەکەش تایبەتە بە پاسەوانانی نووسینگەکە.

ئەو نووسینگەیە لە گەڕەکی ئاشتییە کە لەنێو خەڵکی سلێمانی بە "گەڕەکی فیرعەونەکان" ناسراوە بەهۆی ئەوەی زۆربەی دانیشتووانەکەی دەوڵەمەندن.

لەوەتەی سەرۆکی پەرلەمان لەو نووسینگەیە دەوام دەکات، فەرشێکی سوور بە درێژیی 10 مەتر لە دەرگای سەرەکییەوە تاوەکو ڕاڕەوی نهۆمی یەکەمی نووسینگەکە ڕاخراوە، وەک ئاماژەیەک بۆ ئامادەیی سەرۆکی پەرلەمان بۆ پێشوازی لە میوانەکانی. شوێنی پێشوازیکردنی سەرۆکی پەرلەمانیش لە میوانەکانی لەو ژوورەیە کە پێشتر بەرپرسی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمان و پەرلەمانتارەکان بۆ پێشوازیکردن لە میوانان لێی دادەنیشتن.

لە کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا بۆ (ڕووداو)، هەرچەندە ڕۆژی پشووی فەرمی بوو بەبۆنەی یادی عاشوراوە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان و ستافەکەی و ژمارەیەک پەرلەمانتار لە نووسینگە بوون و پێشوازییان لەمیوانان دەکرد.

> **پەرلەمانتارێکی پارتی:**
> نووسینگەکە بووەتە بەشێک لە گردەکە

> **پەرلەمانتارێکی گۆڕان:**
> پارتییەکان پێشتریش بە کەمی سەردانی نووسینگەکەیان دەکرد

### 6 سەعات دەوام دەکات

کامەران سوبحان، سکرتێری ڕۆژنامەوانیی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە ئێستا لە نووسینگەی سلێمانی دەوام دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت، سەرۆکی پەرلەمان ڕۆژانە هاوشێوەی کارکردنی لە شاری هەولێر لە کاژێر 9ی بەیانی تاوەکو نزیکەی 3ی پاشنیوەڕۆ دەوام دەکات و هاووڵاتیان و میوانەکان دەبینێت.

کامەران گوتیشی کە بەشێک لە ستافەکەی سەرۆکی پەرلەمان لێرە دەوام دەکەن، لەوانەش تیمی ڕۆژنامەوانی و سکرتێرێکی تایبەتی. هەروەها سکرتێرێک و بەڕێوەبەری نووسینگەکەشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە هەولێر دەوام دەکەن.

ناوبراو ڕاخستنی فەرشە سوورەکەی وەک بەشێک لە ئەتەکێت و پرۆتۆکۆڵ بۆ ئامادەیی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە نووسینگە گەڕاندەوە و گوتی "ژوورەکەش لەڕووی دیزاینەوە گۆڕانکاریمان تێدا کردووە".

لەو کاتەوەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکان کۆدەبێتەوە، لە زۆربەی هەواڵەکاندا فەخرەدین قادر سکرتێری پەرلەمانیش دەبینرێت، لە کاتی سەردانی (ڕووداو)یش بۆ نووسینگەی سلێمانی، ئەو لەوێ بوو. کامەران سوبحان گوتی "زۆربەی ڕۆژەکان سکرتێری پەرلەمان لە نووسینگە دەوام دەکات".

سەبارەت بە خەرجی ڕۆژانەی نووسینگەکەش، کامەران گوتی "لەو کاتەوەی لە نووسینگەی سلێمانی دەوام دەکەین، سەرۆکی پەرلەمان دینارێکی لە نووسینگەی سلێمانی خەرج نەکردووە، بەڵکو خەرجییەکە لە بودجەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانە، بەڵام وەکو سەرۆکی پەرلەمان واژووی نووسراو دەکات".



### تەنیا پارتییەکان لەوێ نین

پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری پارێزگای سلێمانی سێ پەرلەمانتاری هەیە، ئەوانیش ئاری هەرسین، حەیات مەجید و شیلان جەعفەرن.

شێرکۆ حەمەئەمین، بەرپرسی نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی کە لە فراکسیۆنی گۆڕانە، بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژانە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکان سەردانی نووسینگە دەکەن، بەڵام بۆ پەرلەمانتارانی پارتی ئەوەندەی زانیاریمان هەبێت ئەوان ماڵیان لە هەولێرە. پێش ڕووداوەکەی 2015/10/12 کەمتر دەهاتنە نووسینگە، دوای ئەو ڕووداوەش نەهاتوون".

### "بەشێکە لە گردەکە"

حەیات مەجید پەرخی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی کە خەڵکی سلێمانییە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئامادە نییە سەردانی نووسینگەکە بکات.

پەرخی گوتی "هەفتەی پێشوو لە سلێمانی بووم، بەڵام نەچوومە نووسینگە، لەبەرئەوەی کراوەتە بەشێک لە گردی زەرگەتە و زۆربەی هەڵسوڕاوەکانی گۆڕان بۆ دڵنەوایی یوسف محەممەد سەرۆکی پێشووی پەرلەمان سەردانی ئەوێ دەکەن". ئەو پەرلەمانتارەی پارتی گوتیشی "بەلای ئێمەوە یوسف محەممەد لەدوای 23ی حوزەیرانەوە، سەرۆکی پەرلەمان نییە".

بەڵام بەلای سۆران عومەر، پەرلەمانتاری کۆمەڵ، د.یوسف سەرۆکی پەرلەمانە و دەڵێت "د.یوسف محەممەد سەرۆکی شەرعی هەڵبژێردراوی زوڵملێکراوی ڕێگریلێکراوی پەرلەمانی کوردستانە".

# پارێزگاری سلێمانی بۆ نەوت دەچێتە بەغدا



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

بۆ دابینکردنی نەوت بۆ دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی و تاوتوێکردنی بەشە بودجەی سلێمانی لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، وا بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا د.ئاسۆ فەرەیدوون، پارێزگاری سلێمانی سەردانی بەغدا بکات.

دوو هەفتە لەمەوبەر، ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا، د.ئاسۆ فەرەیدوونی سەرپشک کرد بۆ چۆنیەتی دابینکردنی نەوتی ئەمساڵی دانیشتووانی پارێزگاکە. چونکە بەپێی پێشبینییەکانی بەڕێوەبەرایەتی سووتەمەنی سلێمانی، ئەمساڵ دەتوانن تەنیا یەک بەرمیل نەوت دابین بکەن، لە کاتێکدا ساڵانی ڕابردوو سێ بەرمیل بۆ هەر ماڵێک دابین کراوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، وا بڕیارە هەفتەی داهاتوو د.ئاسۆ فەرەیدوون سەردانی بەغدا بکات و لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق بۆ دابینکردنی نەوتی ماڵان کۆببێتەوە. ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "تا ئێستا وا بڕیارە پارێزگار هەر خۆی بڕوات و شاندی دیکە یاوەری نەکەن".

بودجەی ئەمساڵی پارێزگای سلێمانی لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دابین دەکرێت، تەنیا 9 ملیار دینار بووە، لەکاتێکدا بە گوتەی ئەو سەرچاوەیەی ئەنجوومەنی پارێزگا دەبوو 17 ملیار دینار بێت، بۆیە لەو سەردانەی پارێزگاردا تاوتوێی ئەو بەشەی دیکەی بودجەی ئەمساڵی پارێزگاکانیش دەکرێت، لەگەڵ باسکردنی بەشە بودجەی پەرەپێدانی ساڵی داهاتووی سلێمانی.

سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی پارێزگاری سلێمانی بۆ بەغدا لە کاتێکدایە کە ماوەی نزیکەی ساڵ و نیوێکە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق بەهۆی بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراقەوە، گرژی تێکەوتووە.

سەرچاوەکەی (ڕووداو) جەختیکردەوە کە ئەو سەردانەی پارێزگاری سلێمانی لەڕووی "سیاسی"یەوە ئاساییە و گوتی "ڕاستە ئێستا پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەولێر و بەغدا گرژیی تێکەوتووە، بەڵام ئێمە تائێستاش لەچوارچێوەی عێراقدا دەژین و بڕیار وایە شاندێکی حکومەتی هەرێمیش سەردانی بەغدا بکەن، بۆیە ئەو سەردانەی پارێزگار ئاساییە".

ئەنوەر شەهید تاهیر، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی مەبەستێکی دیکەی سەردانەکەی پارێزگاری سلێمانی ئاشکرا کرد و گوتی "ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین مەبەستێکی سەردانەکەی پارێزگار بۆ گفتوگۆکردنە لەگەڵ وەزارەتی نەوت بۆ دابینکردنی نەوتی ماڵان، چونکە ئەمساڵ پاڵاوگەی بازیان توانای دابینکردنی دوو تاوەکو سێ بەرمیل نەوتی نییە، مەبەستێکی دیکەش کەمیی دەرمانە بۆ پارێزگای سلێمانی".

بەڵام ئەکرەم شەریف، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بێئاگایی خۆی لەو سەردانەی د.ئاسۆ فەرەیدوون بۆ بەغدا نیشاندا و بە (ڕووداو)ی گوت "زانیاریم لەسەر سەفەری د.ئاسۆ فەرەیدوون بۆ بەغدا نییە"، بەڵام گوتی "لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگادا پارێزگاریان سەرپشک کرد لە دابینکردنی نەوت بۆ هاووڵاتیانی پارێزگای سلێمانی "لەلای ئێمەوە پارێزگار دەستکراوەیە لە هەر شوێنێک نەوت بۆ هاووڵاتیان دابین دەکات، ئیدی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان یان عێراق یان ئێرانەوە بێت".

عەبدولقادر محەممەد، پەرلەمانتاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بێئاگایی خۆی نیشاندا لە سەردانی پارێزگاری سلێمانی بۆ شاری بەغدا و گوتی "ئێمە ئاگادار نین".

سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی پارێزگاری سلێمانی بۆ شاری بەغدا بە یەکەمین سەردانی پارێزگار دادەنرێت دوای دەستبەکاربوونی لە 2015/1/5 وەک پارێزگاری سلێمانی.

# ئەوقاف و دارایی پەکیان کەوتووە و پێشمەرگە کێشەی نییە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەرێکی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێت بەهۆی دەوامنەکردنی وەزیری ئەوقافەوە کاروباری هاووڵاتیان لەو وەزارەتە پەکی کەوتووە، بەڵام ئەندامێکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت سەرەڕای نەبوونی وەزیر لە وەزارەتدا، کاروباری وەزارەتی پێشمەرگە بەبێ کێشە بەڕێوەدەچێ.

دوای خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی سلێمانی کە کوژرانی پێنج کەس و سووتاندنی چەند بارەگایەکی پارتی لێکەوتەوە، شەوی 11ی ئەم مانگە کەریم شنگالی وەزیری ناوخۆ کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، پەیوەندی بە مستەفا سەید قادر، وەزیری پێشمەرگە و بەرپرسی تیمی وەزیرەکانی گۆڕانەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و پێی دەڵێ "بڕیاری مەکتەبی سیاسی پارتی ئەوەیە کە جارێ ناکرێ وەزیرەکانی گۆڕان دەوام بکەن و سەردانی هەولێر بکەن".

بزووتنەوەی گۆڕان چوار وەزیری لەو حکومەتدا هەیە کە بریتین لە: وەزیری پێشمەرگە، وەزیری دارایی و ئابووری، وەزیری ئەوقاف و وەزیری بازرگانی و پیشەسازی لەگەڵ سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، بەڵام هەر پێنجیان لە ڕۆژی 2015/10/12وە نێردراونەتەوە ماڵەوە.

دوای تێپەڕبوونی 15 ڕۆژ بەسەر دوورخستنەوەی وەزیرەکانی گۆڕان، تاوەکو ئێستا هیچ وەزیرێک لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەیەوە بۆ پڕکردنەوەی وەزیرەکانی گۆڕان دانەنراوە و بەوهۆیەشەوە کاروباری ئەو وەزارەتانە پەکیان کەوتووە.

کاردۆ محەممەد، هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ: "نەک ئیشوکاری چوار وەزارەت، بەڵکو تەواوی پرۆسەی سیاسی و دامەزراوە شەرعییەکان لە هەرێمی کوردستان پەکیان کەوتووە، بۆیە دەبێت دۆخەکە بۆ پێش 12ی مانگ ئاسایی بکرێتەوە، ئینجا قسە لەسەر پرەنسیپێک بکرێت کە ئەم کودەتایانە دووبارە نەبنەوە".

پێشتر سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندبوو" وەزیرەکانی ئێستای کابینەی هەشتەم بەشێوەیەکی کاتی دەچنە جێگای وەزیرەکانی گۆڕان". بەڵام هەریەک لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی بە فەرمی ڕایانگەیاند کە وەزیرەکانی ئەوان پۆستەکانی بزووتنەوەی گۆڕان پڕناکەنەوە. ئێستا تەنیا وەزیرەکانی پارتی و تورکمان لە ئەنجوومەنی وەزیران ماون بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکاری وەزارەتەکانی گۆڕان.

### کارگوزاری گۆڕانیش نەماون

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی وەزارەتی ئەوقاف بە (ڕووداو)ی گوت "ئامادەنەبوونی وەزیری ئەوقاف زۆربەی ئیشوکارەکانی وەزارەتی پەکخستووە، چونکە زۆربەی ئیشەکان لە دەسەڵاتی وەزیردان، بۆیە ئێستا تەنیا ئیشوکاری بەڕێوەبەرایەتییەکان دەڕوات، ئەگەرنا 15 ڕۆژە هیچ فەرمانێکی وەزاری دەرنەکراوە، خەریکە تووشی مەلەل دەبین، ڕۆژانە لە دەوام خەرجی زۆر دەکرێت و ئیشوکاری هاووڵاتیانیش ناڕوات، ئێمەش بەبێ ئیش دانیشتووین".

سەبارەت بە دەوامکردنی ئەندامانی گۆڕان لە وەزارەتی ئەوقافدا، مەریوان دەڵێت "هەر لە جەنابی وەزیرەوە کە گۆڕانە تاوەکو خزمەتگوزارێکی گۆڕان دەوام ناکەن، دەبوو لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پلانی ساڵانەی وەزارەت دابڕێژین و خۆمان بۆ وەرزی عەمرە ئامادە بکەین، بەڵام ئەو بارودۆخە ئیشوکارەکانی ئێمەی پەکخستووە، چونکە وەزارەتەکەی ئێمە فەرمانبەری زۆرە، کارەکانیشمان زیاتر پەیوەندی بە مامۆستایانی ئاینییەوە هەیە، چ لە مۆڵەتی خوێندن یاخود گواستنەوە".

### وەزارەتی دارایی موراجیعی نییە

یاسین نەریمان، ڕاوێژکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆمەڵێک دەسەڵات هەیە بەپێی یاسا تەنیا وەزیر دەتوانێت بەکاری بهێنێ، بەشێک لەو دەسەڵاتانەش لە ڕووی دەرکردنی فەرمانی وەزاری کە پەیوەندی بە هاووڵاتیانەوە هەیە ڕاوەستاوە، بە تایبەتی گەڕاندنەوەی قەرز و پارەی بەڵێندەران و زیادکردنی سەرمووچە و بەرزکردنەوەی پلە، بۆیە ئێستا کەمترین موراجع سەردانی وەزارەت دەکەن". گوتیشی "ئێستا تەنیا ئیشوکاری بەڕێوەبەرایەتییەکان دەڕوات".

### وەزارەتی پێشمەرگە کێشەی نییە

ئاری هەرسین، سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە ئیشوکارەکانی وەزارەتی پێشمەرگە گوتی "وەزارەتی پێشمەرگە کێشە و گرفتی نییە و ئیشوکارەکانی وەکو خۆی بەڕێوەدەچێت، چونکە هەرێمی کوردستان لە حاڵەتی شەڕ و نائاساییدایە و مەنتیق نییە کارەکانی وەزارەتێکی گرنگ و هەستیار ڕابوەستێ".

## محەممەد حاجی، ڕێکخەری ژووری پەیوەندیە سیاسیەکانی گۆڕان بۆ (ڕووداو):

# بێ کاک نەوشیروانیمان پێوە دیارە

محەممەد حاجی، ڕێکخەری ژووری پەیوەندییە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت ئێستا لە هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخی سیاسی کوردستانداین و ئاماژە بە چەند هەوڵێکی نێوەندگیری دەکات لە نێوان گۆڕان و پارتی، لەوانەش لایەنە عێراقییەکان. سەبارەت بە سەفەری نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی گۆڕانیش بۆ دەرەوەی وڵات و کاریگەریی لەسەر ئیش و کارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، محەممەد حاجی دەڵێت "بێ کاک نەوشیروانیمان پێوە دیارە".

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو - سلێمانی



هەڵوێستی ئێستای پارتی جیاوازە

دۆخی ئێستا پێویستی بە هێورکردنەوەیە

**ڕووداو: لەگەڵ دەرکردنی وەزیرەکانتان لە حکومەت و ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ شاری هەولێر، ماوەی دوو هەفتەیە بێدەنگیتان هەڵبژاردووە و هەڵسوڕاوانیشتان پێیانوایە ئەو بێدەنگییە ئەنجامی باشی دەبێت، ئەو ئەنجامە باشە چییە؟**

**محەممەد حاجی:** ئێمە پێمانوایە ئەنجامی باش ئەوەیە کە ئەو بارودۆخە بە خێر بۆ خەڵکی کوردستان بگەڕێتەوە، چونکە هەمووان دەزانین بارگرژی و قەیران، زیانی گەورەی بۆ خەڵکی کوردستان بەدواوەیە. ئێمە بێدەنگ نەبووین و بێدەنگیش نەکراوە لەو کارانەی بەرامبەر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و وەزیرەکانمان کراون و قسەی خۆمان کردووە. وەکو جڤات ڕاگەیەندراومان بڵاوکردووەتەوە و فراکسیۆنەکەشمان بەیاننامەی هەبووە، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە هێورکردنەوەی بارودۆخەکەیە بە تایبەتیش لە ڕاگەیاندنەکانمان، چونکە پێمانوایە بۆ دۆخی ئێستا و بۆ دروستبوونەوەی بارودۆخێکی هێمن و ئارام و دروستکردنەوەی متمانە ئەو هێورکردنەوەیە پێویستە.

**ڕووداو: پێتانوایە ئەم قۆناغە بە سەرکەوتوویی تێدەپەڕێنن؟**

**محەممەد حاجی:** لە شەش ساڵی ڕابردوودا و لە قۆناغی ئۆپۆزیسیۆنبووندا تووشی زۆر

دەتوانین هەشت ساڵی دیکەش ئۆپۆزیسیۆن بین

قۆناغی سەخت بووین و بە سەرکەوتووانەش تێمانپەڕاند و پێمانوایە ئەم قۆناغەش بە سەرکەوتوویی تێدەپەڕێنین، سەرکەوتنی خۆیشمان لە سەرکەوتنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و پرۆسەی چاکسازیدا دەبینینەوە.

**ڕووداو: فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی "لەگەڵ گۆڕان برا نین، بەڵام دەتوانین شەریک بین"، تێڕوانینتان بۆ ئەو قسەیە چییە، بۆچی لەو دوو ساڵە نەتانتوانی شەریک بن؟**

**محەممەد حاجی:** لەڕاستیدا ئێمە لە سەرەتاوە کە ڕازی بووین بۆ چوونە نێو حکومەت لەسەر بنەمای شەراکەت چووین و پێمانوابوو ئەو شەراکەتە بریتی دەبێت لە پشکمان لە پۆستەکاندا، کە بەداخەوە هەتا ئێستاش بەشی زۆری پۆستەکانمان وەرنەگرتووە، پاشانیش پێمانوابوو شەریک دەبین لە بڕیاری سیاسی و جێبەجێکردنی چاکسازی، بەڵام خۆ ئەوەش بەلایەک ناکرێت، ئێمە جددی بووین لەو شەراکەتە، لایەنی بەرامبەر کە بەشێک دەکەوێتە سەرشانی، بنەمای شەراکەتیان جێبەجێ نەکرد، بەڵام ئەمەش کۆتایی دنیا نییە و لە هەر کاتێکدا ئەگەر جددیەت لە هەموو لایەکەوە بۆ شەراکەت هەبێت، بەڵێ دەکرێت شەریک بین، چونکە برایەتی لە سیاسەتدا نییە، بەڵام شەراکەت هەیە، بۆیە ئێمەش هەموومان وەکو چۆن شەریکین لەم وڵاتەدا، ئەگەر جددیش بین، ئەوا دەبینە شەریکی ڕاستەقینە.

**ڕووداو: ئەو قسەیەی میرانی وەکو نەرمی نواندنی پارتی نابینن؟**

**محەممەد حاجی:** بێگومان هەڵوێستی ئێستای پارتی و ڕاگەیاندنەکانیان بەراورد بە ماوەی ڕابردوو جیاوازی هەیە و ئەوەش حاڵەتێکی ئاساییە. دیارە لە هەموو لایەنەکانەوە هەوڵێک بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە هەیە و ئەوانیش لەسەر بنچینەی ئەوە دەستیان بە هێورکردنەوە کردووە و کارێکی باشیشە، چونکە هێورکردنەوە ڕێگە بۆ دانوستاندن خۆش دەکات.

**ڕووداو: نێوەندگیرییەکان یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتووی تێدایە؟**

**محەممەد حاجی:** تاوەکو ئێستا نازانم ئەگەر پرۆژەیان بۆ نێوەندگیری هەبێت، بەڵام ئەوان خۆیان بە خەمخۆر دەزانن و جددین لە هێورکردنەوە و دۆزینەوەی چارەسەر.

**ڕووداو: دەگوترێ لایەنە عێراقییەکانیش هەوڵیان بۆ نێوەندگیری داوە؟**

**محەممەد حاجی:** بەڵێ ئەوانیش پەیوەندییان بە هەردوولا و لایەنەکانی دیکەشەوە کردووە.

**ڕووداو: دیارترینیان چ سەرکردە و لایەنێکن؟**

**محەممەد حاجی:** تائێستا بەڕوونی نازانین، چونکە هیچ پرۆژەیەک ڕانەگەیەندراوە، بەڵام ئەوەندەی زانیومانە هەوڵێک بۆ نێوەندگیری هەیە.

**ڕووداو: باس لە گوشاری نێودەوڵەتی بۆ سەر پارتی دەکرێت بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

**محەممەد حاجی:** ئەمەریکی و بەریتانییەکان ڕۆڵیان هەیە، بەتایبەتیش ئەمەریکییەکان خۆیان بە شەریکێکی ڕاستەقینە لە پرۆسەی سیاسی کوردستان و عێراق دەزانن، سەردانی گۆڕان و لایەنەکانی دیکەشیان کردووە بۆ چارەسەر.

**ڕووداو: لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا جۆن کێربی گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە وەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا ڕایگەیاند کە ئەوان تاوەکو ئێستا بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەناسن، ڕای ئێوە چییە؟**

**محەممەد حاجی:** ئەوە ڕای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە و دەکرێت لە خۆیان بپرسن، ئێمە هیچ ڕایەکمان لەسەر ئەو قسەیە نییە.

**ڕووداو: محەممەد حەکیم ئەندامی ئەنجوومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لە چاوپێکەوتنێکی بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆ)**

لایەنە عێراقییەکان خەریکی نێوەندگیرین

**گوتی "گۆڕان بێ هێزی چەکدار نییە و ئەگەر نەوشیروان مستەفا پێ لە ئەرز بدات 20 هەزار چەکدار ئامادە دەبێت". ئەو قسەیە ڕاستە؟**

**محەممەد حاجی:** ناتوانم وەکو ژمارە قسە بکەم، بەڵام کاک نەوشیروان سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازیی بەناوبانگە و خەباتی زۆری کردووە و هەزاران پێشمەرگە متمانەیان پێیەتی و پشتیوانی دەکەن، هیوادارم ڕۆژێک لە ڕۆژان کاک نەوشیروان و گۆڕانیش پێویستیان بە هێزی چەکدار نەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، چونکە ئێمە پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان بە هی خۆمان دەزانین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی هەرێمی کوردستان، گۆڕان و کاک نەوشیروانیش قەت لەگەڵ ئەوەدا نەبوون هێزی چەکدارمان هەبێت.

کاک نەوشیروان و گۆڕانیش لەگەڵ هێزی چەکدار نەبوون

**ڕووداو: پارتی دەڵێن لە دوا کۆبوونەوەی پێنج قۆڵیدا 80%ی داواکارییەکانی چوار لایەنەکەمان قبوڵ کرد، بەڵام گۆڕان نەیهێشت ڕێکبکەوین، ئەو قسەیە ڕاستە؟**

**محەممەد حاجی:** ئاخر چییان قبوڵ کردبوو، چوار لایەنەکە دوو پێشنیازیان دابووە پارتی ئەوانیش هەڵبژاردنی سەرۆک لە پەرلەمان بەدەسەڵاتەوە و هەڵبژاردنی سەرۆک لەنێو خەڵک بە دەسەڵاتی کەمتر یاخود بە دەسەڵاتی پرۆتۆکۆڵییەوە، پارتی بژارەی "هەڵبژاردنی سەرۆکی لە نێو خەڵک و بەدەسەڵاتەوە" هەڵبژاردبوو واتە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەم حاڵەتەی ئێستای نزیک بوو کە ئێمە پێمانوایە ئەوە حاڵەتێکی تەندروست نییە بۆ بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە ئەوان لە دوو بژارەکەی چوار لایەنەکە تێکەڵەیەکیان دروستکردبوو کە لەگەڵ دوو بژارەی چوار لایەنەکە یەکی نەدەگرتەوە.

**ڕووداو: پێشتریش داوا دەکرا گۆڕان ببێتەوە ئۆپۆزسیۆن، نیازی لەو شێوەیەتان هەیە؟**

**محەممەد حاجی:** چوونی گۆڕان بۆ نێو حکومەت بۆ ئەوە بوو کە لەو چوار ساڵەدا لەگەڵ لایەنەکان لەسەر پرۆژەیەکی چاکسازی ڕێککەوتین و بەنیازی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بووین، بەڵام نایشارینەوە کە پرۆژەی چاکسازی کاری لەسەر نەکرا، بەرکەوتەکانی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووش زۆر بە کەمی دراون، بۆیە بەو شێوەیەی خۆمان بۆ ئامادە کردبوو وا دەرنەچوو، بەڵام ئێمە چوار ساڵ ئۆپۆزیسیۆن بووین، پشووی ئەوەمان هەیە چوار ساڵ و هەشت ساڵی دیکەش ئۆپۆزیسیۆن بین.

**ڕووداو: پێتانوایە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بەرگەی ئۆپۆزیسیۆنبوون دەگرێت؟**

**محەممەد حاجی:** سروشتی پرۆسە سیاسییەکە دەزانێت، چونکە زۆر وڵات هەیە لە جەنگدا بووە و ئۆپۆزیسیۆنیشی هەبووە، بۆ نموونە ئیسرائیل شەڕی بەردەوامی لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکان هەیە، بەڵام پرۆسەی سیاسی بەردەوامە و ئۆپۆزیسیۆنیش هەیە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنەکان کە چۆن تەقەبولی یەکدی دەکەن، هیواداریین ئێستاش ئەگەر دەرچەیەک هەبێت، بۆ پرۆژەی چاکسازی بگەڕێینەوە.

**ڕووداو: هەست دەکەن کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان کەڵکیان ماوە؟**

**محەممەد حاجی:** دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکان دەگەڕێتەوە سەر هێوربوونەوەی بارودۆخەکە و گەیشتن بەو باوەڕەی کە ئەو کۆبوونەوانە دەتوانن ببنە ڕێگەچارە بۆ ئەو قەیرانانەی هەیە، بەتایبەتیش سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، چونکە پرسی سەرۆکایەتی پرسە سەرەکییەکە بوو، بەڵام دواتر قەیرانی دیکەی بەدوادا هات کە ئێستا ئاڵۆز بووە. دوای هێوربوونەوەی بارودۆخەکە و گەڕانەوە بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن ئەو کاتە بزانین ئاخۆ کۆبوونەوەی پێج قۆڵی یاخود شێوازی دیکە دەدۆزرێتەوە بۆ کۆبوونەوە، بۆیە جارێ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکان دیار نییە.

**ڕووداو: نەوشیروان مستەفا لە دەرەوەی وڵاتە بۆ چارەسەر، تەندروستی چۆنە؟**

**محەممەد حاجی:** ئەوەندەی زانیاریم هەبێت تەندروستی باشە و لە ماوەی داهاتوودا دەگەڕێتەوە.

**ڕووداو: نازانن کەی دەگەڕێتەوە؟**

**محەممەد حاجی:** تائێستا وادەکەی نادیارە.

**ڕووداو: ئەوە هیچ بۆشاییەکی لە بڕیارەکانی بزووتنەوەی گۆڕاندا دروست نەکردووە؟**

**محەممەد حاجی:** بەدڵنیاییەوە کاک نەوشیروان بۆ بزووتنەوەی گۆڕان زۆر پێویستە و کاریزمایی کاک نەوشیروان تاڕادەیەکی ئێجگار زۆر هێز و توانایی گۆڕانە و هیواداریین لە کاتێکی زوودا بگەڕێتەوە، چونکە لەڕاستیدا نەک هەر گۆڕان، بەڵکو بارودۆخی سیاسی کوردستانیش پێویستی بە کاک نەوشیروانە. بەدڵنیاییەوە بێ کاک نەوشیروانیمان پێوە دیارە، بەڵام توانراوە ئیشەکانیش بە باشی

دەتوانین بێ کاک نەوشیروان و بارزانیش لەگەڵ پارتی کۆببینەوە

بکرێن و لەخۆبردووانە کارمان کردووە و هیواداریین تەندروستی باش بێت و لە زووترین کاتدا بگەڕێتەوە.

**ڕووداو: ئەگەر بگونجێت بەلاتانەوە ئاساییە کۆبوونەوەی دوو قۆڵی لەگەڵ پارتیدا بکەن؟**

**محەممەد حاجی:** لەڕابردوودا لەگەڵ پارتی زۆرجار کۆبوونەوەی دوو قۆڵیمان کردووە و ئێستاش شەڕە گوللەمان نەکردووە، بەڵکو قەیرانێک دروستبووە و هەردوولا نیگەرانین و ئەو نیگەرانیەش گرژی لێ دروستبووە، ئێستاش پێمانوایە بارودۆخەکە پێویستی بەهێوربوونەوەیە و بۆ داهاتووش ئێمە و پارتی دوو هێزی سەرەکین و پێویست دەکات دانیشتن و لێک تێگەیشتنیش بکەین بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان ڕاستەڕێ بێت و بەرەوپێش بڕوات.

**ڕووداو: پێتانوایە بەبێ ئامادەبوونی نەوشیروان مستەفا و بارزانی، بتوانن کۆببنەوە؟**

**محەممەد حاجی:** کۆبوونەوە جۆری هەیە، ئەگەر بۆ دانوستاندن و گفتوگۆ بێت ئاساییە بەبێ ئامادەبوونی ئەوانیش بێت، بەڵام هەموومان دەزانین کەسانی یەکەمی هەردوولا کاریگەریی زیاتریان هەیە و ئەگەر کارەکە بگاتە ئەوەی ئەو دوو بەڕێزە یەکدی ببینن و قسە بکەن، دڵنیام لەوەی ئەگەر شتێک بێت لە بەرژەوەندی گشتی بێت و پێویست بە ئەوان بکات، بڕوا ناکەم ئەو ڕۆحیەتە بەرزەیان نەبێت کە لەگەڵ یەکدی دانەنیشن، وەک چۆن لەڕابردووشدا چەندینجار دانیشتوون و لێک

ڕای خراپمان لەسەر یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو نییە

تێگەیشتن لەنێوانیاندا هەبووە و چارەسەری کێشەیان کردووە.

**ڕووداو: چۆن لە هەڵوێستی یەکێتی دەڕوانن، چاوەڕوانتان نەدەکرد هەڵوێستێکی ڕاشکاوانەتریان هەبێت؟**

**محەممەد حاجی:** هیچ ڕەخنەمان لە هەڵوێستیان نییە و پرۆژەی هاوبەشمان هەبووە، ئێستاش هیچ ڕایەکی خراپمان لەسەر هەڵوێستی یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو نییە.

## دەمیرتاش پێشنیازێک بۆ داودئۆغڵو دەکات

**ڕووداو- ئەنقەرە**

سەلاحەددین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان، لە وەڵامی سەرۆکی ئاکپارتیدا کە ڕایگەیاندبوو کچ بۆ کوڕە گەنجەکان دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی خێزان پێکەوە بنێن، گوتی: "دەست لە سیاسەت هەڵگرە و بڕۆ کوڕ و کچەکان بە یەک بگەیێنە، دڵنیابە ئەمە خێری زیاتری تێدایە". لە چوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا لە پارێزگای موش، سەلاحەددین دەمیرتاش وەڵامی داودئۆغڵوی دایەوە کە گوتی "پێشنیارێکی بچووکم هەیە بۆی. دەست لە سیاسەت هەڵگرە، بڕۆ بۆ بەرنامەی هاوسەرگیری کە لە تەلەڤزیۆن پێشکەش دەکرێت. دڵنیابە زیاتر سەرکەوتوو دەبیت، خێری زۆرتریش دەست دەکەوێت".



ڕووداو کوردستانی
ژمارە (380) دووشەممە 2015/10/26

### بەپێی ڕاپرسییەکانی تورکیا:

# هەدەپە پێش مەهەپە دەکەوێت و دەنگی جەهەپەش هەڵدەکشێ

## ئەنجامی چەند ڕاپرسییەک لە 6/8 تاوەکو 10/15

| ئەوانی دیکە | HDP | MHP | CHP | AKP | ژمارەی بەشداربووان | کاتی ڕاپرسی | دەزگاکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3.9 | 13.1 | 15.2 | 27.3 | 40.5 | 3.000 | 10/15-8 | Sonar |
| 3.6 | 12.3 | 14.8 | 25.4 | 43.9 | 5.184 | 10/7-3 | Pollmark |
| 1.9 | 13.0 | 16.3 | 26.3 | 42.5 | 2.526 | 10/7-4 | Metropoll |
| 2.2 | 13.6 | 15.8 | 27.6 | 40.8 | 4.864 | 10/4-3 | Gezici |
| 2.4 | 13.9 | 15.4 | 26.9 | 41.4 | 4.144 | 10/9-5 | Samar |
| 3.0 | 12.1 | 15.2 | 27.1 | 42.6 | 1.764 | 10/6-3 | Andy-AR |
| 3.95 | 12.9 | 14.60 | 26.40 | 42.95 | 3.041 | 10/1 – 9/28 | TUSAR |
| 2.4 | 12.3 | 17.3 | 28.2 | 39.8 | 4.860 | 9/27-26 | Gezici |
| 4.91 | 12.31 | 17.91 | 25.97 | 38.90 | 2.424 | 9/24-17 | LRC |
| 6 .4 | 11.5 | 14.5 | 26.67 | 43.72 | 5.500 | 9/23-19 | MAK |
| 4.9 | 12.3 | 16.4 | 24.8 | 41.7 | ------ | 9/30 | Konda |
| 3.0 | 11.8 | 12.9 | 27.6 | 44.7 | 3.000 | 9/21-19 | Ada |
| 4.34 | 14.58 | 14.46 | 27.74 | 38.88 | 1.214 | 9/23 | Akam |
| 3.9 | 12.5 | 14.0 | 25.4 | 44.2 | 157.907 | 9/13 – 8/27 | ANAR-Denge-GENAR-Pollmark |
| 2.3 | 13.5 | 16.8 | 28.1 | 39.3 | 5.000 | 9/13-12 | Gezici |
| 2.7 | 12.6 | 13.8 | 27.6 | 43.3 | 1.500 | 9/13-5 | Konsensus |
| 3.8 | 11.0 | 13.4 | 27.8 | 44.0 | 2.760 | 9/15-12 | ORC |
| 1.9 | 13.7 | 18.2 | 28.0 | 38.2 | --- | 9/13-5 | Sonar |
| 3.2 | 13.0 | 15.3 | 27.3 | 41.4 | 2.540 | 9/5-2 | Metropoll |
| 3.8 | 11.7 | 14.4 | 27.3 | 42.8 | ---- | 9/4 | Andy-AR |
| 3.5 | 12.3 | 14.1 | 26.2 | 43.9 | 15.000 | 9/3 | Varyans |
| 1.22 | 11.87 | 18.65 | 25.97 | 42.29 | 5.249 | 9/2 | KamuAR |
| 3.3 | 11.2 | 14.3 | 27.5 | 43.7 | 2.450 | 8/25-22 | ORC |
| 3.5 | 13.5 | 16.3 | 27.8 | 38.9 | 4.860 | 8/23-22 | Gezici |
| 4.0 | 12.5 | 15.4 | 25.5 | 42.6 | 2.960 | 8/23-19 | Argetus |
| 4.37 | 14.83 | 12.57 | 28.48 | 39.74 | 1.624 | 8/22 | AKAM |
| 4.0 | 11.2 | 16.1 | 27.9 | 40.8 | 1.074 | 8/18-12 | Perspektif |
| 2.4 | 14.7 | 15.7 | 25.5 | 41.7 | 2.520 | 8/16-14 | Metropoll |
| 6 | 13 | 14 | 28 | 39 | ---- | 8/20 | CHP |
| 4.1 | 14.1 | 16.2 | 26.4 | 39.2 | ---- | 8/18 | Gezic |
| 1.5 | 12.8 | 15.9 | 27.0 | 42.8 | 1.504 | 8/11-8 | Andy-AR |
| 3.7 | 10.7 | 15.6 | 25.3 | 44.7 | 5.500 | 8/8-4 | MAK |
| 2.8 | 10.7 | 15.6 | 26.8 | 44.1 | 1.580 | 8/9-7 | ORC |
| 4.6 | 10.3 | 10.7 | 25.2 | 42.9 | 3.500 | 8/4-7/24 | SONAR |
| 4.2 | 12.3 | 15.3 | 26.3 | 41.9 | 4.860 | 7/26-25 | Gezic |
| 4.37 | 14.52 | 13.75 | 27.47 | 39.89 | 1.412 | 7/25 | AKAM |
| 2.7 | 10.9 | 15.5 | 27.0 | 43.9 | 3.200 | 7/15-11 | ORC |
| 5.7 | 11.3 | 15.5 | 26.2 | 41.3 | 1.224 | 7/13-8 | Perspektif |
| 4.9 | 14.2 | 14.7 | 26.1 | 40.1 | 4.860 | 7/5-4 | Gezici |
| 2.8 | 11.7 | 15.4 | 27.3 | 42.8 | 1.556 | 6/28-25 | Andy-AR |
| 4.2 | 12.9 | 16.2 | 25.1 | 41.6 | 2.473 | 6/13-9 | Metropoll |
| 3 | 12 | 14 | 25 | 45 | 1.570 | 6/8 | IPSOS |
| 4.80 | 12.96 | 16.45 | 25.13 | 40.66 | 45.121.773 | 6/7 | هەڵبژاردنی گشتی |

## ئاکپارتی ناتوانێت بە تەنیا حکومەت دروست بکاتەوە

## لە 45 ڕاپرسی تەنیا 5 ڕاپرسی دەڵێن ئاکپارتی 44%ی دەنگەکان دەباتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

تەنیا شەش ڕۆژ ماوە بۆ دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا، پێشبینی دەزگاکانی ڕاپرسی لەو وڵاتە ئاماژە بە گۆڕانێکی ڕێژەیی لە ئەنجامی دەنگەکان بەراورد بە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران دەکەن. هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتدار (ئاکەپە) دیسان ناتوانێت حکومەتی زۆرینە پێکبێنێ. دەنگەکانی پارتی کۆماری (جەهەپە) زیاد دەبن و پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بە دەنگ و کورسی پێش پارتی بزووتنەوەی میللی (مەهەپە) دەکەوێت.

لەو 31 پارتەی بەشدارییان لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیرانی 2015دا کردبوو، تەنیا چوار پارت گەیشتنە پەرلەمان، ئەوانیش: ئاکەپە بە ڕێژەی 44.66% (258 کورسی)، جەهەپە 25.13% (132 کورسی)، مەهەپە 16.45% (80 کورسی) و هەدەپە 12.96% (80 کورسی).

لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکان بە چەند کاژێرێک، ئاماژەکانی هەڵبژاردنی پێشوەخت بە یەکەم کاردانەوەی پارتە سیاسییەکانەوە دیاربوو. چونکە ئاکپارتی بەتەنیا نەیتوانی حکومەت دروستبکاتەوە و خاڵی ناکۆکیشی لەگەڵ پارتەکانی دیکە لە خاڵی هاوبەش زۆرتر بوون بۆ ئەوەی حکومەتی هاوپەیمانی پێکبهێنن. هەربۆیە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا ڕۆژی 24ی ئابی 2015 داوای لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی تورکیا کرد، وادەی دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردن دیاری بکات. کۆمیسیۆنی ناوبراویش بڕیاری دا ڕۆژی یەکی تشرینی دووەمی 2015 هەڵبژاردنەکە دووبارە بکرێتەوە. لەو هەڵبژاردنەدا لە کۆی ئەو 90 پارتەی لە تورکیا هەن، 29 پارت بڕیاریان داوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا بکەن.

### چوار پارتەکە دەگەنەوە پەرلەمان

لەگەڵ دەرکەوتنی مشتومڕی هەڵبژاردنی پێشوەخت لە ڕۆژی دوای هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران تاوەکو ئەمڕۆ، زۆربەی کۆمپانیا و ناوەندەکانی ڕاپرسی سەرقاڵی ڕاپرسین. ئەوان بە پشتبەستن بە ئەنجامی ڕاپرسییەکانیان دەڵێن ئەنجامی هەڵبژاردنی یەکی تشرینی دووەم جیاواز نابێت لە ئەنجامی هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران. هەموویان پێیانوایە چوار پارتەکە (ئاکەپە، جەهەپە، هەدەپە و مەهەپە) دەگەنەوە پەرلەمان و حکومەتی زۆرینەش بە مەحاڵ دەزانن.

بە گوێرەی ئەو خشتەیەی (ڕووداو) ئامادەی کردووە، لە کۆی 45 ڕاپرسی کە لەلایەن کۆمپانیا و دەزگاکانی ڕاپرسی لە 2015/6/8 تاوەکو 2015/10/15 کراون، تەنیا ئەنجامی پێنج ڕاپرسی دەڵێن ئاکپارتی 44%ی دەنگەکان دەباتەوە. هەروەها لە کۆی 17 ڕاپرسی لەبارەی ژمارەی پەرلەمانتاری پارتەکان تەنیا دوو ڕاپرسی وا دەردەخەن کە ئاکپارتی دەتوانێ 276 کورسی ببات و بتوانێت بە تەنیا حکومەت پێکبێنێ.

### ئاکەپە شەڕ بۆ 18 کورسی دەکات

یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن، ویستی ئاکپارتییە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بتوانێ بەتەنیا دەسەڵات بگرێتە دەست. بۆ ئەمە ئاکپارتی پێویستی بە 276 کورسییە کە لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیراندا 258 کورسی بردبوو. واتە دەبێت 18 کورسی زیاتر بهێنێ.

فلیز ئایدن کۆچ، شرۆڤەکاری بواری ڕاپرسی، پێیوایە ئاکپارتی بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو 18 کورسییە زیاد بکات، قورسایی خۆی دەخاتە سەر ئەو شارانەی بە ژمارەیەکی زۆر کەم، کورسی لە بەرژەوەندیی پارتەکانی دیکە لەدەستداوە.

کۆچ بە (ڕووداو)ی گوت "ئاکپارتی لەم هەڵبژاردنەدا قورسایی خۆی دەخاتە سەر 18 کورسی کە 10 کورسییان لەدەستی جەهەپەدایە و 7 لە دەستی مەهەپە و کورسییەکیش لە وان لە دەستی هەدەپەدایە. بۆ نموونە ئاکپارتی بە جیاوازیی 1000 دەنگ کورسییەکی لە سامسۆن بۆ بەرژەوەندی جەهەپە دۆڕاند. لە ناوچەی سێیەمی ئیستانبوڵ بە جیاوازیی 3600 دەنگ بۆ بەرژەوەندی مەهەپە و لە شاری وانیش بە جیاوازیی 4800 دەنگ کورسییەکی بۆ بەرژەوەندی هەدەپە لەدەستچوو".

### هەڵبەز و دابەزی دەنگی ئاکپارتی

لەم دوو هەفتەیەی دواییدا ئەنجامی چەند ڕاپرسییەک ئاماژەیان بە هەڵکشانی دەنگەکانی ئاکپارتی کرد. کۆمپانیای مەترۆپۆل لە دوایین ڕاپرسیی خۆیدا لە 21ی ئەم مانگە، پێیوایە ئاکپارتی لە مانگی ئەیلول 1% و لەم مانگەش 1.5%ی دەنگەکانی زیادی کردووە و 42.5% (261) کورسی بەدەست دێنێ.

کەمال ئۆزکریاز بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەڤراسیا، ئەنجامی دوا ڕاپرسیی کۆمپانیاکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات کە لە ڕۆژانی 16 تاوەکو 21ی ئەم مانگە کردوویەتی و 24 هەزار و 540 کەس بەشدارییان تێدا کردووە.

ئۆزکریاز دەڵێت "دەنگەکانی ئاکپارتی لەهەردوو ناوچەی دەریای ڕەش و ئانادۆڵوی ناوین هەڵدەکشێ و لەو دوو ناوچەیە دەنگەکانی مەهەپە دەبات، بەڵام بەگشتی ئاکپارتی 40.45%ی دەنگەکانی هەڵبژاردن بەدەستدێنێ، چونکە لە هەندێک هەرێمی دیکە دەنگ لەدەست دەدات".

ئۆزکریاز پێشبینی دەکات ئاکپارتی چوار کورسی دیکە لەدەست بدات و 254 کورسی بباتەوە.

هەروەها هاکان بایراکچی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای سۆنار، ئەنجامی ڕاپرسی کۆمپانیاکەیان ئاشکرا دەکات و دەڵێت "بەگوێرەی دوایین ڕاپرسی کۆمپانیاکەمان ڕێژەی دەنگەکانی ئاکپارتی 40.5% دەبێت و ژمارەی کورسییەکانیشی لە نێوان 240 – 260دا دەبێت".

ڕۆژی 22ی ئەم مانگە ماڵپەڕی businessht کە ماڵپەڕێکی ئابووریی بەناوبانگە لە تورکیا، ڕاپرسییەکی کۆمپانیای کۆندای بڵاوکردەوە کە بەمتمانەترین کۆمپانیای ڕاپرسی لەنێو ڕای گشتیی تورکیا ناسراوە. بەگوێرەی ڕاپرسییەکەی کۆمپانیای کۆندا، ئاکپارتی 40.9%ی دەنگەکان دێنێ. بەڵام بەکر ئاغردر، بەڕێوەبەری کۆمپانیای کۆندا بێ ئەوەی ئەو ئەنجامە ڕەتبکاتەوە یان پشتڕاست بکاتەوە، لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند، کە کۆمپانیاکەی هیچ ڕاپرسییەکی بۆ ڕای گشتی بڵاونەکردووەتەوە.

### بردنی دەنگەکانی مەهەپە

لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیراندا ئاکپارتی بۆ ئەوەی بەتەنیا بچێتە دەسەڵات، ستراتیژی هەڵبژاردنی لەسەر هێشتنەوەی هەدەپە لەژێر بەربەستی 10% بنیات نابوو، بەڵام ئەنجامەکان هەرەسیان بەو ستراتیژە هێنا. لە یەکی تشرینی دووەمیش ئاکپارتی هەمان ستراتیژ، بەڵام بەشێوەیەکی ڕانەگەیەندراو لەسەر مەهەپە پەیڕەو دەکات.

پرۆفیسۆر وەیسەل ئایهان، توێژەر و پسپۆڕی سیاسی پێیوایە ئاکپارتی ستراتیژی هەڵبژاردنی ئەمجارەی لەسەر بردنی دەنگی مەهەپە بنیات ناوە. ئایهان بە (ڕووداو)ی گوت "تا ئەو ئاستەی مەهەپە لەژێر بەندی 10% بمێنێتەوە ئاکپارتی سیاسەت دەکات. بێ چارەیی مەهەپە و سەرۆکەکەی، دەرفەت بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی ئاکپارتی خۆش دەکات".

هەردوو کۆمپانیای ئەڤراسیا و سۆنار جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەنگی مەهەپە لە کورتی داوە، بەڵام بەدووری دەزانن مەهەپە لەژێر بەربەستی هەڵبژاردن بمێنێتەوە. بەڕێوەبەری کۆمپانیای سۆنار دەڵێت "ڕاپرسی و توێژینەوەکانمان پشتڕاستی دەکەنەوە مەهەپە لە داکشاندایە. ژمارەی کورسییەکانی لە نێوان 68 – 79 کورسیدایە".

بەڕێوەبەری ئەڤراسیاش پێیوایە "سیاسەتی داخراوی دەوڵەت باخچەلی، دەنگدەری بێ هیوا کرد. داکشانی مەهەپە زۆر خێرایە، لە دەریای ڕەش و ئانادۆڵی ناوین دەنگەکانی بۆ ئاکپارتی دەچن. لە کەنارەکانی دەریای سپیش بۆ جەهەپە. بەڵام پێموانییە بگاتە ئاستی خوار بەربەستی هەڵبژاردن".

### جەهەپە لە هەڵکشاندایە

ئەنجامی ڕاپرسییەکان سەبارەت بە هەڵکشان و داکشانی دەنگەکانی ئاکپارتی جیاوازییان هەیە، بەڵام هەموویان جەخت لەسەر هەڵکشانی دەنگ و کورسییەکانی جەهەپە دەکەنەوە. بەگوێرەی ڕاپرسییەکەی کۆندا لە ماڵپەڕی businessht کە پشتڕاست نەکراوەتەوە، جەهەپە 30%ی تێدەپەڕێنێ.

مەزهەر باغلی، پەرلەمانتاری ئاکپارتی و نوێنەری شاری ڕوها پێشبینی دەکات دەنگی جەهەپە زیاد بکات. بەڵام دەڵێت ناگاتە 30%.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەڤراسیا پێیوایە جەهەپە 28.22%ی دەنگەکانی هەڵبژاردن دەبات. لەبارەی ژمارەی کورسییەکانیشی دەڵێت "ئەنجامی ڕاپرسی هەرە دواییمان ئاماژە بە 142 کورسی دەکات. پێشبینی دەکەین جەهەپە 10 تاوەکو 15 کورسی زیاد بکات".

لە دوای هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران و لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دامەزراندنی حکومەت لە تورکیا، جەهەپە سیاسەتێکی زۆر میانڕەوانەی گرتەبەر. لەگەڵ هەموو لایەنەکان ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ دامەزراندنی حکومەت، هەروەها گوێی بۆ داوەتنامەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان شل نەکرد و نەچوونە (ئاکسەرای – کۆشکی سەرۆک کۆماری تورکیا). ئەوەش کاریگەریی لەسەر بەرزبوونەوەی بەلانسی جەهەپە هەبوو.

کەمال ئۆزکریاز، پێیوایە لە دوای هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران، کەمال کلیچدارئۆغڵو وەکو پیاوی دەوڵەت هەڵسوکەوتی کرد "ئەردۆغان وەکو سەرۆک کۆمار نەیتوانی خۆی لە سیاسەت بەدوور بگرێت، لەجیاتی چارەسەری، وەکو لایەنێکی کێشەکان هەڵوێستی نواند. بۆشایی لە پۆستی سەرۆک کۆمار ڕوویدا. بەپێچەوانەوە کلیچدارئۆغڵو لەسەر بنەمای دۆزینەوەی چارەسەری دەرکەوت. هەڵوێستی لە مەسەلەی دامەزراندنی حکومەتی هاوپەیمانی، بووە هۆی هەڵکشانی دەنگەکانی جەهەپە".

### هەدەپە: 20%

لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیراندا، ئامانجی هەدەپە بڕینی 10%ی بەربەستی هەڵبژاردن بوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی تشرینی دووەمدا ئامانجی هەدەپە بەرزکردنەوەی دەنگەکانیەتی. لەگەڵ دەستپێکردنی کەمپینی هەڵبژاردنی ئەمجارە هەدەپە ڕێژەی 20%ی دیاری کرد، بەڵام کۆمپانیا و دەزگاکانی ڕاپرسی ئەوە بە مەحاڵ دەزانن.

ئەنجامی زۆربەی ڕاپرسییەکان و لێکدانەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەدەپە پارێزگاری لە دەنگەکانی دەکات و ئەگەری هەڵکشانیشی هەیە. کۆمپانیای مەترۆپۆل لە دوایین ڕاپرسیدا پێشبینی 13%ی دەنگەکان و 77 کورسی بۆ هەدەپە دەکات. کۆمپانیای سۆناریش پێشبینی 13%ی دەنگەکان و سەرووی 80 کورسی بۆ ئەو پارتە کوردییە دەکات.

بەڵام بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەڤراسیا جیاواز لە هەموو کۆمپانیاکانی دیکە دەنگەکانی هەدەپە بە زیاتر لە 14% مەزەندە دەکات. کەمال ئۆزکریاز دەڵێت "ئەنجامی دوایین ڕاپرسیمان دەریخستووە کە هەدەپە 14.17%ی دەنگەکان و 87 کورسی دەباتەوە".

ئۆزکریاز نکۆڵی لەوە ناکات کە لە شارەکانی تورکیا بەشێک لە دەنگی هەدەپە بۆ جەهەپە دەچێت، لەبەرامبەر ئەوە پێیوایە هەدەپە بەو دەنگانەی لە ئاکپارتی ڕوو لە هەدەپە دەکەن دەتوانێ قەرەبووی دەنگەکانی جەهەپە بکاتەوە. هەروەها دەڵێت "هەدەپە لەناوچەی دووەمی ئەنقەرە کورسییەک لە مەهەپە دەبات، لە ناوچەی سێیەمی ئیستانبوڵیش کورسییەک لە ئاکپارتی و لە هاتای کورسیەک لە جەهەپە دەبات".

سەبارەت بە باکووری کوردستانیش ئۆزکریاز دەڵێت "هەدەپە لە ئورفا دوو کورسی، لە باتمان و چەولیکیش کورسییەک زیاد دەکات".

ئۆزکریاز، پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان (دەبەپە) بە سەرچاوەی هەڵکشانی دەنگەکانی هەدەپە لە باکووری کوردستان دەزانێت و دەڵێت "هەدەپە بەهۆی دەستڕۆیشتوویی لەو ناوچەیە هەوڵی نائاسایی داوە، توانیویەتی دەنگی نوێ پەیدا بکات".

### "کڕینی دەنگی کورد"

لە سۆشیال میدیا و هەندێک میدیای لۆکاڵیدا لە تورکیا، دەنگۆی پشتگیرکردنی هەندێک عەشیرەتی کورد لە ئاکپارتی بڵاوکراوەتەوە. ڕۆژنامەنووسێکی خەڵکی ئەو ناوچەیە پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئاکپارتی لە هەوڵدایە بۆئەوەی دەنگی چەند عەشیرەتێکی کورد بکڕێ.

ئەو ڕۆژنامەنووسە کە بەهۆی هەستیاریی بابەتەکە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "زۆربەی هەوڵەکانی ئاکپارتی لەلایەن دەبەپە شکستی پێدەهێنرێت. هەندێک لەو عەشیرەتانە پارە وەردەگرن، بەڵام بەڵێنیش بە دەبەپە دەدەن کە دەنگ بۆ ئاکپارتی نادەن".

وەیسەل ئایهان، پێیوایە هیچ زەمینەیەک نەماوە تا ئاکپارتی لە باکووری کوردستان دەنگەکانی بەرز بکاتەوە. چونکە پەیامی ئاکپارتی بۆ دەنگدەری کورد تەنیا هەڕەشەیە. جەخت لەوەش دەکاتەوە کە کوردە بێدەنگەکانیش بەهۆی سیاسەتی دژە کوردی ئەم سێ مانگە هیچ سۆزێکیان بۆ ئاکپارتی نەماوە "سووربوونی ئاکپارتی لەسەر ڕاکێشانی دەنگدەری مەهەپە بۆ خۆی دانپێدانانێکی پێشوەختەیە بەوەی کە ئاکپارتی دەستی لە دەنگدەری کورد شووشتووە. ئەگەر لە هەندێک شاری کوردی دەنگیش بهێنێ، ئەوە لەسەر بنەمای هەندێک ڕێککەوتنی بەرتەسک دەبێت".

### حکومەتی ئاکپارتی - جەهەپە

ئەگەرچی هێشتا شەش ڕۆژ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن ماوە، بەڵام ئاماژە و ڕاپرسییەکان دەریدەخەن کە پەیامی هەڵبژاردنی یەکی تشرینی دووەم جارێکی دیکە داوا دەکات حکومەتێکی هاوپەیمانی دابمەزرێت. لەوبارەیەشەوە زۆربەی پێشبینییەکان بەلای حکومەتی ئاکپارتی – جەهەپەدا دەشکێنەوە.

هاکان بایراکچی بەڕێوەبەری سۆنار پێیوایە حکومەتی ئاکپارتی – جەهەپە ئەگەرێکی بەهێزە لەدوای هەڵبژاردن "ئاکپارتی ناتوانێ مەرجە پێشوەختەکانی مەهەپە قبوڵ بکات".

مەسعود ئاکداغ، بەڕێوەبەری کۆمپانیای نیش کە کۆمپانیایەکی ڕاپرسی و توێژینەوەی ئابوورییە، بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی تورکیا حکومەتی ئاکپارتی- جەهەپە بەباشترین بژاردە دادەنێت و پێیوایە تورکیا لە ڕێگای ئەو حکومەتەوە دەتوانێ قۆناغێک بچێتە پێشەوە. ئاکداغ بە (ڕووداو)ی گوت "تورکیا هیچ کاتێک ناتوانێ بە ڕێگایەکی ڕاست و ڕەواندا بڕوات، بەڵام ڕێککەوتنی جەهەپەی چەپ لەگەڵ ئاکپارتیی ڕاست و موحافزکار، تورکیا دەگەڕێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست".

"500 ملیار دۆلار لە عێراق بە هەدەر دراوە"

# 10 وەزیری عێراق

# تۆمەتی گەندەڵییان لەسەر ساخ بووەتەوە




## وەزیر هەیە 900 ملیۆن دۆلاری بردووە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

گوتەبێژی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای دەکات، بودجەی 12 ساڵی ڕابردووی عێراق نزیکەی تریلیۆنێک دۆلار بووە و لەو بڕەش نزیکەی نیوەی "500 ملیار دۆلار"ی بەشێوەی "گەندەڵی" لەلایەن بەرپرسانی عێراقەوە بەهەدەر چووە. هەروەها دەڵێت "هیچ فەرمانگەیەکی عێراق نییە گەندەڵی تێدا نەبێت".

بودجەی عێراق لە ساڵی 2003دا کە ئەوکات پۆڵ بریمەر، حاکمی مەدەنیی ئەمریکا عێراقی بەڕێوە دەبرد، تەنیا 14 ملیار دۆلار بوو، بەڵام ئەو بودجەیە کە بە پلە یەک پشت بە داهاتی هەناردەکردنی نەوت دەبەستێ، ساڵانە زیادی کردووە، بە جۆرێک لە ساڵی 2015دا گەیشتە 105 ملیار دۆلار. بەڵام گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت "نیوەی بودجەی عێراق بە گەندەڵی خوراوە".

عادل نووری، گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت، کۆی بودجەی گشتیی عێراق لە ماوەی 12 ساڵی ڕابردوودا 822 ملیار دۆلار بووە، هەروەها نزیکەی 200 ملیار دۆلاریش هاوکاریی دارایی و سەربازیی وڵاتان بۆ عێراق هاتووە "لەو تریلیۆن دۆلارە نزیکەی 500 ملیار دۆلاری بەشێوەی گەندەڵی خوراون، لەو 500 ملیار دۆلارەش 360 ملیاری هەر دیار نییە کە چۆن خەرجکراوە، ئەوەشی خەرج کراوە هیچ پرۆژەیەکی گەورە و ستراتیژی پێ نەکراوە".

عادل نووری گوتی "عێراق لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە گەندەڵیدا نموونەی نییە".

### 10 وەزیر گەندەڵییان لەسەر ساخ بووەتەوە

پێشتر لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق زۆرتر خۆی بە دۆسیەی گەندەڵی فەرمانبەرانی ئاساییەوە مژول کردبوو، بەڵام عادل نووری دەڵێت "ئێستا ژمارەیەکی زۆر دۆسیەی گەندەڵی وەزیرانی ئێستا و کابینەکانی پێشتریشمان لەبەردەستە و بەشێکیشیان ڕەوانەی دەستەی دەستپاکی و دادگا کراون".

بە گوتەی ئەو پەرلەمانتارە هەر لەو ماوەی ڕابردوودا چەند دۆسیەیەک یەکلایی کراونەتەوە و لەلایەن دادگاشەوە حوکمیان لەسەر دراوە و هەندێکیشیان لە لێکۆڵینەوەدان. عادل نووری گوتی "زیاتر لە 10 وەزیری کابینەکانی پێشووی حکومەت بە تاوانی گەندەڵی دۆسیەکانیان یەکلایی بوونەتەوە، هەندێک لەو وەزیرانە دۆسیەی دیکەشیان لەسەر زیندوو بووەتەوە".

هەفتەی پێشوو فەرمانی دەستگیرکردن بۆ مەلاس شێخ محەممەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی، وەزیری بازرگانی دەرچوو. عادل نووری دەڵێت "بانگهێشتی وەزیری پێشووی کارەباش بۆ دەستەی دەستپاکی کراوە، دۆسیەی ژمارەیەک وەزیری پێشتریش یەکلایی بوونەتەوە لەوانە سامر غەزبان، وەزیری پێشووتری بەرگری و ئەیهەم سامەرائی، وەزیری پێشووتری کارەبا لە کابینەی عەللاوی". گوتیشی "وەزیر هەیە 10 دۆسیەی گەندەڵی لەسەرە".

عادل نووری زانیاری زیاتری لەبارەی بە هەدەردانی پارەی عێراق لەلایەن وەزیرەکان ئاشکرا کرد و گوتی "وەزیر هەیە تۆمەتی بەهەدەردانی نزیکەی 900 ملیۆن دۆلاری لەسەرە، هەشە 500 ملیۆن و هەشیانە 100 ملیۆن دۆلار. گرێبەستی وەزارەت هەیە وەهمییە و بایی نزیکەی ملیار و نیوێک دۆلارە".

### کوردیشیان تێدایە

لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، کورد بەشێک بووە لە پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراق و لە سەرجەم کابینەکانی حکومەتدا وەزیری هەبووە. گوتەبێژەکەی لیژنەی دەستپاکیش کە پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە، بە داخە بۆئەوەی کە وەزیری کوردیش دۆسیەی گەندەڵییان هەیە.

عادل نووری گوتی "بەداخەوە هەندێک لەو وەزیرانەش کوردن، بەڵام هەندێ دۆسیەیان گەندەڵی وەزارەتەکانە، واتە لەلایەن بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکانەوە کراون، بەڵام وەزیر بۆ لێپرسینەوە بانگهێشت دەکرێت تاوەکو بزانرێت چۆن ئاگای لەو گەندەڵییە نەبووە یاخود چاوپۆشی کردووە".

### "هەموو دەزگاکان گەندەڵن"

حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لە مانگی ئابی ئەمساڵەوە زنجیرەیەک چاکسازی ڕاگەیاند و چەند وەزارەتێکی هەڵوەشاندەوە و وەزیر و بەرپرسی لە کارەکانیان دوورخستەوە. لە درێژەی زنجیرەی چاکسازییەکانیشیدا هەفتەی ڕابردوو 134 بەڕێوەبەری گشتی و بریکاری وەزیری دوورخستەوە.

عادل نووری ڕوونیکردەوە کە نەک هەر وەزارەتێک، بەڵکو هەموو دەزگا حکومییەکانی عێراق دۆسیەی گەندەڵییان هەیە "وەزارەتەکانی بەرگری، ناوخۆ، تەندروستی، گواستنەوە، بازرگانی، نەوت، کۆچ و کۆچبەران، شارەوانی و نیشتەجێکردن، هێڵی فڕۆکەوانیی مەدەنی، ئەمینداریێتی گشتی بەغدا، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و پارێزگاکان بە کەرکووکیشەوە دۆسیەی گەندەڵییان هەیە. بە کورتی هیچ دەزگایەکی دەوڵەتی عێراق نییە دۆسیەی گەندەڵی نەبێت".

نووری جۆری گەندەڵی نێو وەزارەتەکانی بە جیاواز ناوبرد و گوتی "جگە لەوەی هەموو دۆسیەکان قورسن و بە ملیاران دۆلار گەندەڵی کراون، بەڵام دۆسیەکان جیاوازن، بۆ نموونە گەندەڵیی وەزارەتی بەرگری پەیوەندی بە چەکەوە هەیە کە هەرچەندە عێراق چەکی زۆری هەبووە، بەڵام بۆچی عێراق ڕادەستی داعش دەکرێت؟ یاخود وەزارەتی بازرگانی کاتێک خۆراکی ماوە بەسەرچوو دەداتە هاووڵاتیان و بەو هۆیەوە تووشی شێرپەنجە دەبن".

### خراپترین ماوەی حوکم

سەردەمی حوکمی نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق لە 2006 تاوەکو کۆتایی 2014 بە بۆچوونی عادل نووری "خراپترین" سەردەمی دەوڵەتداریی عێراق بووە کە زۆرترین گەندەڵی تێدا کراوە، بۆیە وەک ئەو باسی کرد، مالیکی و عەبادی دوو بەرپرسی سەرەکین لەو گەندەڵییانە و گوتی "لەو دوو کابینەیەدا مالیکی سەرۆک وەزیران و عەبادیش سەرۆکی لیژنەی دارایی بووە لە پەرلەمان، بۆیە هەردووکیان بەرپرسی سەرەکین، چونکە دەبووایە عەبادی ئەو گەندەڵییانەی ئاشکرا بکردایە کە چۆن سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان واژووی ئەو گرێبەستانەیان کردووە".

سەبارەت بە لێپرسینەوەش لە مالیکی و عەبادی، عادل نووری گوتی "ئەو دۆسیانەی کە ئێمە یەکلاییان دەکەینەوە دەیاننێرین بۆ دەستەی نەزاهە و دادگای نەزاهە، دەبێت لەلایەن دادگاوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت".

### هەڕەشەیان لەسەرە

لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە 17 ئەندام پێکهاتووە و بە گوتەی گوتەبێژەکەیان، کارکردنیان لەسەر ئەو دۆسیانە ئاسان نییە "لەسەر هەر دۆسیەیەک چەندین هەڕەشەمان لێدەکرێت، بەڵام توانیومانە جموجوڵێکی گەورە لەسەر ئاشکراکردنی ئەو گەندەڵییانە دەستپێبکەین و گوشاری زۆریش لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە دروست دەکەین بۆ بەسزا گەیاندنی بەرپرسە گەندەڵەکان".

---

بۆ ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی بەغدا

# پارتی پشتگیری پارێزگاری کەرکووک دەکات



## بەرپرسێکی پارتی لە کەرکووک:
## بەغدا دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ کەرکووک

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرکردەیەکی پارتی لە کەرکووک ڕایگەیاند، ئەوان پشتیوانی پارێزگار و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەکەن بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، سەبارەت بە لادانی بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک و جێگرەکەی. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش بەوەکالەت، دەڵێ ئەوان چیدی کار بە بڕیارێک ناکەن لە وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە دەرکرابێ، بەبێ ئەوەی پرس و ڕاوێژیان پێ بکرێ.

دوای ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا گەیشتنە ئەوپەڕی نائومێدی و خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان بە تەواوی کەم بوونەوە، ئیدارەی کەرکووکیش لەسەر ڕێی ترازانە لە حکومەتی ناوەندی و پارێزگاری شارەکە دەڵێ "ئێمە پابەند نابین بەو بڕیارانەی وەزیری ناوخۆی عێراق بۆ دەستوەردانە کاروباری پارێزگاکە دەریاندەکات، بەبێ ئەوەی پرس بە ئێمە بکات". نەجمەدین کەریم نیگەرانە لەوەی وەزیری ناوخۆی عێراق بەبێ ئاگادارکردنەوەی ئەوان بڕیاری لابردنی بەرپرسانی ئەمنیی شارەکەی داوە.

پارێزگاری کەرکووک، هەروەها دەڵێ "هیچ سوود لەوەدا نابینین بچین بۆ لای وەزیری ناوخۆ و داوای لێبکەین بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە و ئەویش وای دەربخات کە بەهێزە و دەستی دەڕوات". هەروەها دەڵێت "لەوانەیە لە بەغدا دەستی بڕوات، بەڵام لە کەرکووک دەستی ناڕوات و ئەنجوومەنی پارێزگا و لیژنەی ئەمنی پارێزگا بڕیار دەدەن کەی و کێ بەڕێوەبەری پۆلیس دەگۆڕێ".

پێشتریش لەلایەن بەغداوە بڕیاری لادانی بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی شاری کەرکووک دەرچوو، بەڵام پارێزگار و ئەنجوومەنی پارێزگاکە ڕەتیانکردەوە. هەروەک چۆن پێش شەڕی داعشیش، هاتنە ناوەوەی هێزی دیجلەیان ڕەتکردەوە بۆ نێو شارەکە. ئەوە جیا لەوەی کە بۆ دانانی سەرۆکی زانکۆی شارەکە دیسان بەغدا ئاژاوەیەکی خستە نێو حیزبە کوردییەکانەوە لە کەرکووک.

لە ماوەی ڕابردوودا کێشەی زۆر لە نێوان بەرپرسانی پارتی و نەجمەدین کەریم لە کەرکووک سەریهەڵدا، بەڵام لە بەرامبەر بەغدا و ئەو بڕیارانەی بۆ لابردنی بەرپرسانی شارەکە دەریاندەکات، پارتی پشتیوانی ئەنجوومەنی پارێزگا و پارێزگار دەکەن و پێیانوایە ئەوانە "بیانووی خۆسەپاندن و گەڕاندنەوەی هەژموونی بەغدان بۆ کەرکووک".

محەممەد کەمال، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووکی پارتی دەڵێ ڕەتکردنەوەی بڕیارە تاکڕەوەکانی بەغدا "بڕیاری هەموو لایەکە و ماوەیەکە بەغدا دەیەوێ خۆی بسەپێنێتەوە بەسەر کەرکووکدا، بۆیە سەربەخۆ بڕیاری مەرکەزی دەردەکات".

محەممەد کەمال دەپرسێ بەغدا چی بۆ کەرکووک کرد کاتێک داعش پەلاماری دا و پێشمەرگە بەخوێنی خۆی بەرگریی لێکرد؟ "تەنانەت لەو ماوە زۆرەی شەڕدا بەغدا فڕۆکەیەکی خۆی نەنارد بۆ بەرەکانی شەڕ لە کەرکووک، ئیدی بڕیاری چی بۆ دەردەکات".

ئەو بەرپرسەی پارتی لە کەرکووک پێیوایە چیدی بەغدا ناتوانێ بەبێ پرسکردن بە ئەنجوومەنی پارێزگاکە و پارێزگاری کەرکووک هیچ بڕیارێکی مەرکەزی بسەپێنێت بەسەر شارەکەدا "یان دەبێ ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجوومەنەکە بکات یان ئەوەتا بڕیارەکان ڕەتدەکرێنەوە".

لە مانگی تەممووزی ساڵی ڕابردوودا، چەکدارانی داعش دوای کۆنترۆڵکردنی شاری مووسڵ، ڕوویان کردە کەرکووکی زۆرینە کورد بۆ ئەوەی بیخەنە بندەستی خۆیان، سوپای عێراق دوای بەدەستەوەدانی مووسڵ هەر زوو بارەگا سەربازییەکانی خۆی لە کەرکووکیش چۆڵ کرد و ڕادەستی پێشمەرگەی کردن. لەو کاتەوە بەشێوەیەکی کردەیی کورد ئەو شارە بەڕێوەدەبات و پێشمەرگەش لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا، خوێنی زۆری بۆ ڕشت. پاش بەدەستەوەدانی مووسڵ و هەندێک ناوچەی باشووری کەرکووک لەلایەن سوپای عێراقەوە، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، دەبێ پەرلەمانی کوردستان پەلە بکات لە گرتنەبەری ڕێوشوێن بۆ ئامادەکاری، تاوەکو ڕاپرسی لەبارەی گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکرێ.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت، دەڵێ مەبەستمان ڕەتکردنەوەی هەموو حکومەتەکەی بەغدا نییە "بەڵکو گوتوومانە بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆ ڕەتدەکەینەوە". ڕێبوار تاڵەبانی دەڵێت وەزیری ناوخۆ بەبێ پرسکردن بە ئیدارەی شارەکە بڕیاری دەرکردووە و ئەوەش بەلای ئەوانەوە پەسەند نییە "تەنانەت بۆمان دەرکەوت، حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراقیش بێ ئاگایە لەو بڕیارەی وەزیری ناوخۆ".

یاسای ژمارە 21ی ساڵی 2008ی پەرلەمانی عێراق، دەسەڵات دەداتە پارێزگاکان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان بۆ ئەوەی خۆیان گۆڕانکارییە نێوخۆییە ئیدارییەکان بکەن، جگە لەو وەزارەتانەی ناوەندین وەک وەزارەتی دەرەوە کە دەبێ هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی پارێزگاکان بکەن لەو بارەیەوە.

محەممەد عوسمان، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیژنەی پارێزگاکان و هەرێمەکان دەڵێ "ئیدارەی پارێزگای کەرکووک بە پشتبەستن بەو یاسایە نیگەرانیی خۆیان دەربڕیوە و ئەو بڕیارەیان داوە". محەممەد عوسمان بە دووری دەزانێ ئەوە ببێتە کێشەی گەورە لە نێوان بەغدا و کەرکووک "بەڵام ئەگەر بشبێتە کێشە، هەوڵ دەدەین چارەسەری بکەین".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (380) دووشەممە 2015/10/26

## 3500 کارگە داخراون

**ڕووداو – هەولێر**

بەهۆی قەیرانی داراییەوە 3529 کارگەی جۆراوجۆر لە هەرێمی کوردستان داخراون، تاوەکو ئێستاش وەزارەتی پیشەسازی و بازرگای ڕێگاچارەیەکی نەدۆزیوەتەوە بۆ بەگەر خستنەوەی ئەو کارگە داخراوانە.

عەبدولڕەزاق ناوەندەیی، بەڕێوەبەری دەستەی شار و شارۆچکە پیشەسازییەکان بە (ڕووداو)ی گوت "لەوەتەی داخستنی ئەو کارگانە دەستی پێکردووە، پتر لە 35 ڕاپۆرتمان بۆ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بەرزکردووەتەوە بۆ چارەسەری ئەو قەیرانەی کارگەکان تێکەوتوون، بەڵام وەزیر ئیستیعابی نەکردووە". ئێستا لە کۆی 3729 کارگە تەنیا 200 کارگە لە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە کاردەکەن.



### هەر ئاژەڵێک پێویستی بە 150 کیلۆ هەیە

# ئەمساڵ هەر سەر ئاژەڵێک تەنیا 3 کیلۆ جۆی بۆ دابین دەکرێت

**بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە پارێزگای سلێمانی:**

## لە 16 ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 80 ملیۆن دۆلار بەهۆی کڕینی جۆوە چووەتە دەرەوەی کوردستان



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە، بەو بودجەیەی لەلایەن وەزارەتی دارایی بۆ کڕینی جۆ بۆ ئاژەڵداران تەرخان کراوە، ئەمساڵ دەتوانن تەنیا 2-3 کیلۆگرام جۆ بۆ هەر سەر ئاژەڵێک دابین بکەن.

ساڵانە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، وەک هاوکارییەک بۆ ئاژەڵداران، بە نیوەی نرخی بازاڕ جۆ دەداتە ئاژەڵداران، بەڵام دەڵێن ئەمساڵ بودجەی پێویستیان لەبەردەست نییە بۆ ئەوە.

بۆ پرۆژەی کڕینەوەی جۆی جوتیاران بۆ ئاژەڵداران، ئەمساڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە بودجەی ئیعاناتی کشتوکاڵی تەنیا 7 ملیار و 305 ملیۆن دیناری تەرخان کردووە، ئەم بڕەش نزیکەی نیوەی پارەی تەرخانکراوی ساڵی ڕابردووە.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بەهۆی کەمیی بودجە، ئەمساڵ لەوانەیە تەنیا بتوانین 14 تاوەکو 15 هەزار تۆن جۆ بۆ ئاژەڵداران دابین بکەین، ئەم بڕەش بەراورد بەپێداویستیی ئاژەڵداران بۆ ئالیک زۆر کەمە، بۆیە لەوانەیە هەر سەر ئاژەڵێک 2 تاوەکو 3 کیلۆگرام جۆی بەربکەوێت".

بەگوێرەی پرۆژەکە، هەر پارێزگایەک بەپێی ئەو پارەیەی بۆ تەرخان کراوە، لەڕێگەی تەندەرەوە جۆیەکە دەکڕێت و دواتر بەنیوەی نرخی بازاڕ بەسەر ئاژەڵداراندا بەشی دەکات، بەڵام تاوەکو ئێستا تەندەری هیچیەک لە پارێزگاکان جێبەجێ نەکراوە.

بەپێی دوایین سەرژمێری وەزارەتی کشتوکاڵ کە ساڵی ڕابردوو کراوە، 4 ملیۆن و 596 هەزار و 935 سەر ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان هەن.

ئاژەڵدارانی کوردستان بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و نەمانی پووش و پاوان، ساڵانە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمەوە تاوەکو کۆتایی مانگی شوبات، واتە بۆ ماوەی 5 مانگ، دەبێت ئالیک بدەنە ئاژەڵەکانیان.

وەک پسپۆڕانی بوارەکە دەڵێن، ڕۆژانە هەر سەر ئاژەڵێکی بچووک ئەگەر بۆ گۆشت بێت پێویستی بە کیلۆگرامێک جۆ هەیە، بەڵام بۆ بەخێوکردنی ئاسایی پێویستی بە 30 گرام جۆ هەیە. ئاژەڵی گەورەش پێویستی بە 5 تا 7 کیلۆگرام ئالیک هەیە. بۆیە ئەو جۆیەی بڕیارە وەزارەتی کشتوکاڵ بیداتە ئاژەڵداران بەشی تەنیا 2-3 ڕۆژی ئالیکی ئاژەڵەکانیان دەکات.

ڕەمەزان محەممەد دەڵێت "ئەو بڕە جۆیەی بۆ ئاژەڵدارانی دابین دەکەین، زۆر کەمە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی حکومەت هەر ئەوەندەی لە توانادایە".

### "ناعەدالەتی هەیە"

میرۆ عەزیز، ئاژەڵدارێکی گوندی باخچەی سەر بەناحیەی کەسنەزانە لە ڕۆژهەڵاتی سەنتەری شاری هەولێر، نزیکەی 700 سەر مەڕ و بزنی هەیە. ئەو دەڵێت "ساڵانە بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ بڕێک جۆمان دەداتێ بۆ ئاژەڵەکانمان، بەڵام بڕەکەی ئەوەندە کەمە لەگەڵ پێداویستی ئێمە یەکناگرێتەوە، زۆر درەنگیش دابەشی دەکەن و نرخی هەر تەنێکیشی تەنیا 100 هەزار دینارێک لە نرخی بازاڕ کەمترە".

میرۆ باسی "نا عەدالەتی" لە دابەشکردنی جۆیەکە دەکات و دەڵێت "زۆر بە ناعەدالەتی دابەشی دەکەن، خەڵکی وا هەیە یەک سەر ئاژەڵی نییە دەیدەنێ، یان ئاژەڵی هەبووە فرۆشتوویەتی، بەواستە جۆیەکی زۆر لەسەر حسابی ئێمە وەردەگرێت و لەبازاڕ دەیفرۆشێتەوە".

بەبڕوای میرۆ، تاکە سوودی دابەشکردنی ئەو جۆیە ئەوەیە کە لەکاتی دابەشکردنیدا نرخی جۆ لە بازاڕ دادەبەزێنێ.

### سلێمانی زۆرترین ئاژەڵی هەیە

بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عێراق، پارێزگای سلێمانی لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان زۆرترین ئاژەڵی تێدایە کە 1.547.845 سەر ئاژەڵە. بۆ کڕینەوەی جۆ بۆ ئاژەڵدارانی ئەم پارێزگایە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەمساڵ تەنیا دوو ملیار و 105 ملیۆن دیناری تەرخان کردووە.

شەوکەت عەزیز، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە پارێزگای سلێمانی دەڵێت "ئەو بودجەیەی ئەمساڵ بۆ کڕینەوەی جۆ تەرخان کراوە یەکجار کەمە، بۆیە لەگەڵ ئەو 50%یەی لە جوتیارانی وەردەگرین لەوانەیە تەنیا بتوانین حەوت هەزار تۆن جۆی پێ بکڕین".

گوتیشی "بەهۆی کەمیی جۆیەکە ناچارین ئەمساڵ بۆ هەر سەر ئاژەڵێکی بچووک دوو کیلۆگرام و بۆ ڕەشەوڵاخیش 4 کیلۆگرام جۆ دابین بکەین، ئەم بڕەش تەنیا پێویستی دوو ڕۆژ ئالیکی ئاژەڵی بچووک و یەک ڕۆژ ئالیکی ئاژەڵی گەورە دابین دەکات".

شەوکەت عەزیز هۆکاری درەنگ کڕینەوە و دابەشکردنی جۆ بەسەر ئاژەڵداراندا بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "هۆکاری یەکەم ئەوەیە بودجەی پێویست بۆ پرۆژەکە لەکاتی خۆی دابین ناکرێت، هۆکاری دووەمیش بەهۆی ڕۆتینی تەندەر، زۆرجار کڕینی جۆیەکە دوادەکەوێت".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئەمساڵ بەراورد بەساڵانی پێشتر کۆمپانیاکان کەمتر ئارەزووی بەدەستهێنانی تەندەری کڕینەوەی جۆی ئاژەڵداران دەکەن، یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی تەندەرەکە، کڕینەوەی جۆی جوتیارانی ناوخۆیە.

شەوکەت عەزیز دەڵێت "لە بنەڕەتدا پرۆژەکە بۆ هاندانی جوتیارانە تاوەکو جۆ بچێنن، ئاژەڵدارانیش لەڕێگەی جۆی خۆماڵی ئالیکی ئاژەڵەکان دابین بکەن، چونکە بەپێی ئەو داتایەی لەبەردەستمانە، لە 16 ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 80 ملیۆن دۆلار بەهۆی کڕینی جۆوە چووەتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان".


بەبڕوای شەوکەت عەزیز، هەر وڵاتێک نەتوانێ پێداویستی ئالیکی ئاژەڵان لە ناوخۆدا دابین بکات، ئەوا لەپەرەپێدانی سامانی ئاژەڵ سەرکەوتوو نابێ، چونکە "ئەگەر هەموو بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ کڕینی ئالیکی ئاژەڵداران دابین بکرێت، هێشتا ناتوانین 100% پێویستییان پڕ بکەینەوە، بۆیە تاکە ڕێگە هاندانی جوتیارانە بۆ چاندنی جۆ و ڕاهێنانی ئاژەڵدارانە لەسەر ئەوەی بۆ دابینکردنی ئالیک پشت بەخۆیان ببەستن".

### ژمارەی ئاژەڵانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگا لە ساڵی 2014

| پارێزگا | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| کۆی ئاژەڵ | 1.365.000 | 1.547.845 | 1.097.409 | 586.690 |
| مەڕ | 793.000 | 1.054.412 | 776.323 | 489.141 |
| بزن | 507.000 | 354.805 | 273.223 | 88.921 |
| مانگا - گا | 65.000 | 138.008 | 47.863 | 6.128 |
| گامێش | — | 620 | — | 2.500 |

| کۆی گشتی | مەڕ | بزن | مانگا - گا | گامێش |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 4.596.935 | 3.112.867 | 1.223.949 | 256.999 | 3.120 |

# لە هەورامان ساڵی گوێزە



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەورامان**

لە نێو زۆربەی باخەکانی ناوچەی تەوێڵە و بیارە، جوتیاران دارێکی درێژیان بەدەستەوە گرتووە و سەرقاڵی لێکردنەوەی بەری دارگوێزەکانیانن. لە خوارەوەش هەندێک کەس گوێزەکان کۆدەکەنەوە. لە ڕوخسارياندا دەردەکەوێت کە ئەمساڵ دارگوێزەکانیان بە هەرمێن بوونە.

یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی ناوچەی هەورامانی پێ دەناسرێتەوە، دار گوێزە باڵا بەرزەکانیەتی کە ساڵی ڕابردوو سەرما و سۆڵە زۆربەی بەرهەمەکەی لەنێوبرد، بەڵام ئەمساڵ بەرێکی باشیان گرتووە. بەڕێوەبەری کشتوکاڵی هەڵەبجە دەڵێت "جوتیارانی هەورامان ئەمساڵ داهاتێکی باشیان دەبێت".

### وەرزی تەکاندنی گوێز

لە 15ی ئەیلول تاوەکو 15ی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێک وەرزی تەکاندنی گوێز دەست پێدەکات و بەهۆی شێداریی کەشوهەوای ئەمساڵیشەوە، جووتیارەکان پێشبینی دەکەن ئەمساڵ بەرهەمیان زۆر دەبێت.

پێشڕەو کەمال، گەنجێکی تەمەن 20 ساڵە، لێکردنەوەی گوێزەکانی ناوچەی ئاوێسەری هەورامانی بە 5000 دۆلار بە کرێ گرتبوو. پێشڕەو تەنیا لە ماوەی 15 ڕۆژی کارکردندا 45 هەزار گوێزی لێکردبووەوە و پێشبینیش دەکات لەم وەرزەدا نزیکەی 100 هەزار گوێز بوەرێنن.

ئەو گوتی "ئەمساڵ بەهۆی شێداریی کەشوهەواوە بەرهەمی زۆر باشمان هەیە، بەڵام ساڵی ڕابردوو زۆربەی دارەکان سەرما بردنی و هیچمان نەتەکاند".

فاتیح کەریم، جوتیارێکی دیکەی ناوچەی تەوێڵەیە و باخەکەی نزیکەی 300 دار گوێزی تێدایە و لەماوەی 15 ڕۆژدا نزیکەی 25 هەزار گوێزی وەراندووە. ئەو گوتی "باخەکەم بچووکە و لە هەموو دارەکانیشدا ڕەنگە گوێز نەبووبێت، بۆیە ئەوەندەم وەراندووە، ئەگەرنا بەرهەمی ئەمساڵمان زۆر باشە".

لە وەرزی تەکاندنی گوێزدا هەندێک کەس بە تایبەتی سەردانی هەورامان دەکەن بۆ کڕینی گوێز، ئەمە جگە لەو گەشتیارانەی گوێز بۆ خۆیان و خزم و هاوڕێیانیان دەکڕن.

فرۆشتنی گوێز لە ناوچەی هەورامان بە دوو شێوەیە، یەکێکیان ڕاستەخۆ لەلایەن جووتیارەکان و ئەوەی دیکەش لەلایەن فرۆشیارانی بازاڕی تەوێڵە. پێشڕەو تەنیا لە ماوەی 15 ڕۆژدا لە نێو باخەکانی ئاوێسەردا بایی دوو ملیۆن و 500 هەزار دینار گوێزی فرۆشتووە. جووتیاران هەزار دانە گوێز بەگوێرەی باشی و خراپیی گوێزەکە بە 60 — 75 هەزار دینار دەفرۆشن.

ئەو قەیرانە داراییەی بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتووە، کاریگەری لەسەر جووتیارێکی وەکو فاتیح کەریم نەبووە، چونکە بەری باخەکەی خۆی دەخوات. فاتیح گوتی "هەزار دانە گوێز بە 80 هەزار دینار دەفرۆشم. بەهۆی گەشتیارانەوە گوێزەکەمان بەرناکەوێت".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

### بازاڕی گەرمە

فرۆشیارانی بازاڕی تەوێڵەش لە جووتیاران زیاتر دڵخۆشن بە بەرهەمی ئەمساڵی گوێز و دوکانەکانیان پڕ کردووە لە فەردە گوێز.

شارام عەبدوڵڵا، دوکاندارێکی بازاڕی تەوێڵە گوتی "بەرهەمی ئەمساڵی گوێز زۆر باشە و ڕکابەری گوێزی هاوردە دەکات".

هێرش سەردار کە دوکاندارێکی دیکەی بازاڕی تەوێڵەیە، دەڵێت بەهۆی هاتنی گەشتیارانەوە فرۆشیان زۆر زیادی کردووە، بەڵام پێیوایە قەیرانی دارایی کاریگەری هەبووە و گوتی "قەیرانەکە 50% کاریگەری بۆ فرۆش هەیە، چونکە خەڵک جاران بە هەزار دانە دەیانکڕی، بەڵام ئێستا بە کیلۆ دەیکڕن".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پارێزگای هەڵەبجە کە دراوەتە (ڕووداو)، لە سنووری ئەو پارێزگایە نزیکەی 85 هەزار دارگوێز هەیە و پشکی شێریش بەر ناوچەی هەورامان کەوتووە.

ستار مەحموود، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی هەڵەبجە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەهۆی پلەی گەرمای لەبار، بەرهەمی ئەمساڵی گوێز لە ساڵانی ڕابردوو باشترە و جووتیارەکانیش داهاتی باشتریان هەیە. ستار گوتی "ساڵی ڕابردوو بەشێوەیەکی کتوپڕ کەشوهەوا گۆڕا و بەرهەم زۆر کەمبووەوە و لە زۆر شوێن گوێز نەبوو، چونکە گوێز پێویستی بە شوێنی فێنکە و ئەگەر کەشوهەوا لەبار بێت بۆ گوێزەکە باشترە".

ستار نەیتوانی داتایەکی تەواو سەبارەت بە بەرهەمی ئەمساڵ یاخود ساڵانی ڕابردووی گوێز بدات و گوتی "داتایەکی ورد نییە سەبارەت بە بەرهەمی گوێز، چونکە نابرێتە عەلوە و فرۆشتنیشی جیاوازە".

### گوێزی هاوردە.. ڕێگری سەرەکییە

جووتیارانی هەورامان بەدەست هاوردەکردنی گوێزەوە دەناڵێنن کە بووەتە ڕێگری سەرەکی لەبەردەم ساغکردنەوەی بەرهەمەکەیان. پێشڕەو گوتی "هاوردەکردنی گوێزی ئێرانی و ئۆکرانی و تورکی زۆر زیانمان لێدەدات، یاخود زۆر گوێزی خۆمان تێکەڵی ئۆکرانی و ئێرانی دەکرێن و ئەوەش کاریگەری بۆ فرۆشمان دەبێت، بۆیە داواکارین ڕێگری لە هاوردەکردنی گوێز بکرێت".

بەڵام هێرش ڕەتیکردەوە لەم کاتەدا گوێز هاوردە بکرێت و گوتی "هەر کاتێک گوێزی خۆمان پێبگات، لیژنەی ئابووری ناهێڵن گوێز هاوردە بکرێت و گوێزی هەورامانی ئەودیویش لەگەڵ هی خۆمان جیاوازیی نییە".

ستار مەحموود پێیوایە گوێزی نێوخۆیی پێداویستی نێوخۆیی پڕناکاتەوە، بۆیە پشت بە بەرهەمی دەرەکی دەبەسترێت، بەڵام ناوخۆییەکە زیاتر لای خەڵک پەسەندترە.


## ئەڵمانیا پەناخوازان سنوورداش دەکاتەوە

**ڕووداو- بەرلین**

حکومەتی ئەڵمانیا بڕیاری داوە لەو هەفتەیەوە دەست بە سنووورداشکردنی ئەو پەناخوازانە بکات کە داواکاریی پەنابەرییەکەیان ڕەتکراوەتەوە. ئەم بڕیارە دوای ئەوە دێت کە لە ڕۆژانی رابردوودا پەرلەمانی ئەڵمانیا کۆمەڵێک بڕیاری نوێی لەبارەی سیاسەتی پەنابەرییەوە دا. وەکو هەنگاوی یەکەمیش ئەو پەناخوازانەی لەڕێگەی وڵاتانی باڵکانەوە هاتوونەتە ئەڵمانیا سنووورداشی ئەوێ دەکرێنەوە. بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە سەرەتای ئەمساڵەوە 11 هەزار و 500 پەناخواز بە زۆر سنووورداشکراونەتەوە وڵاتی خۆیان یان وڵاتێکی دیکەی کە لێیەوە هاتوون و ئەڵمانیا بە "وڵاتی ئارام" دەیانناسێنێت.



# ئەکتەرێکی کورد سوێدییەکان دەهێنێتە پێکەنین







**ئان کەترین ئێمانوئێکسۆن**
**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

نیستی ستێرک، ئەکتەری کوردی نیشتەجێی سوید، ئەوە دووەمجارە بە نوکتە و بەسەرهاتە کۆمێدییەکانی خۆی لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی کۆمێدی لە ستۆکهۆڵمدا بەشدار دەبێت و گەورە و بچووکی ئامادەبووان دەخاتە پێکەنین. ئەمجارەش وەکو جاری پێشوو نیستی لەبارەی لێکدانەوەی جیاوازی فەرهەنگە جیاوازەکانەوە پێکەنینی خستە سەر لێوی ئامادەبووان.

نیستی کە 37 ساڵی تەمەنە، بە (ڕووداو)ی گوت "کۆمێدیا توانای ئەوەی هەیە سەرنجی خەڵک رابکێشێت و تێگەیشتن و ناسنامە دروست دەکات. خەڵک بە هۆی کۆمێدیاوە کە تا ئێستا بەداخەوە بە هەند وەرنەگیراوە، لە یەک نزیکتر دەبنەوە."

ئەو دەڵێت "هیوادارم کورد لە داهاتوودا کۆمێدیای زیاتری هەبێت. تا ئێستا ئەو دەرفەتەیان نەبووە، بەڵام خەڵکی کورد میزاجیان هەیە. کورد بەوە ناودارە کە هەموو کاتێک نوکتە دەگێڕێتەوە و گاڵتە دەکات. کۆمێدیای ڕەش ستراتیژێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕۆژە ڕەشەکان."

ڕۆژی 1-2015/10/4 فێستیڤاڵەکە لە ناوەندی شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو، تێیدا کۆمەڵێک بەرنامە لەلایەن بەشداربووانی فەرەنسا و هیند و مەکسیک و لوبنان و ئێرانەوە نمایش کران.

فیلمی "هاتنە ژوورەوە بۆ پیاو قەدەغەیە" کە لەلایەن کۆمێدیانێکی گەورەی ئێرانەوە بەرهەم هاتووە، کاتێکی پڕ لە پێکەنینی بۆ تەماشاچییان ساز کرد. فیلمەکە باس لە بەسەرهاتە کلێشەییەکانی نێوان ژن و پیاو دەکات لە قوتابخانەیەکی کچان کە بۆ جاری یەکەم بەڕێوەبەرە ژنەکەیان مامۆستایەکی پیاو دادەمەزرێنێ. ئەم فیلمە بیرمان دەهێنێتەوە کە لەگەڵ ئەو بارە ناخۆشەی تێیدان، ئێرانییەکان دەتوانن کۆمێدیا دروست بکەن.

فێستیڤاڵەکە سیمینار و نمایشی تێکەڵ کردبوو، لەو ڕێگەیەوە هەم نیشانی دا کە خەڵک لە وڵاتانی دیکە بەچی پێکەنینی دێت و هەمیش دەرفەتی هێشتەوە بۆ گفتوگۆی زیاتر لەبارەی فەرهەنگ و ڕاڤە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی جیاواز.

شازیا میرزا، کۆمێدیانێکی موسڵمانی بەریتانیایە کە لە ڕێگەی گاڵتەکردن بە ژنە جیهادییەکان ناڕەزایی خۆی لە بەرامبەر داعشدا نیشان دەدات. شازیا لەگەڵ کۆمێدیانی ناوداری بەریتانیا و ئەمەریکا، سەڵی فیلیپس و جێین باسمن، باسی ئەوەی کرد کە ئایا میزاجێکی گەردوونی بۆ نوکتە هەیە یان نوکتە پێوەندی بە فەرهەنگێکی تایبەتەوە هەیە.

شازیا گوتی "من سەردانی زۆر شوێنی دونیا دەکەم و بەرنامەکانم نمایش دەکەم. هیچ شتێک ناگۆڕم، بەڵام گوێگرەکانم جاری وا هەیە بەشێوەی جیاواز کاردانەوەیان هەیە. بەریتانی جاری وا هەیە بە دەنگی بەرز پێدەکەنن، سویدی ڕەنگە هێمنتر پێبکەنن، بەڵام هەر پێدەکەنن و چەپڵەیش لێدەدەن. لە پاکستان نوکتەکانم توندتر و تۆزێک ناشیرینترن."

هەر لە نمایشە کۆمێدییەکاندا "غادی" نیشان درا کە بەرهەمی لوبنان بوو بۆ میهرەجانی پارساڵی ئۆسکار. چیرۆکی فیلمەکە باس لە کوڕێک دەکات کە نەخۆشیی دەروونی هەیە و دراوسێکانی وا بڵاو دەکەنەوە کە ئەو بووەتە شەیتان. بەڵام باوکی کوڕەکە خۆشبەختانە نیشانی دەدات کە منداڵەکەی فریشتەیە.

فیلمی فەرەنسایی "چێبا لویسا" بینەرێکی زۆری کۆکردەوە. فیلمەکە لەبارەی جەمیلەیە کە هەوڵ دەدات هەم ماڵەوەیان کە خەڵکی جەزائیرن لە دەست نەدات و هەم کوڕە برادەرە فەرەنساییەکەیشی لەگەڵی بمێنێتەوە.

نیستی گوتی "غادی فیلمێکی خەمناکە و هەوڵ دەدات نیشان بدات کە هەموو کەسێک لە ناخەوە باشە. چێبا لویساش کۆمێدیایەکی گرنگە کە باس لە پرسی نامووس و نەریت و پێوەندیی خێزان دەکات."

پێران کوتمان کە کۆمێدیانێکی ناسراوە هەم بۆ کورد و هەمیش بۆ تورک، بەهۆی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکەیەوە "خوشکە پەری خان" باسی کاری خۆی لە بەشی کۆمێدیادا کرد. هەروەها گول سونال کە ژنی کۆچکردوو کەمال سونالی گەورە ئەکتەری تورکیا بوو، بابەتێکی پێشکەش کرد.

نیستی هەروەها گوتی "من زۆر خۆشحاڵم بەو بایەخەی ئامادەبووان نیشانیان دا. ئێمە توانیمان خەڵکێکی زۆر کۆبکەینەوە لەڕێگەی ئەو میوانە ناودار و خۆش زەوقانەی کە لە تورکیا و بەریتانیاوە هاتبوون و ئەو کۆمێدیانەیش کە لە سوید و شوینەکانی دیکەی دونیاوە بانگێشت کرابوون."

نیستی کە لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە شاری ئامەدی بەجێهێشتووە و لەگەڵ ماڵەوەیان لە سویدە، کۆمەڵێک خەڵاتی بۆ کارەکانی وەرگرتووە. ئەو بە هۆی پێوەندیی ڕاستەوخۆ و نزیکبوونەوەی خێرای لە بینەرانی زۆر ستایش کراوە. لە 2009دا نیستی وەک بێژەری بەرنامەی تەلەڤزیۆنی "گوڵفرۆش" لە کەناڵی تەرەتە 6ی تورکیادا بەشداری کرد.

ئێستا خەریکی ئەڵقەیەکی تەلەڤزیۆنییە کە لە بەرنامە کۆمێدیاکانی خۆی هەڵیهێنجاوە و ناوی لێناوە "دونیای زەینۆ."

زەینۆ کە کارەکتەری سەرەکیی بەرنامەکەیە، ژنێکی بەتەمەنی هەڵگەڕاوەیە کە لە سوید دەژیێت و وەڵامی "نا"ی قبووڵ نییە. هەروەها زۆریش حەز دەکات ئامۆژگاریی لەبارەی ورد و درشتی دونیا بداتە دراوسێکانی. بەرنامەکە چاو بەسەر ئەو پێشداوەرییانەدا دەکاتەوە کە فەرهەنگی جیاواز لە سوید بۆ یەکدی دروست دەکەن.

کۆمپانیاکانی نیستی لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی خۆی نووسیویەتی کە "فێستیڤاڵی فیلمی کۆمێدی دەرفەتی ئەوە دەدات بەوانەی لە شاری ستۆکهۆڵمن، بزانن خەڵکی فەرهەنگەکانی دیکە بە چی پێکەنینیان دێت. لەڕێگەی نوکتە و پێکەنینەوە دەتوانین باشتر یەکدی بناسین."

# کورد لە "بەسویدیبوون" دا لە سێ یەکەمەکەیە



**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

پرۆسەی شیاندن و ئاوێتەبوون لەگەڵ کۆمەڵگەی سویدیدا قورسترین پرۆسەیە بۆ پەنابەران بە تایبەتی بۆ کەسە بەتەمەنەکان، بۆیە حکومەتی سوید توانای خۆی لەو بوارەدا لە منداڵان خەرج دەکات.

"ئەوانەی تەمەنیان گەورەیە، کەمتر توانای فێربوونی زمانیان هەیە". لیس ئەندرشۆن لە فەرمانگەی کاری سوید بە (ڕووداو)ی گوت.

بەبڕوای لیس ئەوەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەو پەنابەرانە دەبێت "چونکە ئەگەر زمان نەزانی، نە کارت دەست دەکەوێت، نە تێکەڵی کۆمەڵگە دەبی".

### سوید زیاتر چاوی لە منداڵانە

دامەزراوەی کۆچی سوید (migrationsverket) ئاماری فەرمیی پەناخوازانی نوێی لە ناوەڕاستی مانگ ڕاگەیاند کە لە هەفتەی سێیەمی ئەم مانگەدا 9200 کەس ڕوویان لەو وڵاتە کردووە و 2400یان منداڵانی بێکەس بوون.

لیس ئەندرشۆن کە کۆمەڵناسە، دەڵێت "لە رووی فێربوونی زمان و تێکەڵبوون لەگەڵ کولتوور، منداڵان سەرچاوەیەکی مرۆیی بەهێزن. لە ڕابردوودا سوید لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بووە، بۆیە زیاتر چاوی لە منداڵانە".

هەروەها گۆستاف فریدۆلین، وەزیری پەروەردەی سوێد ڕایگەیاند "دەوڵەت 200 ملیۆن کرۆن بۆ پرۆسەی فێرکردنی منداڵان تەرخان دەکات".

فێربوون و هەڵکردن لەگەڵ کولتوور لەلایەک و کارکردن و دانی باج دوو پرۆسەی گرنگن کە دەبێت هاووڵاتیان پێوەی پابەند بن "پەنابەران پێچەوانەی ئەمە دەکەن و قورسایی لەسەر دەوڵەت دروست دەکەن، بەڵام لە پرۆسەی شیاندن منداڵان دەبنە بەشێک لە کولتوور و هاوکات دەبنە هێزی کار". ئەندرشۆن وایگوت.

### کێشەی مامۆستای هەیە

زمانی سویدی بۆ بیانییەکان (SFI) پرۆسەی یەکەمی فێربوونی زمانی سویدییە بۆ ئەو بیانییانەی مافی پەنابەرێتی وەردەگرن، بەڵام مامۆستایەکی سوێدی دەڵێت کێشەی کەمیی مامۆستای زمانی سوێدییان هەیە "کەمبوونەوەی مامۆستای زمانی سویدی گوزارشتە لە بوونی کارەساتێک" ئانا کایا وایگوت.

ئەندرشۆن کێشەی کەمیی مامۆستای زمان، بە شکست بۆ پرۆسەی شیاندن و ئاوێتەبوونی پەنابەران لەگەڵ سوێدییەکان دەزانێت.

ئانا کایا لە ناوەندی نەتەوەیی زمان بۆ زمانی دووەم سەر بە زانکۆی ستۆکهۆڵم، دەڵێت "مامۆستاکان بایەخیان بۆ فێرکردنی زمانی سویدی نییە، فێرخوازانی پەنابەر وەک پێویست فێرناکرێن، لە کاتێکدا 25%ی منداڵانی قوتابخانەکان منداڵی بیانین".

بەبڕوای ئاندرش دانیلسۆن، سەرۆکی دامەزراوەی کۆچی سویدیش باجەکە پەنابەران دەیدەنەوە "شیاندن و ئاوێتەبوون ململانێی هەرە گەورەیە و کاتێک پەنابەران مافی مانەوەیان پێدرا، چی ڕوودەدات؟".

ئاندرش دانیلسۆن هەروەها دەڵێت "ژمارەیەکی زۆر پەنابەر وەڵامی ئەرێنی وەردەگرن، بۆیە بابەتی شیاندن بابەتێکی گرنگە". ئەو پێیوایە دەبێت "پرۆسەی شیاندن و ئاوێتەبوون بەر لە وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی بێت، چونکە زۆر لە پەناخوازان دوو ساڵ چاوەڕێ دەکەن تاوەکو مافی پەنابەرێتی وەردەگرن".

بەڵام ئانا کایا کێشەکان تەنیا لەوەدا نابینێ و دەڵێت "قورسیی پرۆسەکە و کەمیی مووچەکەی، مامۆستایانی ئەو بوارە سارد دەکاتەوە".

شاسوار ئەمین، مامۆستای بواری زمانی سویدی (SFI)، دەڵێت "داهاتی مامۆستای ئەم بوارە، بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی، جیاوازییەکی لەگەڵ پارەی سۆسیال نییە". ئەو مامۆستا کوردە لە دامەزراوەی (Lernia) کە یەک لە کۆمپانیا گەورەکانی بواری پەروەردە و فێرکردنە و تەنیا لە هەرێمی ناوەڕاست زیاتر لە 50 هەزار قوتابیی هەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "SFI پرۆسەیەکە پێداچوونەوەی دەوێت، چونکە قوتابی بیانی و پەنابەر کێشەی مامۆستای زمانی دایکیان هەیە".

ئانا ئیکستروم، بەڕێوەبەری دامەزراوەی فەرمانگەی قوتابخانەکان (skolverket) دەڵێت "مامۆستای زمانی سویدی و زمانی دایک، وەک دوو ڕەگەزی سەرەکیی بواری پەروەردە کەمە و کار بۆ زیادکردنیان دەکەین".

### کورد لە سێ یەکەمەکەیە

زمانی باش، کارکرن، نیشتەجێبوون، سێ لایەنی زۆر سەرەکیی ژیانن کە پەنابەر دەکاتە سویدی. بەبڕوای مامۆستایەکی زانکۆ "لەگەڵ بوونی هەر تێبینییەک لەسەر کوردی تاراوگەنشین، بەڵام لە سەرکەوتووەکانە".

فریاد محەممەد لە زانکۆی یۆتۆبۆری دەڵێت "لەدوای ئەڵمانەکان لە ئەورووپا و فارسەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، کورد سەرکەوتووترینە لە تێکەڵبوون و شیاندن".

دامەزراوەی نەتەوەیی فێربوونی سویدی بۆ بیانییەکان، پاداشتێکی دارایی بۆ ئەو بیانییانە هەیە کە زوو فێری زمان دەبن "لەگەڵ تەواوکردنی خوێندنی SFI لەماوەی 6 بۆ 12 مانگ، پاداشتی 9 — 15 هەزار کرۆن وەردەگرێ، لەو ماوەیەش کەمتر لە 25 هەزار کرۆنی سویدی وەردەگرێت". مامۆستا شاسوار گوتیشی "لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا پەنابەرانی فارس و کورد چەندین جار ئەو پاداشتەیان وەرگرتووە".

بەبڕوای مامۆستا فریاد محەممەد "کورد پرۆسەی شیاندنی تێپەڕاندووە و چووەتە قۆناغی بەشداری و کاریگەری. بوونی شەش کورد لە پەرلەمان و زیاتر لە 250 کورد لە ناوەندە باڵاکان، مانای تێپەڕاندنی قۆناغی شیاندنە. تەنانەت کاریگەریمان لەسەر بڕیار و یاساکان هەیە".

لە نوێترین پرۆسەی شیاندندا، کۆچبەر لە ماوەی ساڵێک بۆ دوو ساڵ دەبێتە پەنابەر و ئەوکات مافی ئەوەی هەیە کار بکات و تەواوی ژیانی پارێزراو بێت. لە کۆمۆن و گەڕەکەکان، مافی دەنگدانی هەیە. لە سێ بۆ پێنج ساڵ مافی ئەوەی هەیە ببێتە هەڵگری وڵاتینامەی سویدی، هەروەها مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیشی بۆ پەرلەمان هەیە.

پارتە ڕاستەکان و لە نێویان دژە بیانی و نەژادپەرستەکان، ئەمە بە مەترسی دەزانن. چالاکڤانێکی مافەکانی مرۆڤ دەڵێت "تەواوی پارتە ڕاستەکان کۆکن لەسەر دژایەتیی بیانی و پرۆسەی ئاوێتەبوون".

پارتی مۆدێراتی حوکمڕانی پێشوو کە ئێستا ئۆپۆزسیۆنی ڕاستە، داوا دەکات مافی مانەوەی کاتی بدرێتە پەناخوازان و دوای ئاساییبوونەوەی بارودۆخی وڵاتەکەیان بگەڕێندرێنەوە.

پارتی سویدییە دیموکراتەکانیش دەڵێ "سوید تەنیا بۆ سویدییەکانە. دەبێت کۆچبەران تێبگەیەنین کە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان".

لە دوایین کۆبوونەوەی پەرلەماندا، سەرجەم پارتەکان کۆکبوون لەسەر پرسی (مانەوەی کاتی). پرۆسەکەش بریتییە لە "بەخشینی مافی مانەوەی کاتی بە پەنابەر بۆ سێ ساڵ. لە ئەگەری خۆژیاندن و بەرزکردنەوەی داهات، یان بوونی مەرجی توند بۆ پێویستی مانەوەی لەو وڵاتە، دوای 3 ساڵەکە بۆی دەکرێتە هەمیشەیی".

دامەزراوەی کۆچ (migrationsverket) تەنیا بۆ ئەمساڵ نۆ هەزار حاڵەتی ڕەتکردنەوە و دەرکردنی پەنابەرانی داوەتە پۆلیس بۆ جێبەجێکردن.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) زیاتر لە 50 پەنابەری کورد دەرکراون. بەڵام پۆلیسی ئەو وڵاتە ڕایگەیاندووە کە "70%ی ئەو کەیسانە بێ ناونیشانن و بزر بوون".

## داعش سەما دەڕفێنێ

**دەریاز یونس / رووداو – هەولێر**

سەما ئیسماعیل، خانمه ئەکتەری فارس، له فیلمێکی سینەمایی کوردی- ئەمەریکیدا رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و ستافی فیلمەکەش، کە زۆرینەی ئەمەریکی هەوڵ دەدەن فیلمەکە بچێتە پێشبڕکێ سەرەکییەکانی خەڵاتی ئۆسکار. سەما ئیسماعیلی، به (رووداو)ی راگەیاند "تاوەکو ئێستا ناوی فیلمەکە یەکلایی نەبووەتەوە، چەند ناوێک کاندیدن، نزیکترینیان ناوی (من ئەمەریکییەکەم نەکووشتووە) دەبێت، فیلمەکە باس لە چیرۆکی فڕاندنی کچێکی لادێی دەکات لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش کە من لە فیلمەکە رۆڵی کچێکی کورد بەناوی سەما دەبینم کە هەر ناوی خۆمە و دەبمە کەنیزەی داعش".



هونەری

رووداو

ژمارە (380) 2015/10/26

### کچە گۆرانیبێژ ماریا هەورامی بۆ (رووداو):

# بەرهەمە نوێیەکەم هەورامی نییە



جوانکاریم نەکردووە و نایکەم

نامەوێ بەهۆی جوانکارییەوە ببمە کەسێکی دەستکرد

دەمەوێ پێنج ساڵ جارێک بەرهەمێک تۆمار بکەم

**رێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

بەو دەنگەی کە تەنیا گۆرانیی هەورامی پێدەڵێت زوو هەواداری بۆ پەیدابوون، ماریا هەورامی تەمەنی 25 ساڵە، تاوەکو ئێستا تەنیا بەشداری کۆنسێرت و بەرنامەی هونەریی تیڤییەکانی کردووە و هیچ ئەلبوومێک و گۆرانییەکی سینگڵی تایبەت بەخۆی نییە، سەرجەم ئەو گۆرانییەی دەیانڵێتەوە فۆلکۆری ناوچەکەیەتی، بەڵام بەنیازە یەکەم گۆرانی خۆی بە شێوەزاری سۆرانی تۆمار بکات.

ماریا کەمال مستەفا، ناوە هونەرییەکەی ماریا هەورامییە، دایک و باوکی لە هەورامان لەدایک بوون، بەڵام خۆی لە گەڕەکی ریعایەی شاری سلێمانی لەدایک بووە. ماریا دەرچووی بەشی میوزیکی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانییە و لە ساڵی 2009 بەدواوە دەستی بە گوتنی گۆرانی کردووە، بەتایبەتیش گوتنەوەی گۆرانییە هەورامییەکان، ئەو ستایلەی هونەرمەندانی دیکە ناتوانن خۆی لە قەرە بدەن، بەڵام بۆ ماریا وەک بڵێی ئاوخواردنەوە بووە "چونکە من خەڵکی ناوچەکەم و هەورامیم، بەڵام رەنگە بۆ هونەرمەندێکی نا هەورامی زۆر زەحمەت بێت گۆرانی هەورامی بڵێت".

### بەرهەمەکەی هەورامی نییە

ماریا شەش ساڵە دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ ئەلبوومێکی نییە و تەنانەت گۆرانی سینگڵی تایبەت بە خۆی نییە. ماریا هۆکارەکەی باس دەکات و دەڵێت "بەهۆی نەبوونی کات و سەرقاڵبوونم بە خوێندنی پەیمانگا نەمدەتوانی هیچ بەرهەمێک تۆمار بکەم، بەڵام ئێستا سەرقاڵی بەرهەمێکم".

ئاوازی ئەم گۆرانییەی ماریا لەلایەن مامۆستا بورهان موفتی زادەوە دانراوە و بەنیازە تێکستێک بۆ ئاوازەکە هەڵبژێرێت. بەڵام گوتی "گۆرانییەکە بە شێوەزاری هەورامی نابێت، چونکە هەوادارێکی زۆرم هەن و دەڵێن بۆچی بە شێوەزارەکانی دیکە گۆرانی ناڵێیت، منیش بڕیارم دا دڵیان نەشکێنم و بەرهەمەکەم بە شێوەزاری سۆرانی بڵێم".

ماریا پەلە لە بەرهەمهێنانی گۆرانییەکەی ناکات، چونکە نایەوێ تەنیا چەند رۆژێک گوێی لێ بگیرێت "من نامەوێت بەرهەمێک تۆمار بکەم بۆ ماوەیەکی کورت بێت و دواتر کەس گوێ لەو بەرهەمە نەگرێت. دەمەوێت بۆ مێژوو کار بکەم، بۆ نموونە 5 ساڵ جارێک بەرهەمێک تۆمار بکەم".

### بۆچی لە کیژان جیابووەوە؟

ماریا هەورامی بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ گرووپی کیژانی سلێمانی بە سەرپەرشتی هونەرمەندی میوزیکژەن ئەنوەر قەرەداغی کاری کرد، بەڵام دواتر جیابوونەوەی خۆی لە گرووپەکە راگەیاند.

ماریا زۆر پەسنی ئەو گرووپە دەدات

> گۆرانییەک ناڵێم تەنیا مانگێک گوێی لێ بگیرێت

و هۆکاری جیابوونەوەشی رووندەکاتەوە "گرووپی کیژانی سلێمانی سەرەتایەک بوو بۆ من، کۆمەڵێک هونەرمەندی زۆر باشی تێدابوو، بە تایبەتی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی کە زۆر لەگەڵم هیلاک بوو، زۆر سوپاسی دەکەم". بۆ جیابوونەوەکەش دەڵێت "تەنیا دەمەویست بە تەنیا و بە ئازادی کار بکەم، دەمەوێت هەنگاوێکی دیکەی ژیانی هونەری تاقی بکەمەوە".

### ئاهەنگ بۆ حیزب ناکات

ماریا هەورامی بەشداری چەندین کۆنسێرت و بەرنامەی تەلەفزیۆنی کردووە، بەڵام بەشداری کارێک ناکات حیزبی بێت و بۆنی سیاسەتی لێوە بێت.

ماریا دەڵێت "چەندینجار بۆ بۆنەی حیزبەکان بانگ کراوم بۆ ئەوەی گۆرانی بڵێم، بەڵام من رەتمکردووەتەوە، چونکە نامەوێت هونەرەکەم تێکەڵی سیاسەت بکەم".

لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە داوا لە ماریا کرابوو بەشداری کۆنسێرتێک بکات، بەڵام ئەو رەتیکردبووەوە، ماریا هۆکارەکەی باسکرد و گوتی "سوپاسی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم، بەڵام کاتەکەی گونجاو نەبوو لەوێ کۆنسێرت بکەم. بەس پشتیوان بەخودا کاتێکی گونجاوم هەبێت، خۆشترین کۆنسێرتیان بۆ دەکەم".

ئەو کۆنسێرتەی قەت لە بیری ناکات، کۆنسێرتێک بووە لە شاری هەولێر، ماریا دەڵێت "ئەو کۆنسێرتەی کە زۆر پێی دڵخۆش بووم، کۆنسێرتی شاری هەولێر بوو، چونکە لەوێ بۆم دەرکەوت کە خەڵکی هەولێر چەندە هونەردۆستن".

### هەورامییەکان دەستخۆشی لێدەکەن

زۆر لەو هونەرمەندە گەنجانەی بەرهەمی گۆرانیبێژە دێرینەکان یان گۆرانی فۆلکلۆر دەڵێنەوە، دەکەونە بەر رەخنەی خەڵک و شارەزایانی بواری هونەری گۆرانی، چونکە زۆرجار مافی تەواو بە گۆرانییەکە نادەن و لە رەسانەیەتی دایدەماڵن.

ماریا پێیوایە ئەو لەو هونەرمەندانە نییە کە زۆر رەخنەی لێ گیرابێت و دەڵێت "من گۆرانی ناوچەی هەورامان دەڵێمەوە، ئەوەندەی دەستخۆشی هەورامییەکانم بۆ هاتووە، چارەکی ئەوە رەخنەم لێ نەگیراوە، چونکە من لە دڵەوە خزمەتی هەورامان دەکەم". گوتیشی "جگە لەوە ژنی گۆرانیبێژی هەورامیمان زۆر

> بەشداری ئاهەنگی حیزبی ناکەم

کەمە، بۆیە پێموایە من توانیومە خزمەتێکی باشی گۆرانی هەورامی بکەم".

### دژی جوانکارییە

جوانییەکەی ماریا جۆرێکە کە هەندێک کەس گومان دەکەن نەشتەرگەریی جوانکاری کردبێ، بەڵام ئەو رەتیدەکاتەوە جوانکاریی کردبێ و دەڵێت "جوانکاریم نەکردووە، قەتیش حەزم لێی نەبووە، بەنیازیش نیم جوانکاری بکەم، چونکە هەست دەکەم ئەوکات دەبمە کەسێکی دەستکرد".

### ئەحلام حەجی، شاجوانی پێشووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا بۆ (رووداو):

# زۆر سەرسامم بە ژنانی کورد

- بۆ شووکردن بەدوای کەسێکی گونجاودا دەگەڕێم
- زانیاریم لەسەر شاجوانەکانی کوردستان نییە



ساڵی 2011 ئەحلام حەجی سەردانی لوبنان دەکات، بە رێکەوت لەوێ گوێی لەوە دەبێت کە کێبڕکێیەک هەیە بۆ هەڵبژاردنی شاجوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆیە بڕیار دەدات بەشداری بکات. ئەحلام لە بەیروت تاجی شاجوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەسەر دەنرێت.

ئەحلام حەجی کە بە رەگەز مەغریبییە و لە فەرەنسا دەژی، دوای تەواوبوونی ماوەی شاجوانییەکەی دەزگایەکی خێرخوازی بۆ یارمەتیدانی منداڵان بە ناوی خۆی دادەنێت. پاشان روو لە گۆرانیگوتن و نواندن دەکات.

ئەحلام لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت ئاشنایەتی لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی کورد هەیە و بەنیازە بەم نزیکانە سەردانی شاری هەولێر بکات.

هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح
رووداو - هەولێر

**رووداو: رەنگە زۆر کورد تۆ نەناسن، بۆیە حەز دەکەین لەسەر زاری خۆت بزانین ئەحلام کێیە؟**

**ئەحلام:** لە دایکێکی عێراقی و باوکێکی مەغریبی لەدایک بووم. لە پاریس دەژیم. ئابووریم لە فەرەنسا خوێندووە.

**رووداو: چۆن بوو بڕیارت دا بەشداری کێبڕکێی شاجوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەی؟**

**ئەحلام:** هیچ بەرنامەیەکم نەبوو، بە رێکەوت بوومە شاجوان. لە لوبنان کێبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سازکرا و من بەشداریم کرد، لەو باوەڕەدا نەبووم ببمە شاجوان. هەر ئەوکاتە بڕیارم دا کار بۆ منداڵانی بێ دایک و باوک بکەم، بۆیە کۆمەڵەی ئەحلامم بۆ منداڵان دامەزراند. ئەم کۆمەڵەیە منداڵانی بێ دایک و باوک لە ئەورووپا لە خۆی دەگرێت و بەخێویان دەکات.

دواتریش نازناوی شاجوانی ئاسیام پێ بەخشرا، پاشان یانەی تایبەتم بۆ جوانکاریی ئافرەتان دامەزراند. پێش ئەوەی بێمە نێو دونیای گۆرانیش، بەشێوازێکی زانستی هونەری میوزیک و گۆرانیم خوێند.

**رووداو: هیچ دەربارەی گەلی کورد دەزانی؟**

**ئەحلام:** رێزێکی زۆر تایبەتم بۆ کورد هەیە، کورد خاوەن داواکارییەکی رەوای نەتەوەییە، هیوادارم بە هیوا و ئاواتەکانیان بگەن. من لە نزیکەوە چاودێریی دابونەریت و رۆشنبیریی کوردی دەکەم. لە نێو ئێمەی عەرەبدا کورد بە گەلێکی رێزدار و ئازا و بە وەفا و خاوەن هەڵوێست ناسراون.

**رووداو: هیچ هاوڕێیەکی کوردت هەبووە؟**

**ئەحلام:** بەهۆی خزمەکانی دایکم لە عێراق تێکەڵاویم لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی کورد هەیە و زۆر لێکەوە نزیکین.

**رووداو: کچی مەغریبی بە چ دەناسرێنەوە.**

**ئەحلام:** کچی مەغریبی تایبەتمەندییان زۆرە، بە سۆز و خۆشەویستی و دڵسۆزی ناویان دەرکردووە. سەرکەوتنیان لە گشت بوارەکانی ژیاندا بەدەست هێناوە، ژنی مەغریبی دایکێکە دەزانێت چۆن خێزانێکی بەهێز و یەکگرتوو پەروەردە بکات، ژنی مەغریبی بەو سیفەتانە دەناسرێنەوە.

> تێکەڵاویم لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی کورد هەیە

**رووداو: ئەی چی دەربارەی ژنانی کورد دەزانی؟**

**ئەحلام:** بەهێز و بەسۆزن. ژنی کورد دایکێکە دەزانێت چۆن بەرەو باشتر هەنگاو بنێ. هیوای بە ژیان زۆرە. ئەوان بە بارودۆخی زۆر سەختدا گوزەریان کردووە، بەڵام هەرگیز هێز و توانای خۆیان لەدەست نەداوە. سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتانە توانییان نەتەوە و نەوەیەکی بەهێز پەروەردە بکەن. من وەکو ئەحلام زۆر شەیدا و سەرسامی ژنی کوردم.

**رووداو: لە کوردستان دووجار شاجوانی کوردستان هەڵبژێردراوە، ئایا هیچ زانیارییەکت لەسەر شاجوانەکانی کوردستان هەیە؟**

**ئەحلام:** زۆر زانیاریم لەسەر شاجوانەکانی کوردستان نییە، بەڵام هیوای سەرکەوتن و بەردەوامییان بۆ دەخوازم.

**رووداو: بەنیازی سەردانی کوردستان بکەی؟**

**ئەحلام:** بەڵێ دەمەوێت سەردانی کوردستان بکەم، بەمەبەستی گەشتکردن و لە نزیکەوە بینینی جوانی و دڵڕفێنی و خێر و خۆشیی ئەو وڵاتە. هەڵبەتە من بەنیازم سەردانی کەمپی ئاوارەکان بکەم کە لە کوردستان نیشتەجێن، بە ئەرکی خۆم و کۆمەڵەی خێرخوازیی ئەحلامی دەزانم لە نزیکەوە بارودۆخی ئاوارەکان ببینم و هەوڵ بدەین بەپێی پێویست یارمەتییان بدەین.

**رووداو: تۆ گۆرانیبێژیشی، قەت گوێت لە گۆرانی کوردی گرتووە؟**

**ئەحلام:** حەز دەکەم گوێ لە گۆرانی کوردی بگرم. دەڵێن گۆرانی و میوزیکی کوردی پڕە لە ژیاندۆستی و خۆشەویستی و میهرەبانی. ئێستا هەوڵ دەدەم خۆم فێری زمانی کوردی بکەم بۆ ئەوەی لە مانای گۆرانییەکان تێبگەم.

**رووداو: کە فێری کوردی بوویت، گۆرانی بە کوردی ناڵێیت؟**

**ئەحلام:** کە فێری زمانی کوردی بووم، بە خۆشحاڵییەوە گۆرانییەکی کوردی پێشکەشی گەلی کورد دەکەم.

**رووداو: جگە لە گۆرانی لە بواری نواندن کار دەکەی؟**

**ئەحلام:** بەڵێ دوای ئەوەی لە فەرەنسا چاوم بە ئەستێرەی جیهانی عەرەبی عومەر شەریف کەوت، زۆر هانیدام روو لە نواندن بکەم، بەڵام دواتر بەهۆی بارودۆخی خۆم، بەتایبەتی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئەحلام بۆ منداڵان، نەمتوانی دووبارە عومەر شەریف ببینمەوە و لەو بوارەدا بەردەوام بم.

**رووداو: بۆچی تاوەکو ئێستا شووت نەکردووە؟**

**ئەحلام:** شوو نەکردنم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەدوای کەسێکی گونجاودا دەگەڕێم، چونکە من پێموایە شووکردن پرۆسەیەکی سەختە نەوەک گەشتێکی کات بەسەر بردن.

**رووداو: مەرجی شووکردنت چییە؟**

**ئەحلام:** مەرجی سەرەکی من بۆ شووکردن ئەوەیە دەبێت پیاوێکی بەخشندە و خاوەن کەسایەتی و خۆشەویست بێت لەنێو خەڵک و کۆمەڵگا، هەروەها لە بنەماڵەیەکی بەڕێز و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بێت.

**رووداو: ئامادەی لە گۆرانییەکانتدا سەما بکەی؟**

**ئەحلام:** من دژی سەماکردن نیم، هەرچەندە تێبینی و سەرنجم هەیە دەربارەی هەندێک بابەت ئەوانەی کە سەر بەو قوتابخانەیە نین، بۆیە رەنگە بە سەماکردن رازی بم، بەڵام بەو مەرجانەی خۆم دایاندەنێم.

**رووداو: دوا پرۆژەت چییە؟**

**ئەحلام:** نوێترین کاری هونەریم گۆرانییەکی مەغریبییە کە لەم ماوەیەدا دەکرێتە ڤیدیۆ کلیپ. هیوادارم بەدڵی هەوادارانم بێت.



- دەمەوێت سەردانی هەولێر بکەم
- هەوڵ دەدەم خۆم فێری زمانی کوردی بکەم

هەوراز گوڵپی، بێژەر لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو:

# مەلا بووم و وتارێکی هەینیم بە پێنج خولەک تەواو کرد



بەنیاز بووم کوڕەکەم ناوبنێم ئۆجەلان

لەگەڵ درەوشانەوەی ئەستێرەکان لە ئاسمان، هەموو شەوێک کاژێر 12ی شەو، ئەستێرەیەکی ڕووداو لە شاشە دەردەکەوێت، ئەویش هەوراز گوڵپییە. بە پاشناوەکەیدا دیارە خەڵکی ناوچەی هەورامانە. هەر کاتێک لە شاشەی ڕووداو دیار نەبێت، لە هەورامان دەیبیینیتەوە. هەوراز هێندە هۆگری هەورامانە، تەنانەت بۆ نانخواردنێکیش بێت حەز دەکات بچێتەوە ئەوێ. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) شتی تازە لەبارەی ئەو بێژەرەی ڕووداو دەزانی کە پێشتر نەتزانیوە.

هەڤپەیڤین: دەرباز یونس
ڕووداو- هەولێر

## جوندولئیسلام لەسەر مەلا کرێکار دەستگیریان کردم

**ڕوودا: کە تەلەفۆنمان بۆ کردی بۆ ئەم هەڤپەیڤینە، لە نەخۆشخانە بوویت، نەخۆش بووی؟**

**هەوراز گوڵپی:** نەخێر خۆم نەخۆش نەبووم. من و هاوژینەکەم سەرقاڵ بووین و ئاگامان لێ نەبوو کوڕەم پاترییەکی بچووکی قوت دابوو. چووینە نەخۆشخانەی ڕزگاری، چوار کاژێر چاوەڕێمان کرد، هیچ دکتۆرێکی پسپۆڕی لێ نەبوو تاوەکو پاتریەکە لە گەدەی دەربێنن، ناچار گواستمەوە بۆ یەکێک لە نەخۆشخانە تایبەتەکانی شاری هەولێر، لەوێ بە 700 هەزار دینار لە ماوەی کاژێرێک دەریانهێنا.

**ڕوودا: زانیوومانە سەرەتا خوێندنت تەواو نەکردووە، بۆچی؟**

**هەوراز گوڵپی:** من تاوەکو قۆناغی چواری دواناوەندی لە قوتابخانەی ئاسایی خوێندم، بەڵام دواتر بەهۆی هەژاری و نەدارییەوە وازم لە قوتابخانە هێنا و چوومە حوجرەی مزگەوت و بوومە فەقێ.

## ئێستاش لە پرسەکاندا قورئان دەخوێنم

ژیانی حوجرە ژیانێکی خۆش بوو.

**ڕوودا: دەڵێن وتاری هەینیت دەخوێندەوە؟**

**هەوراز گوڵپی:** ئەوە تەنیا یەکجار بوو، جارێکیان لە گوندێکەوە تەلەفۆنیان کرد گوتیان مەلایەکمان بۆ بنێرن، مەلاکەی خۆمان وازی هێناوە. ئەوە بوو منیان نارد. منیش یەکەم جارم بوو وتاری هەینی بخوێنمەوە، وتارەکەم بە پێنج خولەکەک تەواو کرد، لە وتارەکەدا باسی ژیانی ئیمام عومەری کوڕی خەتابم بۆ کردن. ماوەیەکیش لە گوندێکی پێنجوێن مەلا بووم، ئێستاش بەهۆی ئەوەی دەنگم خۆشە، کە دەگەڕێمەوە ناوچەی خۆمان لە پرسەکاندا قورئان دەخوێنم.

**ڕوودا: ئەو کاتەی تۆ لە ناوچەکەتان مەلا بووی، شەڕی یەکێتی و جوندولئیسلام هەبوو، کێشەت بۆ دروست نەدەبوو؟**

**هەوراز گوڵپی:** بەڵێ زۆرجار لە بازگەکاندا ئەگەر جامانەی مەلاییت لەسەر بووایەو ڕیشت بهێشتبایەوە کێشەیان بۆ دروست دەکردی. بەڵام جارێکیان لە گوندەکەمانەوە چووم باخەکەی باوکم ئاو بدەم، لەو کاتەدا چەند مەترێک دوور لە من مینێک بە ئۆتۆمبێلەکەی مەلا کرێکاردا تەقییەوە، بەڵام مەلا کرێکار لە نێو ئۆتۆمبێلەکەدا نەبوو، ئەوکات جوندولئیسلام چەند کەسێکیان لەو ناوچەیە دەستگیر کرد، یەکێک لەوانە من بووم، منیان بردە بیارە و بۆ ماوەی 6 کاژێر زیندانییان کردم و دواتر ئازادیان کردم.

**ڕوودا: لە فەیسبووک لە کۆمێنتەکاندا زۆر پرسیارت لێ دەکەن و دەڵێن، ژنەکەت عەرەبە؟ بەم هۆیەوەش زوو زوو سەردانی شاری بەغدا دەکەیت، ئەمە ڕاستە؟**

**هەوراز گوڵپی:** ڕاستە من لە بەغدا خێزانم پێکەوەنا، بەڵام ژنەکەم عەرەب نییە و خەڵکی ناوچەی خۆشناوەتییە و لە بەغدا ژیاون.

**ڕوودا: چەند ساڵ لە بەغدا مایەوە، ژیانت لەوێ چۆن بوو؟**

**هەوراز گوڵپی:** من لە ساڵی 2005 تاوەکو 2011 لە بەغدا بووم، بارودۆخێکی زۆر خراپ بوو، چەندینجار بە چەند مەترێک دوور لە من تەقینەوە ڕوویداوە. هەفتەیەک بوو چووبوومە بەغدا، لە شەقامی فەلەستین لەگەڵ چەند هاوڕێیەک پیاسەم دەکرد، مافیایەک هات و دەمانچەی دەرهێنا بەرەو ڕووی ئێمە، ئەوکاتە تازە مۆبایلێکی سۆنی ئەریکسۆنم کڕیبوو، مۆبایلەکەیان لێسەندم. هەر باش بوو نەیانکوشتم.

**ڕوودا: هاوژینەکەتت چۆن ناسی؟ پەیوەندی خۆشەویستیان هەبوو؟**

**هەوراز گوڵپی:** ئێمە لە ڕادیۆی شەفەق لە بەغدا پێکەوە بووین، دەمبینی کەسێکی بێدەنگ و ڕێکوپێکە، ماوەیەک سەیری یەکمان دەکرد، سەیرکردنەکە بوو بە پەیوەندی خۆشەویستی. دواتر بەڕێوەبەری ڕادیۆی شەفەق خوازبێنی بۆ کردم و کەسوکاری ڕازی بوون. ساڵی 2011 گواستمەوە و هاتمەوە شاری سلێمانی. ئێستا کوڕێکم هەیە بە ناوی یوسف. سەرەتا بەنیازبووم ناوی بنێم ئۆجەلان، بەڵام دواتر لەبەر دڵی ژنەکەم ناومان نا یوسف، چونکە حەزی لە ناوێکی ئاینی بوو.

**ڕوودا: لە بەغدا پەیوەندیت لەگەڵ کچی عەرەب نەبوو؟ بەنیاز نەبووی کچێکی عەرەب بکەیتە هاوژینت؟**

**هەوراز گوڵپی:** لە بەغدا ژنێکی عەرەب گوتی من کچەکەی خۆمت دەدەمێ، منیش ڕازی بووم. بەڵام کاتێک چوومە خوازبێنی، باوکی گوتی چەندت پارە هەیە؟ کە وای گوت یەکسەر کشامەوە. ماوەیەکیش پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵ کچی بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی ناوخۆی عێراقدا هەبوو.

**ڕوودا: وەک بێژەرێک هیوا بەچ دەخوازی؟**

**هەوراز گوڵپی:** حەز دەکەم یەکەم بێژەر بم کە لەسەر شاشە هەواڵی سەربەخۆیی کوردستان بخوێنمەوە.

**ڕوودا: بەڵام تۆ ئێستا کاتی هەواڵ خوێندنەوەت لە شەواندایە، پێتوایە سەربەخۆیی کوردستان لە شەو ڕابگەیەندرێ؟**

**هەوراز گوڵپی:** هەواڵ خوێندنەوەی شەوانم کاتییە، دەگەڕێمەوە ڕۆژ بۆ خوێندنەوەی هەواڵ. هیوادارم ئەو کاتەی سەربەخۆیی ڕادەگەیەندرێت من لە ستۆدیۆ هەواڵ بخوێنمەوە.

دەمەوێ یەکەم بێژەر بم هەواڵی سەربەخۆیی کوردستان بخوێنمەوە

مافیایەک لە بەغدا مۆبایلەکەیان بردم

ژنەکەم عەرەب نییە و خەڵکی خۆشناوەتییە

### هەوراز گوڵپی

ساڵی 1985 لە هەڵەبجە لەدایک بووە. تاوەکو چواری دواناوەندی لە قوتابخانەی ئاسایی خوێندووە، دواتر بەهۆی هەژاری، خوێندنی لە حوجرەکانی مزگەوتدا تەواو کردووە. ساڵی 2005 دەچێتە بەغدا و لەوێ کۆلێژی ئادابی عەرەبی تەواو دەکات. هەر لەوێش لەگەڵ کچێکی هەولێری خێزان پێکەوە دەنێن و ساڵی 2011 دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی و لە ڕادیۆی نەوا دەست بە کار دەکات، لە سەرەتای دامەزراندنی تۆڕی میدیایی ڕووداوەوە وەک بێژەری هەواڵ لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو کار دەکات.

(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)



محەممەد کەرەم

## سندووق و تفەنگ لە ئامەد

هەرکە گەیشتینە هۆتێلەکەمان لە ئامەد، یەکەم شت کە بۆی چووم تەماشاکردنی هەواڵەکان بوو بۆ ئەوەی بزانم لە تورکیا بە چ ئەندازەیەک گرنگی بە هەڵبژاردنەکان دراوە، ئەوەی بۆ من "سوپەر" بوو بە قەولی ئامەدییەکان، بینینی ڕووداو بوو لە ترۆپکی لیستی کەناڵە هەواڵییەکانی نێو تەلەفزیۆنەکانی هۆتێلەکەدا. خۆ خویایە ڕووداو لە کوردستان چ ناوبانگێکی هەیە، بەڵام جیاکردنەوەی لە هەموو تەلەفزیۆنە کوردییەکان و دانانی لە نێو دەستەبژێرێک لە کەناڵە هەواڵییەکانی تورکیا و جیهان، پشتڕاستی کردمەوە کە ڕووداو لە باکووریش پڕ بینەرە.

ئەوەی دەیگێڕمەوە ڕێک باسی ڕۆژی 2015/5/31 بوو کە بۆ ماوەی 8 ڕۆژ ڕووماڵی هەڵبژاردنەکانی باکووری کوردستان و تورکیامان کرد. ئەو کاتە چالینجەکان زۆر بوون، ئاستەنگییەکانی بەردەم پەخشکردنی بۆڵتنێکی هەواڵ بە تەواوی پاکێجەکانییەوە فرە بوون، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە چالینجێکی زۆر قورس بوو و بەسەلامەتی و سەرکەوتوویی تێمانپەڕاند، پاراستنی باڵانس بوو لە نێوان پەخشکردن بە زمانی کوردی و ڕاوەستان بە یەک مەودا لە نێوان هەموو حیزبە بەشدارەکانی هەڵبژاردنی تورکیادا. ئاسان نییە بە کوردی پەخش بکەی، بەڵام بە مەرج و کواڵیتی تەلەفزیۆنە هەواڵییەکانی جیهان، زانیاری ئاراستەی بینەرانی کورد بکەی و وەڵامیشت هەبێت کە بۆچی لەنێو حیزبە کوردییەکاندا پشتگیری لە هیچ حیزبێک بەجیا ناکەی، چونکەکان زۆر بوون، بەڵام لە ڕەوشی ئاوارتەدا دەربڕینی بە گوتن ناکرێت بەڵکو بە کردار، ئێمەش لە حەوتی حوزەیران کردمان.

دوای تێپەڕینی نزیکەی پێنج مانگ و تێپەڕاندنی زۆر ڕووداو و وەرچەرخان و ستۆریی بالکێش، وا دیسان لە ئامەدەوە بە ئەزموونی باڵاتر و پلانێکی نوێوە لە خزمەتی بینەرانی ڕووداوداین، بەڵام ئەمجارە بە کۆمەڵێک جیاوازی و ستۆریی تازەوە.

ئەوەی لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا لە ڕووداو دەیبینن، زۆرترین زانیاری دەبێ لەسەر تورکیا، باکووری کوردستان، گەنجان، پێکهاتە و چین و توێژە جیاجیاکان، ئاستەنگییەکانی بەردەم هەڵبژاردن، پەیوەندی نێوان پارتەکان و تەواوی وردەکارییەکانی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنەوە. جگە لەوەش بە قووڵی شەنوکەوی پێشهات و پەرەسەندنەکانی باکووری کوردستان و کاریگەرییان لەسەر دەنگی خەڵک دەکەین.

لە باکووری کوردستان بە ڕوونی دیارە کە چ ململانێیەک لە نێوان هەڵبژاردن و شەڕدا هەیە، بە بازاڕ و ڕوخساری هاووڵاتیانەوە دیارە ململانێی نێوان دەنگ و تفەنگ چ گرەوێکی یەکلاکەرەوەیە، هەر بۆیە ڕووداویش سلۆگانی هەڵبژاردنەکانی باکووری کوردستانی کردە سندووق و تفەنگ.

ئەمجارە دوو بۆڵتنی هەواڵ لە کاژێر 17:00 و 22:00 لە ئەنقەرە و ئامەدەوە پێشکەش دەکەین، لە بۆڵتنی ئامەددا فۆکۆس دەخەینە سەر باکووری کوردستان. لە ئەنقەرەش لە کێشە قەبەکانی تورکیادا قووڵ دەبینەوە، لەم پێناوەدا ڕووداو دوو ستۆدیۆی پرۆفیشناڵی لە ئامەد و ئەنقەرە دروستکردووە و پەیامنێرانی لە شارەکانی ئامەد، مێردین، وان، دێرسیم، ڕوحا، عەنتاب، ئەنقەرە، ئیستەنبوڵ و زۆر شار و شارۆچکەی تورکیا و باکووری کوردستان بڵاوکردوونەتەوە کە لەبری چاو و گوێی بینەران، زانیاری دەگوازنەوە.

مەبەستی ڕووداو لە فۆکۆس خستنە سەر هەڵبژاردنی دووبارە لە تورکیا، دووبارەکردنەوەی ئەزموونی ڕووماڵی پێشوو نییە، بەڵکو دڵنیاکردنەوەی بینەرانیەتی لەوەی کە مەحاڵە ڕووداو لە لیستی تەلەفزیۆنەکانیان هەبێت و هەواڵی گەرموگوڕ لەسەر ڕووداوێکی وەها گرنگ و یەکلاکەرەوە وەرنەگرن.

RÛDAW

## پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنی ڕووداو



**ڕووداو ئەمڕۆ:** بەرنامەیەکی مێزگردییە باس لە مژاری ڕۆژ دەکات.
کاتی پێشکەشکردن: یەکشەممە تا پێنج شەممە، کاژێر 21:05
پێشکەشکار: هیوا جەمال

**وەرزین:** پرۆگرامی ئەم هەفتەیەی وەرزین تایبەتە بە خستنەڕووی ئەو داتا و زانیاریانەی پەیوەستن بە خولە جیاوازەکانی یانەکانی ئەوروپا.
کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: ڕێبوار محەممەد

**مێد ئین کوردستان:** ئەم هەفتەیە باسی پرۆژەی ستراتیژی شەقامی 120 مەتری لە شاری هەولێر دەکات.
کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: هێدی کەریم

**دوو ئالی:** پرۆگرامی دوو ئالی ئەم هەفتەیە لە شاری ئەنقەرەی تورکیا پێشکەش دەکرێت. دوو سیاسەتڤان لەگەڵ پێشکەشکاری بەرنامەکە شرۆڤەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا دەکەن.
کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: دلبخوین دارا

**هەڤپەیڤین:** هەڤپەیڤینێکی تایبەتە لەگەڵ مۆینز لۆکینتۆف، سەرۆکی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.
کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: مەجید نیزامەددین گلی

**قاوەیەک لەگەڵ حیزبەکان:** ئەم هەفتەیە پێشکەشکاری بەرنامەکە قاوەیەک لەگەڵ کادیرانی پێشکەوتووی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دەخواتەوە.
کاتی پێشکەشکردن: چوارشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: هێمن عەبدوڵڵا

**هەڤپەیڤین:** هەڤپەیڤینێکی تایبەتە کە پێشکەشکار دلبخوین دارا لەگەڵ سیاسەتمەدار عوسمان ئۆجەلان کردوویەتی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی تورکیا و کاریگەری لەسەر پرسی کورد لە باکوری کوردستان
کاتی پێشکەشکردن: چوارشەممە، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: دلبخوین دارا

**پەنجەمۆر:** بەشی دووەمی گفتوگۆیەکە لەگەڵ ئیبراهیم سۆفی (ئەبو تارا) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان.
کاتی پێشکەشکردن: پێنجشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: کاوە ئەمین.

**نۆڕین:** لە پرۆگرامی نۆڕیندا چەند بابەتێکی تەندروستی گەنگەشە دەکرێن و داتاو زانیاری نوێ لەبارەی بابەتە پزیشکییەکان دەخرێتەڕوو. هەروەها پرۆگرامەکە لە چەند گرفتێکی تەندروستی دەنۆڕێ.
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 21:05
پێشکەشکار: دکتۆر ئاراس برادۆستی

**دۆکیۆمێنتاری:** دۆکیۆمێنتاری (کانی ماڵ — کوردانی خوراسان) بەشێکە لە زنجیرە دۆکیۆمێنتی تایبەت بە ژیان و کولتووری کوردانی خۆراسان لە باکووری خۆرهەڵاتی ئێران.
کاتی پێشکەشکردن: هەینی کاژێر 22:05

**چاوی ڕووداو:** لە هەر ئەڵقەیەکی چاوی ڕووداودا چوار فیچەر پێشکەش دەکرێن.
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: گوڵستان محەممەد ئەمین

تێبینی: ئەم خشتەیە جێگیر نییە، ڕەنگە بەهۆی ڕووماڵ و ڕاستەوخۆکانی تەلەڤزیۆنی ڕووداو، گۆڕانکاری بەسەردا بێت.


MAJIDI LAND
ماجدی لاند ئێستا كراوەیە
هەولێر - ڕێگای كەسنەزان
WWW.MAJIDILAND.COM
MAJIDI LAND


SIDAR
AGENCY
for advertisement and media production
سیدار ئێجێنسی، كۆمپانیای تایبەت بە كاری ڕێكلام و ماركتینگ و بەرهەم هێنانی میدیایی، تاكە بریكاری سەرەكی تۆڕی میدیایی ڕووداوە، بۆ ڕێكلام كردن لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و پۆرتاڵی ڕووداو.
RÛDAW
بۆ ڕێكلام كردن
لە تۆڕی میدیایی
ڕووداو
دەتوانن پەیوەندی بكەن بە :
agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
CIHAN CITY
www.cihancity.com
* ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
* کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
* چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
* کاتژمێر چاودێری.
* قوتابخانە.
* مزگەوت.
* نورینگەی پزیشکی.
* سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
* رووبەرێکی فروانی سەوز.
* مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
ممتاز
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب

رووداو
ژنان
ژمارە (380) دووشەممە 2015/10/26

## بکوژانی ژنێک دەستگیر دەکرێن

**تەیار عادل گۆران / رووداو- بەردەڕەش**

رائید عەفان عەبدولحەمید، ئەفسەری نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانی بەردەڕەش بە (رووداو) راگەیاند چوار کەسیان بە تۆمەتی کوشتنی ژنێکی تەمەن 47 ساڵ، دەستگیر کردووە کە سەرەتای ئەم مانگە تەرمەکەی لە چۆڵەوانییەکی ناحیەی رۆڤیای سەر بە قەزای بەردەڕەش دۆزرایەوە. رائید عەفان گوتی "یەکێک لە تۆمەتبارەکان برای ژنەکەیە و لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیشدا دانی بە تاوانەکەدا ناوە و گوتوویەتی خۆی بە تەنیا ئەو کارەی کردووە و سێ کەسەکەی دیکە بێ تاوانن".



# بەو پەتەی دروستی کردبوو خۆی خنکاند

## باوکی: کچەکەم تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- کەرکوک**

"سەلام لە دایک و باوک و کەسوکار بکە" ئەوە دوا قسەی سارا بووە شەوێک پێش خۆخنکاندنی کە بە خوشکێکی بچووکتری گوتووە. بۆ بەرەبەیانی رۆژی دواتر بە حەبلێک خۆی خنکاندووە. باوکی سارا دەڵێت کچەکەی نەخۆشیی دەروونی هەبوو، بۆیە خۆی خنکاندووە.

سارا غانم زیاب، کچێکی تەمەن 20 ساڵی لە بنەڕەتدا خەڵکی ناحیەی رەشادی سەر بە شاری کەرکووکە، بەڵام نزیکەی 30 ساڵە هاتوونەتە شاری کەرکووک و لە گەڕەکی یەکی حوزەیران کە گەڕەکێکی عەرەبنشینە، نیشتەجێن. ئەو کچە بەرەبەیانی 2015/10/17 لە چێشتخانەی ماڵەکەیاندا حەبلێکی بە پانکەوە بەستووە و خۆی پێ خنکاندووە.

چەند رۆژێکی کەم بەسەر خۆخنکاندنی سارادا تێپەڕیبوو، بەڵام ماڵەکەیان هێشتا جمەی دەهات لەو کەسانەی بۆ سەرەخۆشی هاتبوون و دڵنەوایی خێزانەکەیان دەدایەوە.

### پێشتریش هەوڵی خۆکوشتنی داوە

غانم زیاب و هاوژینەکەی تازە لە لێکۆڵینەوەی بنکەی پۆلیس لەبارەی هۆکاری خۆخنکاندنی کچەیان گەڕابوونەوە. باوکی هۆکاری خۆخنکاندنی کچەکەی بۆ نەخۆشیی دەروونی گەڕاندەوە و بە (رووداو)ی راگەیاند "تاوەکو کاتی دەستپێکردنی شەڕی داعش کچەکەم هیچ کێشەیەکی نەبوو، بەڵام لەگەڵ تێکچوونی بارودۆخی ئەم ناوچەیە کچەکەم ترسا و باری دەروونیی باش نەبوو، چەند جارێکیش بردمانە لای شێخ و پزیشک، بەڵام هەر باش نەدەبوو".

بەپێی قسەی باوکی، سارا پێشتریش چەند جارێک هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام نەمردووە. باوکی سارا گوتی "کچەکەم پێشتریش لە رێگەی حەبخواردن و چەقۆ لەخۆدانەوە هەوڵی خۆکوشتنی دابوو".

### "خۆی پەتەکەی دروست کردووە"

غانم روونی کردەوە، کچەکەی بە پەتێک کە خۆی لە دەزووی گونیە دروستی کردووە، خۆی خنکاندووە و گوتی "پێشتریش ئەو پەتانەی دروست دەکرد، بەڵام وا دیارە رۆژێک پێش خۆخنکاندنی ئەو پەتەی دروستکردووە و شەوەکەشی بە خوشکە بچووکەکەی گوتووە: سەلام لە باوک و دایکم و کەسوکار بکە، بەڵام بەداخەوە دوای رووداوەکە ئینجا کچە بچووکەکەم ئەو قسەیەی بۆ گێڕامەوە، ئەگینا ئاگاداری دەبووم و نەمدەهێشت خۆی بخنکێنێ".

وەکو غانم گوتی، کچەکەی ماوەیەک باری دەروونی باش بووە و ماوەیەکیش خراپ دەبوو، ئەگینا هیچ کێشەیەکی دیکەی نەبووە و لەگەڵ هەموویاندا وەکو هاوڕێ بووە "کچێکی زۆر بێدەنگ بوو". باوکی وادەڵێت.

بەپێی قسەی باوکی، سارا هەر لە منداڵییەوە حەزی لە خوێندن نەبووە و زوو وازی لە قوتابخانە هێناوە. غانم گوتی "سارا حەزی لە خوێندن نەبوو، هەموو کاتێک لە ماڵەوە خەریکی ئیشی نێوماڵ بوو".

دایکی سارا یەکەم کەس بووە بە رووداوی خۆخنکاندنی کچەکەی زانیوە و پاشان بە هاوارکردنەوە ئەوانی دیکەی ئاگادار کردووەتەوە.

دایکی سارا کە لەنێو میوانەکانیدا بە ماتی دانیشتبوو، بینینی تەرمی کچەکەی بە هەڵواسراوی بەتەواوی تاساندبووی "ئەو کاتەی سارام بە هەڵواسراوی بینی، ناخۆشترین کاتی ژیانم بوو، خوای گەورە ئەو کارەساتەی بەسەر ئێمەدا هات بەسەر هیچ کەسێکدا نەیەت، هەموو کات دوعای بۆ دەکەم تا خوای گەورە لێی خۆش بێت، کچێکی زۆر بێدەنگ بوو".

### پۆلیس چی دەڵێت؟

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، ئەو گەڕەکەی ماڵی سارای تێدا نیشتەجێن زۆربەی خێزانەکانی لەڕووی دارایییەوە کەمدەرامەتن و بەشێکی زۆری خانووەکان بە ماڵی باوکی ساراشەوە بەشێوەی زێدەڕۆیی دروستکراون.

بنکەی پۆلیسی عەدالە لێکۆڵینەوە لە هۆکاری خۆخنکاندنەکەی سارا دەکەن. سەرچاوەیەک لەو بنکەیە بە (رووداو)ی گوت "باوکی لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا گوتوویەتی کچەکەی تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە و پێشتریش پێیگوتووە زۆر لە ژیانی خۆی بێزارە". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "سارا حەبلی بە پانکەی مەتبەخەکەیاندا قایم کردووە و خۆی پێ خنکاندووە".

دەربارەی راپۆرتی پزیشکیش کە بیسەلمێنێ کچەکەیان نەخۆشیی دەروونی هەبووە، ئەو سەرچاوەیە گوتی "لەبەر ئەوەی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتاییداین، هێشتا راپۆرتی پزیشکی تایبەت بە نەخۆشییەکەیان نەهێناوە".

کارمەندێکی بنکەی پۆلیسی عەدالە کە رۆژی رووداوەکە لە پزیشکی دادیی کەرکووک تەرمەکەی بینیوە، گوتی "سارا ماکسییەکی لەبەردا بوو، بەهۆی خۆخنکاندنەکەشەوە ملی شین هەڵگەڕابوو، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی ئەشکەنجەدان بە جەستەیەوە دیار نەبوو".

هاوسێکانی ماڵی غانم هاوشێوەی ئەوان بەداخن بۆ ئەو رووداوەی بەسەر سارادا هاتووە و یەکێک لە هاوسێکانیان بە (رووداو)ی گوت "ئەوەندەی بزانین کێشەیان نەبووە، بەڵام ئاگاداربووین کە سارا نەخۆشیی دەروونی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا زیانی بۆ کەس نەبوو، هەتا بڵێی کچێکی باش بوو".

# "مێردەکەم بە ڤیاگرا سێ منداڵی لێ کوشتم"



**عومەر چاوشین**
**رووداو- راپەڕین**

ژنێکی دانیشتووی گوندێکی دەوروبەری ناحیەی چوارقوڕنە دەڵێت لەلایەن هاوژینەکەیەوە کە بە تەمەنە، بە توندترین شێوە ئەشکەنجە دراوە. هاوژینەکەی بەهۆی خواردنی حەبی بەهێزکەری توانای سێکس لەکاتی جوتبووندا توندوتیژیی بەرامبەر بەکارهێناوە و بەو هۆیەوە تاوەکو ئێستا سێ منداڵی لەبارچووە.

رۆژی 2015/10/18 ژنێکی تەمەن 29 ساڵ بە نێوی (ی.ر.ع) کە دانیشتووی گوندێکی سەر بەناحیەی چوارقوڕنەیە، لەلایەن پۆلیسەوە گەیەنرایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتیی رانیە. ئەو ژنە لەلایەن مێردە تەمەن 58 ساڵییەکەیەوە ئەشکەنجە درابوو.

(ی) کە سەری بە لەفاف پێچرابوو، دوای دەرچوونی لە نەخۆشخانە لە نێو خانوویەکی کۆندا کە چەند کەلوپەلێکی سادەی تێدابوو، قسەی بۆ (رووداو) کرد. (ی) بەر لەوەی چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، گوتی "ئەو شتانەی لەنێو ئەم ماڵەدان و خانووەکەش خەڵکی خێرخواز پێیداوین". وەک ئاماژەیەک بۆ خراپیی رەوشی گوزەرانیان، بەڵام زێدەباری ئەو ژیانەش هێشتا ئامادەیە درێژە بە ژیان لەگەڵ ئەو پیاوە بدات کە بە قسەی خۆی بەردەوام ئەشکەنجەی دەدات و بە زۆر سێکسی لەگەڵ دەکات.

### "کچێکیان بە زۆر لێسەندم"

(ی) دایکی چوار منداڵە کە هەر چواریان کچن، بەڵام تەنیا سێ لە کچەکانی لە دەوری دانیشتبوون، کاتێک پرسیاری کچەکەی دیکەمان لێکرد، ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی "ماڵی مامی کچەکە بە زۆر لێیان سەندم و ئێستا خزمەتی خۆیانی پێدەکەن".

وەک (ی) باسی دەکات، تەمەنی 16 ساڵان بووە کاتێک "بەزۆر" لە ئامۆزایەکی خۆی بەنێوی (ش) مارە کراوە کە ئەوکات تەمەنی 45 ساڵ بووە، واتە جیاوازیی تەمەنیان 29 ساڵە. (ی) گوتی "من ژنی چوارەمی (ش)م، دوو لە ژنەکانی مردوون و یەکێکیشی تەڵاقداوە".

### بە زەبری حەب سێکس دەکات

بەپێی قسەی (ی)، مێردەکەی بەهۆی ئەوەی بەتەمەندا چووە، لەڕووی توانای سێکسەوە لاواز بووە و بە زەبری حەبی ڤیاگرا سێکس دەکات، ئەو رۆژەشی کە ئەشکەنجەی داوا ئەو حەبەی بەکارهێناوە.

(ی) رووداوەکانی ئەو رۆژە دەگێڕێتەوە و دەڵێت "مێردەکەم ئەو رۆژە لە دەرەوە حەبی ڤیاگرای خواردبوو، هەر هاتەوە ماڵەوە داوای کرد سێکسی لەگەڵ بکەم، منیش پێمگوت من لە سووڕی مانگانەدام و ناتوانم، ئیدی کردی بە شەڕ و هەرا و بە نووکە دەرنافیز سەری کون کردم".

دوای ئەو رووداوە، (ی) بە سەری خوێناوییەوە چووەتە بنکەی پۆلیس و سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمار کردووە. پۆلیس (ی)یان بردووەتە نەخۆشخانە و چارەسەریان کردووە، بەڵام ئەو گلەیی لە پۆلیس هەیە و دەڵێت "من سکاڵام لەسەر مێردەکەم تۆمار کردووە، بەڵام نازانم بۆچی پۆلیس دەستگیری نەکردووە".

### "پزیشک هۆشداری داوەتێ"

(ی) کێشەی خۆی لەلای براکانی باس کردووە، براکانیشی رێنوێنییان کردووە کە لە هاوژینەکەی جیاببێتەوە، بەڵام ئەو دەڵێت لەبەر منداڵەکانی ناتوانێت جیاببێتەوە.

ئەو ژنە پێیوایە کێشەکەی ئەو بە جیابوونەوە چارەسەر نابێ، بەڵکو بەوە دەبێت کە پیاوەکەی لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە چارەسەرانە دووربکەوێتەوە. بە قسەی خۆی پزیشکیش هۆشداری داوەتێ کە لێیان دووربکەوێتەوە، چونکە هاوژینەکەی نەخۆشیی شەکرە و بەرزبوونەوەی گوشاری خوێنی هەیە، جارێکیش بەهۆی بەکارهێنانی ئەو چارەسەریانە سووکە جەڵتەیەک لێی داوە.

### "ڤیاگرا سێ منداڵی کوشتووم"

بەپێی قسەی (ی)، هاوژینەکەی ماوەی پێنج ساڵە توانای سێکسی لاواز بووە و پەنای بۆ بەکارهێنانی حەبی ڤیاگرا بردووە، ئەمەش نەک بە زیان بۆ خۆی، بەڵکو بۆ ئەویش شکاوەتەوە.

(ی) باسی لێکەوتەکانی ئەو حەبەی کرد و گوتی "مێردەکەم کاتێک ئەو حەبانە دەخوات، دەیەوێ هێز و پیاوەتی خۆی نیشان بدات، گوشارێکی زۆرم لێ دەکات و هەر بەو هۆیەشەوە تاوەکو ئێستا سێ منداڵم لەبارچوون".

ئەو ژنە دەڵێت مێردەکەی جگە لەوەی بە زۆر سێکسی لەگەڵ دەکات، چەندین جاری دیکەش لێیداوە. (ی) گوتی "هەندێکجار زۆر خراپ لێم دەدات، تاوەکو ئێستا چوار جار بەهۆی لێدانەکانی ئەوەوە کەوتوومەتە نەخۆشخانە".

### پێشتر بە گرتنی داوە

ئەو ژنە هێندە لە ژیانی خۆی بێزارە، دەڵێت تاوەکو ئێستا سێ جار ویستوویەتی خۆی بکوژێت، جارێکیان ویستوویەتی لە سەربانی ماڵەوەیان خۆی فڕێداتە خوارەوە، دوو جارەکەی دیکەش نەوتی بەخۆیدا کردووە و ویستوویەتی خۆی بسووتێنێ، بەڵام کاتێک بیری لە منداڵەکانی کردووەتەوە پەشیمان بووەتەوە.

ئەو ژنە لەسەر ئەو رەفتارانەی هاوژینەکەی پێشتریش سکاڵای لەسەر تۆمار کردووە و بە گرتنی داوە "جارێک سکاڵام لەسەر تۆمار کرد، چوار شەو زیندانی کرا و ئازادیان کرد، بەڵام سوودی نەبوو، گەڕایەوە سەر رەفتارەکانی پێشووی".

(ش)ی هاوژینی (ی) پێشمەرگەیە و شوفێری تاکسیشە، بەڵام (ی) دەڵێت "هیچ خەرجییەکمان ناکات و کەس نازانێت چی لەو پارەیە دەکات، تەنانەت چەند جارێک ناچار بووم سواڵ بۆ منداڵەکانم بکەم، سواڵەکەش هەر لەو فێربووم". گوتیشی "جاری وا هەیە چوار شەو بەجێمان دێڵێ کەس نازانێت دەچێتە کوێ و لەلای کێ دەمێنێتەوە".

(ت.س) کە دراوسێیانە، قسەکانی ئەو ژنە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "خێزانێکی زۆر هەژارن، زۆرجار ئێمە جلوبەرگ بۆ منداڵەکانیان دەکڕین".

(ت) گوتی "ئەو پیاوە بەردەوام لە ژنەکەی دەدات و زۆرجار ژنەکە هاوار بۆ ئێمە دێنێ، ئەو رۆژەش ئێمە ئاگامان لە منداڵەکانی بوو تاوەکو لە نەخۆشخانە چارەسەرکراو و گەڕایەوە".

### پیاوەکە: کێشەی سێکسم نییە

(ش.ح)، هاوژینی (ی) کە لەنێو شارۆچکەی رانیە لە بەردەم تاکسییەکەی وەستابوو، نکۆڵی لەوە نەکرد کە ژنەکەی ئەشکەنجە داوە، بەڵام بیانووەکەی ئەوەیە کە ژنەکەی لەگەڵی ساردە و گوتی "جاری وا هەبووە شەش مانگ لەگەڵم نەخەوتووە".

(ش) لە سێ ژنەکەی پێشووی پێنج منداڵی هەیە و دەڵێت کێشەی سێکسی نییە و حەز دەکات ئەو تەمەنەی ماوەیەتی بەخۆشی بژیت و ئامادەشە ژنی پێنجەم بهێنێ، ئەوەشی رەت نەکردەوە کە حەب بەکاردێنێ.

(ش) بە هەڕەشەوە دەڵێت "ئەگەر پۆلیس بانگم بکات، دەستبەجێ ژنەکەم تەڵاق دەدەم و دەینێرمەوە لای زڕبراکانی و ژنێکی دیکە دێنم".

رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (380) دووشەممە 2015/10/26



## ڕۆژهەڵاتییەک لە سلێمانی دەکوژرێت

**رووداو- سلێمانی**

شەوی 2015/10/24 پیاوێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن چەند کەسێکەوە دەدرێتە بەر چەقۆ و بەو هۆیەوە گیان لەدەست دەدات. بەپێی زانیارییەکانی ( رووداو) ئەو کەسە ناوی حوسێن ڕەحیمییە و تەمەنی 45 ساڵ بووە و خەڵکی شاری سەردەشت، بەهۆی دەمەقاڵێ لەگەڵ چەند کەسێکدا لە سلێمانی، دەدرێتە بەر چەقۆ و دەکوژرێ. سەرکەوت ئەحمەد گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "تۆمەتبارەکان دەستگیرکراون، بەڵام تاوەکو ئێستا نەزانراوە کە هۆکاری کوشتنەکەی چی بووە، لێکۆڵینەوەکان بەردەوامە و پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو دۆسیەیە کراوەتەوە".

# پوورزاکەی خۆی بە چەقۆ کوشت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- هەولێر**



(ر.چ) بانگی ئیبراهیم قادری پوورزای دەکات بۆ ئەوەی قسە لەسەر کێشەیەکی نێوانیان بکەن، بەڵام دواتر (ر) ئیبراهیم دەداتە بەر چەقۆ و 23 چەقۆی لێدەدات، پاشان تەرمەکەی لەسەر ڕێگەی بنەسڵاوە — دارەتوو فڕێ دەدات. دوای تێپەڕینی دوو کاژێریش بەسەر ڕووداوەکەدا پۆلیس (ر)ی دەستگیرکرد.

کاژێر 12ی شەوی 2015/9/18 گەنجێکی تەمەن 20 ساڵ بەناوی ئیبراهیم قادر کە وەستای کاشی بوو، لەلایەن کوڕە پوورەکەی خۆی بەنێوی (ر) بە چەقۆ کوژرا. تەرمی ئیبراهیم لەسەر ڕێگەی نێوان قەزای بنەسڵاوە و ناحیەی دارەتوو فڕێدرابوو کە بەشێک لە لووتیشی لێ کرابووەوە.

### 23 چەقۆی لێدابوو

قاسم عەباس مامی کوژراوەکە کە پێشمەرگەیە و ئەو شەوە لە دەوام بووە، سەرلەبەیانی 2015/10/18 لەلایەن کارمەندێکی بنکەی پۆلیسی بنەسڵاوەوە پەیوەندی پێوەکراوە و لە کوژرانی ئیبراهیم ئاگادار کراوەتەوە.

قاسم بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "بکوژەکەی لە لێکۆڵینەوەی پۆلیس گوتبووی سەرەتا چەند چەقۆیەکی لەسەر دڵی داوە، پاشان لە شوێنەکانی دیکەی داوە. شوێنەواری 23 چەقۆ بەسەر جەستەی ئیبراهیمەوە بوو".

تۆمەتبارەکە لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیسدا گوتوویەتی بە تەنیا تاوانەکەی کردووە، بەڵام قاسم گومانی هەیە و دەڵێت "هێشتا بۆمان ڕوون نەبووەتەوە ئەو تاوانەی بە تەنیا کردووە، یان کەسی دیکەی لەگەڵ بووە".

دوای ڕووداوەکە، پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند کە قوربانییەکە لووتیشی بڕدراوە، مامی کوژراوەکە دەڵێت "تائێستا نازانین بۆچی لووتی بڕیوە و چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەین".

(ر) دوای کوشتنی ئیبراهیم چووەتە بۆ ماڵەوە. قاسم دەڵێت هەر ئەو کاتەی لە دادپزیشکی بوون، پەیوەندی بە تۆمەتبارەکەوە کردووە و لەڕووداوەکە ئاگاداری کردووەتەوە "بەڵام ئەو خۆی وا نیشان دا کە نەیبیستووە و دەستی کرد بە گریان".

وەک قاسم باسی کرد، بکوژەکە بەهۆی برازایەکی ئەوەوە دۆزراوەتەوە، دەڵێت "ئیبراهیم بەبێ تاوانی کوژرا و لە خوێنەکەی خۆش نابین".

### کێ تاوانەکەی ئاشکرا کرد؟

ئیبراهیم قادر و ڕەزوان فازڵ کە ئامۆزای یەکدین، زۆربەی کات بە یەکەوە بوون. چەند کاژێرێک بەر لە کوژرانی ئیبراهیمیش هەر بەیەکەوە بوون.

ڕەزوان بە (رووداو)ی گوت "چەند کاژێرێک پێش ڕووداوەکە لەگەڵ ئیبراهیم پێکەوە لەنێو ئۆتۆمبێلی باوکی دانیشتبووین، ژنێک تەلەفۆنی بۆ ئیبراهیم کرد، پاشان (ر) تەلەفۆنی بۆ ئیبراهیم کرد و گوتی دەمەوێ سەبارەت بەو مەسەلەیە قسە بکەین، ئیبراهیمیش گوتی زۆر باشە وەرە لای ماڵی ئێمە".

وەک ئەوەی دڵی خەبەری دابێت کە بەڵایەکی بەسەردا دێت، ڕەزوان زۆر لە ئیبراهیم پاڕاوەتەوە بە تەنیا نەچێت بۆ لای (ر) "تکام لێ کرد لەگەڵی بچم، یان چاودێریی بکەم، بەڵام ئیبراهیم ڕەتیکردەوە، چونکە (ر) وا دەزانێت تەنیا من بە مەسەلەی پەیوەندییەکەی دەزانم".

بەڵام ڕەزوان بە قسەی ئیبراهیم ناکات و بەدوایاندا دەچێت "لەدوورەوە بینیم دەستیان دەجوڵاند، خۆم پێ ڕانەگیرا و دەستم دایە بۆرییەک و بەدوایاندا چووم، لە پەنا دوکانێکدا خۆم حەشاردا، بەڵام دواتر ئەوان ونبوون، زۆر هەوڵم دا بیاندۆزمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی شوێنەکە تاریک بوو نەمدۆزینەوە".

ڕەزوان لەو باوەڕەدایە کە کوشتنی ئیبراهیم پەیوەندی بە ژنەکەوە هەیە و دەڵێت "ئیبراهیم پێش ئەوەی (ر) ببینێت گوتی ئەو کوڕە پەیوەندی لەگەڵ ژنێکی خزممان هەیە، چەند جارێکیش پێمگوتووە واز لەو ژنە بهێنە، ئەو کارە بۆ سومعەی بنەماڵەکەمان جوان نییە. هەر لەبەر ئاشکرانەبوونی ئەو پەیوەندییەش، ئیبراهیمی کوشت".

قاسمی مامی ئیبراهیم گوتی "بەپێی دانپێدانانی تۆمەتبارەکە، 25 خولەک پێش ڕووداوەکە، ئافرەتەکە چەند جارێک پەیوەندی پێوە کردووە و گوتوویەتی ئیبراهیم بە پەیوەندییەکەی زانیوە و ئەگەر چارەیەکی نەکەیت ئاشکرامان دەکات و دەکوژرێین. تۆمەتبارەکەش گوتوویەتی وازی لێ بێنە خۆم چارەی دەکەم. دوای دەستگیرکردنی ئافرەتەکە، ئەویش دانی بە پەیوەندییەکەیاندا ناوە".

قاسم و ڕەزوان جەختیان کردەوە کە بەهۆی ئەو پەیوەندییەی تۆمەتبارەکە لەگەڵ ئەو ئافرەتە هەیبووە، ساڵێکە ئیبراهیم و (ر) قسەیان لەگەڵ یەکدی نەکردووە، قاسم گوتی "لەو ماوەیەدا پێمگوت بۆچی لەگەڵ (ر) قسەتان نییە، پێیگوتم لەسەر ئافرەتێک کێشەمان هەیە و پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە، بەڵام نەیگوت خزمی خۆمانە".

ڕەزوان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەپێش دروستبوونی ئەو کێشەیەی نێوانیان، پەیوەندی ئیبراهیم و تۆمەتبارەکە زۆر باش بووە و هەمیشە پێکەوە بوون. بەڵام دواجار ئیبراهیم بە دەستی ئەو کەسە کوژرا کە خزمایەتی و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا بوو.

## کوڕە خەزووری خۆی کوشتوویەتی

# کامێرای چاودێری بکوژی پیاوێک ئاشکرا دەکات

**رووداو- کەسنەزان**



سەمەد مەحموود گومانی لە مردنی خوشکەکەی هەبوو داوای دەکرد تەرمەکەی لەگۆڕ بهێننە دەرەوە

دوای تێپەڕینی شەش کاژێر بەسەر کوشتنیدا، ئەو کامێرایانەی کە سەمەد بۆ چاودێریی ڕیزە دووکانەکەی دایناببوون، فریای کەسوکارەکەی کەوتن، بۆ ئەوەی بە زووترین کات بکوژەکەی بدۆزنەوە و دەرکەوت بکوژەکە مێردی خوشکەکەیەتی.

کاژێر 3:10ی خولەکی بەرەبەیانی ڕۆژی 2015/10/19 پیاوێکی تەمەن 39 ساڵ بەناوی سەمەد مەحموود، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا لە ناحیەی کەسنەزان لە شیرینی خەودا بە سێ فیشەک کوژرا، دوای تێپەڕبوونی 6 کاژێر بەسەر کوشتنەکەیدا، توانرا بکوژەکەی لە ڕێگەی کامێرای چاودێرییەوە ئاشکرا بکرێت و دەستگیر بکرێت. بکوژ کە ناوی (ع.ە)ە، مێردی خوشکی سەمەد بووە.

### مەرگێکی گوماناوی

نزیکەی 13 ساڵ لەمەوبەر هاوژینی (ع.ە) لە نێو ماڵەکەی خۆیدا دەمرێ، بەڵام مەرگی خوشکەکەی سەمەد، هەمیشە بەلای سەمەدەوە جێی پرسیار و گومان بووە.

سەلاحەددین نادر، ئامۆزای سەمەد، کوشتنی سەمەد دەبەستێتەوە بە مەرگی خوشکەکەی و دەڵێت "13 ساڵ لەمەوبەر خوشکێکی سەمەد لە نێو ماڵەکەیدا مرد، ئەوکات سەمەد گومانی هەبوو کە خوشکەکەی لەلایەن زاواکەیانەوە خنکێنرابێ، بۆیە داوای دەکرد پشکنین بۆ تەرمەکەی بکرێ، بەڵام ڕیشسپیانی بنەماڵە ڕەتیانکردەوە".

بەپێی قسەی سەلاحەددین، گومانەکەی سەمەد لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە زاواکەیان هەڵسوکەوتی لەگەڵ خوشکەکەیان زۆر خراپ بوو "بەردەوام شەڕی پێدەفرۆشت، خوشکی سەمەد چەندینجار لەداخی مێردەکەی ماڵی جێهێشتبوو، هەفتەیەک پێش ئەوەی بمرێ ماڵی جێهێشتبوو، بۆیە سەمەد گومانی دەکرد خوشکەکەی لەلایەن (ع)ەوە خنێکنرابێ".

ئامۆزاکەی سەمەد گوتی کە (ع) لەگەڵ منداڵەکانیشی هەڵسوکەوتی باش نەبووە "(ع) کەسێکی نەدار بوو، منداڵی زۆر بوون، دوای مردنی دایکی منداڵەکان، سەمەد خەرجی دەکێشان، بەڵام باوکیان لەگەڵ منداڵەکان زۆر خراپ بوو، کچەکانی لە تەمەنی 14 و 15 ساڵی بەشوودان، چوار کچی بەشوودان، دوویان هەر زوو تەڵاقدران، سەمەد زۆر خەفەتی لە هەڵسوکەوتی زاواکەیان دەخوارد".

کێشەی سەمەد و زاواکەیان درێژەی کێشاوە. وەک سەلاحەددین باسی کرد، سەمەد و زاواکەیان ماوەی حەوت ساڵ بوو هاتوچۆی یەکدییان نەدەکرد.

کەسوکاری دەڵێن سەمەد کوڕێکی زۆر کاسب بووە، بەڵام بەمدواییە لەگەڵ چەند کەسێک کێشەی هەبووە و بەشەڕ هاتوون، بۆیە زاواکەیان ئەوەی بە دەرفەت زانیوە بۆئەوەی تۆڵەی خۆی لە سەمەد بکاتەوە.

سەلاحەددین گوتی "سەمەد پێشتر کێشەی لەگەڵ چەند کەسێک هەبوو، بەڵام ئاشت بوونەوە، زاواکەیان کە زانیویەتی سەمەد لەو ماوەیەدا کێشەی لەگەڵ چەند کەسێک هەبووە، ئەوەی بە دەرفەت زانیوە و هاتووە سەمەدی کوشتووە، بۆ ئەوەی کەسوکارەکەی گومان لەو کەسانە بکەن کە پێشتر لەگەڵ سەمەد کێشەیان هەبووە، ئیدی بەو شێوەیە ویستوویەتی تاوانەکە بشارێتەوە".

### کامێرای چاودێری ئاشکرای کرد

بەپێی گێڕانەوەی کەسوکارەکەی، ئەو ڕۆژە سەمەد تاوەکو درەنگ لە کار بووە، کاتێکیش گەڕاوەتەوە ماڵەوە، دوای نانخواردنی ئێوارە ئۆتۆمبێلەکەی شووشتووە، بەهۆی ئەوەی زۆر هیلاک بووە، هەر لە ژووری میوان پاڵی داوەتەوە و خەوی لێکەوتووە. دواتر لە کاژێر 3:10 خولەکی بەرەبەیان کوژراوە.

سەمەد ڕیزێک دووکانی لەبەردەم ماڵەکەیدا دروستکردووە و لەمسەر و ئەوسەری دووکانەکان کامێرای چاودێریی داناوە. سەلاحەددین دەڵێن "ئەو کامێرایانە فریامان کەوتن و تاوانەکەیان ئاشکرا کرد. ئەگەر کامێرا نەبووایە گومانمان لە (ع) نەدەکرد".

بەپێی گرتە ڤیدیۆکانی کامێراکە، (ع) کە وەستای تەختە و دارە، ئەو شەوە بە ئۆتۆمبێلەکەی لە جۆری کیای بارهەڵگر هاتووەتە بەردەم ماڵی سەمەد، دەموچاوی خۆی پێچاوە و لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزیوە. دوای کوشتنی سەمەد یەکسەر ڕۆیشتووە و چووەتەوە ماڵەکەی خۆی لە کۆمەڵگەی شاوێس.

سەلاحەددین دەڵێ "ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە سەمەد لەلایەن (ع)ەوە کوژراوە، چونکە لە کاتی ناشتنی سەمەددا نەهاتە سەر گۆڕەکەی، هەروەها کوڕەکەی بینیبووی کە دوای تاوانەکە چەکەکەی پاک کردووەتەوە، بۆیە دوای دەستگیرکردنی لەلایەن پۆلیسەوە دانی بە تاوانەکەدا نا و گوتبووی دەمێکە غەرەزێکم بەرامبەر ئەو کوڕە هەیە".

ڕائیدی پۆلیس فەرمان محەممەد مەولود، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی کەسنەزان بە ماڵپەڕی پۆلیسی هەولێری ڕاگەیاندووە، دوای کۆکردنەوەی چەندین زانیاری ورد و پشتبەستن بە کامێرای چاودێری، توانییان ناسنامەی بکوژ ئاشکرا بکەن. دوای دەستگیرکردنیشی تۆمەتبار دانی نا بەتاوانەکەیدا کە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوانیان، ئەو کەسەی کوشتووە.



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## پۆلیسی فینلاند ڕزگاری کرد

لە هەولێرەوە پەیوەندی بە پۆلیسی فینلاندەوە دەکەن و ئاگاداریان دەکەنەوە لەوەی کچێکی کوردی دانیشتووی فینلاند کە بە سەردانەوە گەڕاوەتەوە شاری هەولێر، ژیانی لە مەترسیدایە، چونکە کەسوکارەکەی دەیانەوێت لە کوردستان بە شووی بدەن و کچەکەش ڕازی نییە.

پۆلیسی فینلاند باڵیۆزخانەی خۆیان لە بەغدا ئاگادار کردبووەوە، نوێنەری باڵیۆزخانەی فینلاند سەردانی کردین و هەموو زانیارییەکانی سەبارەت بە کچەکە لەلابوو، هەروەها ژمارە و شوێنی ئەو ژمارە تەلەفۆنەی پەیوەندی بە پۆلیسی فینلانداوە کردبوو. دادوەر بڕیاری دا لە ڕێگەی نشینگە و فرۆکەخانەی هەولێر و ئەو شوێنەی تەلەفۆنەکەی لێوە کراوە، زانیاری کۆبکرێتەوە و کچەکە بدۆزرێتەوە.

پاش گەڕانی ئەفسەرێکی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لەگەڵ موختاری گەڕەک و گەڕان بە تۆمارەکاندا، خێزانی ئەو کچە دۆزرایەوە. باوکەکە بانگ کرا و داوای لێکرا کچەکەی بهێنێتە نووسینگە.

کچەکە لە کاتی دیاریکراو لە نووسینگە ئامادە بوو، بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی "من ماوەی شەش مانگ دەبێت لەگەڵ باوکم و دایکم و برایەکی بچووکم گەڕاومەتەوە کوردستان. سەرەتا دایکم و باوکم گوتیان بە سەردانەوە دەچینەوە کوردستان، بەڵام ئێستا دەڵێن لێرە دەمێنینەوە و لێرە دەژین. من لە تەمەنی چوار ساڵییەوە لە فینلاندم، ئێستا قوتابی قۆناغی یەکەمی زانکۆیەکی فینلاندام و حەز ناکەم لێرە بژیم، دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم و لەوێ خوێندنەکەم تەواو بکەم".

دایک و باوکی کچەکە بەڵێنیان دا ڕێگر نەبن لە گەڕانەوەی کچەکەیان بۆ فینلاند و داوایان لە کچەکەیان کرد تەنیا دوو ڕۆژ چاوەڕێ بکات بۆ ئەوەی پێکەوە بگەڕێنەوە فینلاند، بەڵام کچەکە داوای کرد دەستبەجێ مامەڵەی گەڕانەوەی بۆ بکەن و ڕازی نەبوو لەگەڵ دایک و باوکی بچێتەوە ماڵەوە. کچەکە تەنیا یەک ڕۆژ لە ماڵی داڵدەدانی ژنان دانرا، ڕۆژی دواتر باوکی کچەکە پاسپۆرت و کارتی بانکی بۆ هێنا، نوێنەرەکەی باڵیۆزخانە گوتی تکت و دۆکیۆمێنتی گەڕانەوەمان هەموو ئامادە کردووە، ئەگەر پاسپۆرتەکەشی نادەیتێ کێشە نییە، بەڵام باوکەکە پاسپۆرت و کارتی بانکەکەی پێدا. باوکەکە لە کچەکەی پاڕایەوە کە بە تەنیا نەگەڕێتەوە، بەڵام بێ سوود بوو. هەرچەندە ئێمەش زۆر هەوڵمان لەگەڵ کچەکە دا کە لەگەڵ دایک و باوکی بگەڕێتەوە و پەیمانگوت بەڵێننامە لە دایک و باوکی وەردەگرین، بەڵام بێ سوود بوو، نەدەتوانرا زۆری لێ بکرێ، چونکە 18 ساڵی تەواو کردبوو. کچەکە گوتی من لەگەڵ نوێنەری وڵاتەکەم دەگەڕێمەوە، بۆیە تەسلیمی نوێنەری وڵاتەکەی کرا و گەیەنرایەوە فینلاند. دواجار دایک و باوکی کچەکەش ناچار بوون لەبەر خاتری کچەکەیان دەستبەجێ بڕیاری گەڕانەوە بدەن.

لە کێشەی ئەو کچەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆر لە دایک و باوکانی تاراوگەنشین کاتێک منداڵەکانیان گەورە دەبن، دەیانەوێ بیانگەڕێننەوە کوردستان، بەڵام ئەوان لە ژیانێکی ئەوروپیانە ڕاهاتوون و ناتوانن لە کوردستان بژین. ئەگەر ڕێگریشیان لێ بکەن، ئەوان پەنا بۆ پۆلیسی وڵاتەکانیان دەبەن، چونکە دڵنیان لەوەی ئەوان فریایان دەکەون.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

لەتۆڵەی "هەڵگرتن"ی کچێکیان

# کچێکی 11 ساڵان دەڕفێنرێ و ئامۆزاکەشی دەکوژرێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

عەلی یەشار مەحموود، چەند ریشسپییەکی بنەماڵەکەیان لە هەولێرەوە لەگەڵ خۆی دەبات و بەڕێدەکەون بۆ حاجیاوا بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ بنەماڵەیەکی شارۆچکەکە، بەڵام لەگەڵ گەیشتنیان بۆ بەردەم ئەو ماڵەی بڕیار بوو ئاشتەواییەکی تێدا بکرێ، دەدرێنە بەر دەستدرێژی گوللە و بەو هۆیەوە عەلی دەکوژرێ و سێ کەسی بنەماڵەکەشی بریندار دەبن.

چەند ساڵێک لەمەوبەر ئامۆزایەکی عەلی کچێک لە خێزانێکی دانیشتووی حاجیاوا هەڵدەگرێ، هەفتەی رابردووش خێزانەکەی حاجیاوا کچێکی 11 ساڵان کە ئامۆزای عەلییە هەڵدەگرن، بۆیە ئەوانیش بە مەبەستی ئاشتەوایی سەردانی شارۆچکەی حاجیا دەکەن، بەڵام لەوێ عەلی دەکوژرێ.

سەوسەن یەشار، خوشکی عەلی کە لە نەخۆشخانەی رانیە بەدیار تەرمی براکەیەوە دەگریا، گوتی "عەلی برام تەنیا شۆفێر بوو، لەگەڵ ماڵی مامم هاتبوو، دەیانویست کێشەی ماڵی مامم چارەسەر بکەن، بەڵام کێشەکە گەورەتر بوو". سەوسەن گوتیشی "براکەم کەسێکی زۆر بێ کێشە بوو، کرێکاری شارەوانی بوو".

بەپێی قسەی سەوسەن، تەقەکەرەکان وایانزانیوە کە براکەی و ماڵی مامی بۆ شەڕ هاتوون، بۆیە بەبێ پرسیارکردن یەکسەر تەقەیان لێدەکەن.



سەوسەن کە لە بنەماڵەیەکی تورکمانی شاری هەولێرە، باسی کێشەی ماڵی مامەکەی کرد و گوتی "چەند ساڵێک لەمەوبەر کوڕە مامەکەم کچێکی لە حاجیاوا هەڵگرتبوو کە تەمەنی 18 ساڵ بوو. ئەوانیش هەفتەی پێشتر کچێکی تەمەن 11 ساڵانی ئێمەیان برد، بەڵام نازانین ئەو کچە بە خواستی خۆی لەگەڵیان چووە یان رفاندوویانە. براکەم و مامەکانم هاتبوون کێشەکە چارەسەر بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕووداوە ناخۆشەی لێکەوتەوە".

فریاد فەرهاد، ئامۆزای عەلی بە (ڕووداو)ی گوت، ئەوان پێشتر لەگەڵ خێزانەکەی حاجیاوا کە کچەکەیان لێ هەڵگرتبوون، بە 30 هەزار دۆلار سوڵحیان کردووە، بەڵام هەفتەی پێشتر دووبارە کێشەکە زیندووبووەوە، دوای ئەوەی خێزانەکەی حاجیاوا کچێکی تەمەن 11 ساڵانی ئەوانیان بردووە. فەرهاد پێیوایە کچە ئامۆزاکەی رفێنراوە.

فریاد دەڵێت ماڵی مامی غەدرێکی زۆر گەورەیان لێکراوە، بەڵام بەنیاز نین بەشێوەی عەشایری تۆڵە بکەنەوە و کێشەکەیان داوەتە دەست یاسا.

سەبارەت بە ناسنامەی تەقەکەرەکانیش، فریاد گوتی "باش دەیانناسین، یەکێک لەوانەی تەقەی کرد، برای ئەو کچەیە کە ئامۆزاکەم هەڵیگرتووە".

فریاد بەشێک لە هۆکاری ڕووداوەکە بۆ مام و ئامۆزاکانی دەگێڕێتەوە و دەڵێت "ئەوان پێش ئەوەی بچنە حاجیاوا، لایەنی بەرامبەریان ئاگادار نەکردبووەوە کە بۆ ئاشتەوایی دێن، کاتێکیش گەیشتوونەتە ئەوێ لایەنی بەرامبەر وایانزانیوە بۆ شەڕ چوون، بۆیە یەکسەر دەستڕێژی گوللەیان لێکردوون. دەبووایە پێشتر ئەوان ئاگادار بکەینەوە".

رائیدی پۆلیس، مستەفا محەممەد باپیر گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "دوانیوەڕۆی 2015/10/19 لە گەڕەکی دابانی حاجیاوا، ڕووداوێکی تەقەکردن لە نێوان ئۆتۆمبێلێکی جۆری ئۆپترا و چەند کەسێکی دیکە ڕوویدا، لەئەنجامدا پیاوێکی تەمەن 25 ساڵ بەهۆی بەرکەوتنی زیاتر لە سێ فیشەک هەر لەوێدا کوژرا".

جگە لەو کەسە، بەقسەی گوتەبێژەکەی پۆلیس سێ کەسی دیکەش بەناوەکانی (ف.د)، (ل.د) و (ئا.د) کە هەرسێکیان بران لەو ڕووداوەدا بریندار بوون، یەکێکیان بەهۆی سەختی برینەکەی بەڕێ کرا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی.

سەبارەت بە چارەنووسی تەقەکەرەکان، گوتەبێژی پۆلسی رانیە گوتی "تەقەکەرەکان دوای ڕووداوەکە بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتوون، بۆیە دەستگیر نەکراون". گوتیشی "پۆلیس لە نێو ماڵەکەدا دەستی بەسەر چوار دەمانچەدا گرتووە، بەڵام تەقەکەرەکان بە کلاشینکۆف تەقەیان کردووە".

# بە بەرچاوی ژنەکەیەوە خۆی دەسووتێنێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێکی دانیشتووی شاری هەولێر لەنێو ماڵەکەی خۆیدا ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات و بە ڕێژەی 100% دەسووتێ و دەمرێ، کەسوکارەکەی دەڵێن بەهۆی قەرزدارییەوە خۆی سووتاندووە.

ڕۆژی 2015/10/19 گەنجێکی تەمەن 32 ساڵ بەناوی (م.ر)، باوکی دوو منداڵ و دانیشتووی گەڕەکی 94ی باداوەی شاری هەولێر، لە نێو ماڵەکەی خۆیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی کە 100% بوو، گیانی دەرچوو.

بەپێی قسەی کەسە نزیکەکانی، (م) ماوەی 11 ساڵە ژنی هێناوە و خاوەنی کچێکی تەمەن 9 ساڵان و کوڕێکی تەمەن 6 ساڵانە. (م) ساڵانێک لە بازاڕی شێخەڵڵا دووکانی گۆشتفرۆشی هەبووە، بەڵام دوای پێکەوەنانی خێزان، دووکانەکەی گواستووەتەوە نزیک ماڵی خۆیان.

خزمێکی نزیکی (م) کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو گەنجەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "(م) قەساب بوو، بەردەوام گۆشتی دەدا بە چێشتخانە و شوێنەکانی دیکە کە هەندێکیان بە قەرز گۆشتیان لەلا دەبرد، یەکێک لەوانە کەسێکی تورک بوو کە خاوەنی چێشتخانەیەک بوو لە هەولێر و 18 هەزار دۆلاری (م) قەرزدار بوو، بەڵام پارەکەی نەداوەتێ و هەڵاتووە".

وەک ئەو خزمەی باسی کرد، (م) بۆ بەردەوامیدان بە کارەکەی، قەرزی لە چەند کەسێک کردووە و خۆی تووشی قەرزارییەکی زۆر کردووە، پیاوە تورکەکەش بەهۆی ئەوەی هەڵاتبوو، پۆلیس نەیدەتوانی دەستگیری بکات.

قەرزەکان لەسەر (م) کەڵەکە دەبن و خاوەن قەرزەکانیش تەلەفۆنی بۆ دەکەن و داوای پارەکەی لێدەکەنەوە، بەپێی قسەی خزمەکەی "تەنانەت چەند جارێک خاوەن قەرزەکان هەڕەشەیان لێ کردبوو".

خزمەکەی (م) دەڵێت "(م) بۆ دانەوەی قەرزەکانی، ڕووی لە خزمەکانی کرد بۆئەوەی پارەی بە قەرز بدەنێ، بەڵام کەس قەرزی نەدایێ، ڕۆژ بە ڕۆژیش باری دارایی خێزانەکەی بەرەو خراپی دەچوو، خاوەن قەرزەکانیش تا دەهات گوشاری زۆرتریان بۆ دەهێنا بۆ ئەوەی قەرزەکانیان بداتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی (م) بکەوێتە بارێکی دەروونیی نائارامەوە، بۆیە



بەو تەمەنە کەمەوە بەهۆی قەرزدارییەوە تووشی نەخۆشی دڵ و شەکرە و فشاری خوێن بووبوو".

بەپێی گێڕانەوەکان، ڕۆژی 19ی ئەم مانگە، کاژێر 8:30ی شەو، (م) و (ە)ی هاوژینی لەبەردەرگای خۆیان وەستاون. (ە) پێیدەڵێت با بچینە ژوورەوە چایەک بخۆینەوە، بەڵام (م) پێیدەڵێت دڵم زۆر توندە، تۆ بڕۆ دوایی منیش دێم. لەو کاتەدا کەسێک پەیوەندی بە (م)ەوە دەکات و دەڕوات. بەڵام دوای چەند خولەکێک (م) دەگەڕێتەوە حەوشە، بڕێک نەوت لە تانکی نەوت دەردەهێنێ کە لە حەوشەکە بووە. کچەکەی بینیویەتی کە نەوت دەردێنێ یەکسەر دایکی ئاگادار دەکاتەوە و دەڵێت "باوکم زۆر بێتاقەت دیارە و خەریکە نەوت لە تانکییەکە دەردێنێ".

کاتێک (ە) دەچێتە دەرەوە، دەبینێت (م) نەوتەکەی بەخۆیدا کردووە و چەرخێکیشی بەدەستەوەیە، هەرچەندە (ە) زۆر لێی دەپاڕێتەوە، بەڵام سوودی نابێت و (م) دەڵێت "منداڵەکان دووربخەرەوە، خۆم دەسووتێنم". چەرخەکە دادەگیرسێنێ و خۆی دەسووتێنێ.

هەرچەندە (ە)ی خێزانی هەوڵ دەدات ئاگرەکە بکوژێنێتەوە، بەڵام زۆربەی جەستەی (م) دەسووتێ.

ڕێژەی سووتانەکەی (م) 100% بوو، بەو هۆیەشەوە هەردوو گورچیلەکانی لەکار کەوتبوون و زراویشی تەقیبوو، بۆیە دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە، مرد.

(م) لە دوا ساتی ژیانیدا داوای کردبوو قەرزەکانی بۆ بدەنەوە، بەتایبەتی 200 هەزار دیناری کەسێک بەناوی (ع) و گوتبووی بە هەر شێوەیەک بێ پارەکەی بدەنەوە. زۆریش پەشیمان بووە لە خۆسووتاندنی.



دەڵێن نەیدەویست بخوێنێ

# قوتابییەکی نۆی بنەڕەتی خۆی دەکوژێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- دهۆک**

قوتابییەک لە شاری دهۆک، بەقسەی کەسوکاری، لەبەر دەرنەچوونی لە پۆلی نۆی بنەڕەتی و بەهۆی ئەوەی نەیانهێشتووە دەستبەرداری خوێندن بێت، بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. باوکی دەڵێت "ئێمە دەمانگوت بخوێنە، بەڵام ئەو حەزی لێ نەبوو، بۆیە خۆی کوشت، ئەگەرنا هیچ کێشەیەکی دیکەی نەبوو".

هەڤگر قەتاس، تەمەن 19 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی نزارکێی شاری دهۆک، شەش خوشک و دوو برای هەبوو. شەوی 2015/10/15 لە ژوورەکەی خۆیدا فیشەکێکی بەسەر دڵی خۆیەوە نا و دەستبەجێ گیانی سپارد.

مامۆستا قەتاس تاهیر باوکی هەڤگر بە (ڕووداو)ی گوت، کوڕەکەی هیچ کێشەیەکی نەبوو، تەنیا خوێندن نەبێت. ئەو گوتی "ئەمساڵ سێیەم ساڵی بوو لە پۆلی نۆی بنەڕەتی. زۆر رقی لە خوێندن بوو، هەر بۆیەش دەرنەدەچوو، ئێمەش هەمیشە پێمان دەگوت بخوێنە بۆ خۆت باشترە و هەرچیت دەوێ بۆت دەکەین، بەڵام دیارە لەبەرئەوەی پێمان دەگوت بخوێنە، خۆی کوشت".

بە گوتەی باوکی، پاشنیوەڕۆی پێش ڕووداوەکە هەڤگر و هاوڕێکانی لە یاریگا یارییان کردووە، پاشان شەو کە گەڕاوەتەوە ماڵەوە خۆی کوشتووە "شەو کە هاتەوە سەیرم کرد کەمێک تووڕە دیار بوو، بەڵام هیچی نەگوت. پاشان چووە ژوورەکەی و دەرگای لەسەر خۆی داخست. لە ناکاو گوێمان لە دەنگی تەقەیەک بوو، کە چووین بینیمان گوللەیەکی لە خۆی داوە".

دوای ڕووداوەکە، هاوڕێکانی هەڤگر چەند قسەیەکی کوڕەکەیان بە باوکی گوتووە کە باسی خۆکوشتنی کردووە. قەتاس گوتی "مانگێک لەمەوبەر لای هاوڕێکانی گوتبووی خۆکوشتن چییە، ئەوەتا ئەو هەموو گەنجە خۆیان کوشتووە با منیش خۆم بکوژم، ئاساییە؟ هیچ کاتێک ئەو قسانەی لای ئێمە نەکردووە، تاوەکو چاودێری بکەین و نەهێڵین خۆی بکوژێ".

جگە لەوەی هەڤگر حەزی لە خوێندن نەبووە و باوکیشی ئەوە بە هۆکارێک دادەنێت بۆ خۆکوشتنەکەی، گومانێکی دیکەشی بۆ دروست بووە و دەڵێت "دوو مانگ لەمەوبەر هاوڕێیەکی هەڤگر خۆی کوشت، پێشتریش هاوڕێیەکی دیکەی بەهەمانشێوە خۆی کوشتبوو، ڕەنگە ئەو دوو ڕووداوە کاریگەری لەسەر کوڕەکەم هەبوویێت و پەنای بۆ خۆکوشتن بردبێ".

باوکی هەڤگر مامۆستایە و دەڵێت هیچ جۆرە چەکێک لە ماڵەکەیاندا نەبووە، بۆیە بەلایەوە سەیرە کوڕەکەی ئەو دەمانچەیەی چۆن و لە کوێ دەستکەوتووە کە خۆی پێ کوشتووە. مامۆستا قەتاس گوتی "هەتا ئێستاش نازانم هەڤگر ئەو دەمانچەیەی لە کوێ هێناوە".

قەتاس بە دەنگێکی خەمناکەوە باسی بارودۆخی ئێستای هاوڕێکانی هەڤگر دەکات و دەڵێت کوڕەکەی هێندە خۆشەویست بووە لایان، زوو زوو دەچنە سەر گۆڕەکەی و بۆی دەگرین.

سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس، رائید هێمن سلێمان گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەستپێکردووە، بەڵام بەهۆی پرسەکەیانەوە تا کۆتایی هەفتەی رابردوو نەتوانراوە گوتەی کەسوکاری هەڤگر وەربگیرێت.

ڕووداوەکەی هەڤگر لە کاتێکدایە کە دوو هەفتە لەمەوبەریش لە ناحیەی رزگاری سەر بەشارۆچکەی کەلار، کچێکی تەمەن 20 ساڵ بەهۆی دەرنەچوونی لە قوتابخانە لە ماڵی خۆیاندا بە پەتێک خۆی خنکاند.



# لەتورکیا بە 10 دۆلار دەبیتە جیهادی

## خۆبەخشەکانی داعش بە ئەمبولانس بۆ دیوی سنووری سووریا دەپەڕێنرانەوە

کەمال گۆکتاش

دەسەڵاتی ئاکپارتی، بە سووربوونی لەسەر رووخاندنی ئەسەد، پشتگیری جیهادییەکانی کرد و داعشی گەیاندە ئاستێک لە ئەنقەرە بارەگا دابنێ.

پشتگیریی گرنگ بۆ داعش، رێگادانە بەو رێکخراوە بۆ ئەوەی خۆی رێکبخات، بە ئازادی پروپاگەندە بکات و رێگای پێبدرێت لە سنوورەکان بپەڕێتەوە. ئێستا شارەکانی ئیستانبوڵ، عەنتاب، دوزیجی و ئاداپازار بوونەتە وێستگەی کۆکردنەوەی تیرۆریست.

داعش لە مەسەلەی پەروەردەکردن و کۆکردنەوەی لایەنگردا ئاسوودەیە، چەند ڤیدیۆیەک کە لە پەیجەکانی سەر بە داعشدا بڵاوکراونەتەوە، ئەو راستییە دەردەخەن. یەکێک لەو ڤیدیۆیانە دەربارەی پیرۆزکردنی جەژن بوو لە ئیستانبوڵ. "موسڵمانانی ئیستانبوڵ دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخسا بەیەکەوە نوێژی جەژنی رەمەزان بکەن". لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو ڤیدیۆیە، والی ئیستانبوڵ لە لێدوانێکیدا گوتی "بۆ ئەو گردبوونەوەیە مۆڵەت وەرنەگیراوە".

هەمان چالاکی داعش بە چەند رۆژێک بەر لە کۆمەڵکوژیی پرسووس، لە ئۆمەرلی ئیستانبوڵ لە پارکێک دووبارە کرایەوە، وەکو ئەوەی ببێتە نەریتێکی ساڵانە. لە ڤیدیۆی چالاکییە نوێیەکەدا نزیکەی هەزار کەس بەشدارن کە هەندێکیان ژن و منداڵن، لەدوای نوێژی جەژن خالس باياناجوک دەربارەی جیهاد و مەسەلە ئایینیەکان قسە بۆ ئامادەبووان دەکات.

### کەمپەکەی عەنتاب

میدیای رۆژئاوا بەردەوامە لە پەخش و بڵاوکردنەوەی ئەو راپۆرتانەی ئاماژە بە خۆڕێکخستنی داعش لە تورکیا دەدەن. کەناڵی یەکی تەلەفزیۆنی دەوڵەت لە ئەڵمانیا (ARD) ڤیدیۆیەکی دەربارەی کەمپی داعش لە عەنتاب بڵاوکردەوە. ڤیدیۆیەکە نیشانی دا کە چۆن داعش لە عەنتاب گەنجان لەسەر شەڕ پەروەردە دەکات و چۆن بەبێ لێپرسینەوە لە سنووری تورکیاوە بەرەو سووریا و باکووری عێراق دەپەڕنەوە. بەپێی راپۆرتەکە 400 گەنج لە ئەڵمانیاوە بۆ پشتگیریی داعش چوونەتە سووریا.

مەحمود ئەردەم پارێزەری ئەو خێزانانەی کە کوڕەکانیان چوونەتە ناو داعش، لە ڤیدیۆیەکەدا قسە دەکات و دەڵێت "ئەو گەنجانە بە هاوکاریی MiT دەگەنە کەمپەکانی داعش".

### ناوەندی داعش لە ئەنقەرە

گەڕەکی حاجی بایرام لە ئەنقەرە بووبووە شوێنی گەرادانانی داعش. بەقسەی دانیشتووانی ئەو گەڕەکە، لانیکەم 100 کەسی ئەو گەڕەکە بە بەرچاوی هێزە ئەمنییەکانەوە چوونەتە سووریا.

بەگوێرەی ئەو زانیاری و وێنانەی لە سۆشیال میدیا بڵاوکرانەوە، داعش بۆ دۆزینەوەی گەنجان، لە حاجی بایرام ماڵی تایبەتی هەبووە کە ئاڵای داعش و ئەدەبیات و نووسینەکانی تێدا بڵاودەکردەوە. لەو وێنانەی بڵاودەکرانەوە دیاربوو کە لە حاجی بایرام لەژێر ناوی "خوێندنگای ئیسلام" دەرس بە منداڵان گوتراوە. ئۆغوزجان گۆزلەمجی ئۆغلۆ کە یەکێکە لە دانیشتووانی ئەو گەڕەکە، دەمێکە پەیوەندی بەداعشەوە کردووە و زوو زوو بە بەرچاوی پۆلسەوە دەگەڕێتەوە ئەنقەرە و چەند کەسێک لەگەڵ خۆی دەباتەوە سووریا.

(ج.ئا) کە یەکێکە لەوانەی لە حاجی بایرام پەیوەندی بە داعشەوە کردووە، بەشداری لە شەڕەکانی سووریادا کردووە، سەری مرۆڤی بۆ داعش بڕیوە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (بیرگون) باسی ئەوە دەکات کە چۆن دەوڵەت لەو گەڕەکە چاوپۆشی لە چالاکییەکانی داعش کردووە "پێشتر پۆلیس و ئیستخبارات نەدەهاتنە گەڕەکەکە، بەڵام تازە برادەرێک لەلایەن ئەمنیەتەوە بانگ کراوە".

لەو کاتەی لەهەر چوار لای تورکیا گەنجان پەیوەندییان بە داعشەوە دەکرد، دەوڵەت هیچ رێوشوێنی نەدەگرتەبەر. دوای ئەوەی پەیوەندیکردن بە داعشەوە لە شارەکانی قۆنیا، ئادیەمان و چەولیک هەڵدەکشێت، موفتی قۆنیا لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ موفتی شارۆچکەکان باسی ئەو زانیاریانە دەکات کە لە والی بەدەستی گەیشتوون "تاوەکو ئەمڕۆ، نزیکەی 100 کەس لە خەڵکی قۆنیا کە بۆ پەیوەندیکردن بەداعشەوە چوونەتە سووریا، 15 کەسیان بەهۆی بۆردومانێکەوە کوژراون".

### "دەرگایەکی کراوە بۆ جیهادییەکان"

رۆژنامەی دەیلی مەیلی ئینگلیزی ئەوەی ئاشکرا کردووە کە ژمارەیەکی زۆری میلیتانی بیانی بۆ ئەوەی پەیوەندی بەداعشەوە لە عێراق و سووریا بکەن، بەناوی گەشتوگوزارەوە چوونەتە تورکیا، بەڵام تورکیا هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ راگرتنیان. رۆژنامەکە نووسیویەتی "لە سنوور دەرگا بە رووی جیهادییەکاندا کراوەتەوە، جیهادییەکان بۆ ئەوەی سنوور ببڕن بڕی 10 دۆلار دەدەنە کارمەندانی سەر سنوور".

شێوازێکی دیکەی داعش بۆ پەڕینەوە لە سنوور، ئەمبولانسە. لە راپۆرتی جەهەپەدا دەربارەی رێکخستنەکانی داعش لە ئادیەمان هاتووە، ئەمبولانس بۆ پەڕاندنەوەی ملیتانەکان لە سنوور بۆ هەر کەسێک تەنیا 20 لیرەی تورکی وەردەگرێت.

### ئۆپەراسیۆنی خۆدەرخستن

لەو کاتەی هێزە ئەمنییەکان لەدژی داعش دەستیان بە ئۆپەراسیۆن کرد، داعش لەناو تورکیا بە هێرشی خوێناوی خۆی نیشاندا. زۆربەی ئۆپەراسیۆنەکان بەهۆی گوشاری نێودەوڵەتی و بەتایبەتی دوای هێرشەکەی پرسووس بۆ کپکردنەوەی کاردانەوەکانی ناوخۆ کران. نموونەی ئەو راستییە ئۆپەراسیۆنەکەی گەڕەکی حاجی بایرامە لە ئەنقەرە لەدوای هێرشەکەی پرسووس لە تەمموزی 2015.

ئەو ئۆپەراسیۆنە بۆ سەر 40 ئادرەس بوو، 15 کەس دەستگیرکران کە 11یان خەڵکی سووریا بوون. ئەو 15 کەسەی لەو ئۆپەراسیۆنەی خۆدەرخستن بە ئۆتۆمبێلی زرێپۆش دەستگیرکران، دواتر بە فەرمانی دادوەر ئازادکران.

راپۆرتی تایبەتی جەهەپە لەمەڕ ئادیەمان، دەربارەی بێ خەمیی ئەمنیەت لەدژی داعش، باسی نموونەیەکی مەترسیدار دەکات. هاووڵاتیان بە پەرلەمانتارانی جەهەپەیان گوتووە، دوای ئەوەی دڵنیابوونە چەکدارێکی داعش لە تورکیا هاتووەتە ئەو شارە، زانیارییان داوەتە ئەمنیەت، بەڵام ئەمنیەت گوێی نەداوەتێ و گوتوویانە ئەو کەسە گەشتیارە، بۆیە لێپرسینەوە لێی بە واتای پێشێلکردنی "ئازادیی گەشتوگوزار" دێت.

### تەنیا دوو ئەندامی داعش حوکم دراون

ئامارەکان نیشانی دەدەن کە ئۆپەراسیۆنەکانی پۆلیس بۆ سەر داعش تەنیا خۆدەرخستنە. وەزارەتی داد لە وەڵامی پرسیارەکانی فەیسەڵ ساری یڵدز، پەرلەمانتاری هەدەپە دەڵێت "126 کەس بە تۆمەتی ئەندامێتی داعش گیراون، بەڵام تەنیا دوو کەسیان حوکم دراون، ئەوانیش بەتاوانی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر، بریندارکردن، هەڵخەڵەتاندن، هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت و دابینکردنی چەک بۆ تیرۆریستان".

هەر لەناو ئەو گیراوانەدا حوکمی سێ کەسی دیکە لە دادگای تەمیزە. 121 کەسەکەی دیکەش تەنیا دەستبەسەرن. ئامارەکان نیشانی دەدەن، زۆربەی گیراوانی دۆسیەی داعش بە تۆمەتی "بوونە ئەندامی رێکخراوێکی تیرۆریستی چەکدار" دادگایی دەکرێن.

بە گوێرەی زانیارییەکانی وەزارەتی داد، لەو ژمارەیە 112 کەس بەو تاوانە و سێ گیراوی دیکەش بە تۆمەتی "دابینکردنی چەک بۆ رێکخراوێکی تیرۆریستی" و سێی دیکەش بە تاوانی "سەرکردایەتیکردنی رێکخراوێکی تیرۆریستی" دادگایی دەکرێن.

### دوای چارەسەری، ئازادی بکە


تورکیا لە چارەسەرکردنی بریندارانی داعشدا گرنگترین رۆڵی بینیوە. چارەسەرکردنی بریندارانی داعش زۆر بە بەرفراوانی بووە رۆژەڤی میدیای ناوخۆ و بیانی. فەرماندارێکی داعش لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی واشنتن پۆست لە 12ی ئابی 2014 دەڵێت "هەندێک لە برایانمان، بگرە بەرپرسانیشمان لە نەخۆشخانەکانی تورکیا چارەسەر کران".

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو لێدوانە بە ماوەیەکی کەم، ئاشکرا بوو کە سەرکردەیەکی داعش و نۆ چەکداری دیکە دوای بریندابوونیان، لە شار روحا چارەسەری برینەکانیان کراوە. خەرجی چارەسەرکردنەکەشیان لەلایەن دەوڵەتەوە دابین کراوە. هەروەها دوای ئەوەی وێنەی ئەندامی داعش عەمان ئالۆ لە ئینتەرنێت بڵاوکرایەوە کە لەکاتی گەمارۆدانی کۆبانێ بریندار کرا و لە نەخۆشخانەی محەممەد عاکیف ئینان چارەسەری بۆ دەکرا، ناوبراو بۆ نەخۆشخانەیەکی دیکە گواسترایەوە.

حکومەت چارەسەرکردنی بریندارانی داعشی بە کارێکی "مرۆڤانە" ناوبردووە. محەممەد موئەزین ئۆغلۆ وەزیری تەندروستی تورکیا، دەربارەی ئەو مەسەلەیە گوتی "ئێمە لە ئاستێک نین لێکۆڵینەوە لەبارەی ناسنامە، ئایین، رەگەز، رەنگ و مەزهەب بکەین. ئێمە ئەندامی تیرۆریستی پەکەکەمان چارەسەر کردووە کە سەعاتێک بەر لەوەی بریندار ببێ، چەکی لە سەربازەکانمان راکێشاوە، دواتر رادەستی ئەمنیەت و دادگامان کردووە".

بەپێچەوانەی قسەکانی ئەو وەزیرە، چەکدارانی داعش دوای چارەسەری، نە دەستگیرکراون و نە لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە، بەبێ لێپێچینەوە ئازاد کراون. تایلان ئۆزگور، دانیشتووی گەڕەکی حاجی بایرام لە ئەنقەرە کە تەمەنی 14 ساڵە، دوای ئەوەی پەیوەندی بە داعشەوە دەکات، لە سووریا بریندار دەبێت و بۆ چارەسەری دەیهێننە روحا، بەڵام هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵ ناکرێت، دوای ساڵ و نیوێک لە چارەسەری، جارێکی دیکە دەچێتەوە ناو داعش لە سووریا.

***ئەم راپۆرتە رۆژی 14ی تشرینی یەکەمی 2015 لە رۆژنامەی (جمهورییەت)ی تورکی لەژێر ناونیشانی (تورکیا بۆ جیهادییەکان دەرگایەکی کراوەیە) بڵاوکراوەتەوە.**




# بۆچی پێشمەرگە پڕچەک ناکرێ؟

پۆڵ ئیدۆن

ئەمەریکا دواجار بڕیاری دا راستەوخۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) پڕچەک بکات کە لە شەڕی دژی داعشدا لێهاتووترین هێزی سەر گۆڕەپانی سووریان. فڕۆکە جەنگیەکانی ئەمەریکا چەک و تەقەمەنییان بۆ هێزەکانی یەپەگە لە شاری حەسەکە خستە خوارەوە بۆ ئەوەی لە شەڕی دوژمنەکەیان، داعش، بەردەوام بن.

کەواتە لەلایەکەوە دەبینین ئەمەریکا راستەوخۆ دەستی کردووە بە یارمەتیدانی سەربازیی هێزێکی هاوپەیمانی خۆی لە ئاکامی شەڕی هاوبەشیان لە دژی داعش، لەلایەکی دیکەیشەوە بە ناڕاستەوخۆ بەردەوامە لە یارمەتیدانی سەربازیی هاوپەیمانە لەمێژینەکانی لە باکووری عێراق لە رێگەی حکومەتی ناوەندیی بەغداوە، ئەمەیان بە پاساوی بەردەوامیدان بە سیاسەتی "عێراقێکی یەکگرتوو".

بێگومان ئەمەریکا رژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا بە شەرعی نازانێت، بەڵام ئەوەی عێراقی پێ شەرعییە. لە هەمان کاتیشدا واشنتن رایگەیاندووە کە سەربەخۆیی ناوچە کوردییەکان لە سووریا بە رەسمی ناناسێت و پاڵپشتی سوورییایە وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو. ئەمەریکا نیشانی داوە کە دژی ئەوەیە کوردی سووریا ناوچە لێکدابڕاوەکانی خۆیان بەیەکەوە ببەستنەوە و قەوارەیەکی یەکانگیری سیاسی پێکبهێنن و هاوکات تورکەکانیشی دڵنیا کردووەتەوە کە دژی ئەوەیە یەپەگە بەرەو رۆژئاوای فورات پێشڕەوی بکات و بگاتە کانتۆنی عەفرین.

رۆژگاری سەخت رێوشوینی توندی گەرەکە و پێویستی بە دونیابینیی فراوان هەیە. بە داخەوە، سیاسەتی عێراقێکی یەکگرتوو کەموکوڕیی گەورەی لەخۆگرتووە. ئەوەی لە ئەرزی واقیعدا دەیبینین، لە کاتێکدا یەپەگە راستەوخۆ لە ئاسمانەوە پڕچەک دەکرێن، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ چاوەڕێی مەرحەمەتی بیرۆکراسییەکی چەقاوەسووی عێراقی یەکگرتوو بێت کە کەی ئەو چەکانەی ئەمریکا بۆی ناردووە بە دەستی دەگات.



حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا لە بەرەیەکی فراواندا بەرەنگاری داعش بووەتەوە و پێشمەرگەکانی سەرکەوتنیان بەسەر داعشدا تۆمار کردووە و قوربانیی زۆریشیان داوە لەم شەڕەدا (نزیکەی 1300 شەهید ژمارەیەکی کەم نییە بۆ هەرێمی کوردستان کە دانیشتووانێکی زۆریشی نییە). بە دڵنیاییشەوە ئەگەر ئەو رۆژە دابێت کە بیانەوێت داعش لە مووسڵ بکەنە دەرەوە، ئەوە پێشمەرگەیە کە رۆڵ دەگێڕێت و قوربانیی دیکەش دەدات.

بەلای منەوە شتێکی زۆر سەیرە کە واشنتن لە خەمی ئەوەدا بێت ئەو چەکانەی دەیاننێرێت لە کوێ و چۆن دەگەنە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە، نەبادا بکەونە دەستی نەیارانی. ئەمە لە کاتێکدا بۆ ئەمەریکا زۆری تێناچێت کە بزانێ بەشێکی زۆری ئەو چەکانەی ناردوونی، کەوتوونەتە دەستی میلیشیا شیعەکان کە لەڕاستیدا واشنتن بە نەیاریان دەزانێ. ئەو حەقیقەتەشمان بیر نەچێت کە بەغدا بەهۆی بێکەڵکیی سوپای عێراقییەوە دواجار رووی نایە یەکەکانی حەشدی شەعبی بۆ بە گژداچوونەوەی داعش. دەبووایە ئەمەریکا بتوانێت باوەڕ بە بەغدا بهێنێت کە بە رەچاوکردنی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، دەبێ حکومەتی ناوەندی بە لایەوە ئاسایی بێت ئەمەریکا بەهۆی ئەم شەڕەوە جارێ راستەوخۆ چەک بۆ پێشمەرگە بنێرێت. لەم رێگەیەوە، لەلایەکەوە ئەمەریکا پابەندیی خۆی بە سیاسەتی عێراقی یەکگرتوو نیشان دەدات و لەلایەکی دیکەشەوە یارمەتی هێزەکانی پێشمەرگە دەدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و داکۆکیکردن لە سنوورەکانی کوردستان.

ئەگەریش واشنتن نیگەرانی ئەوەیە کە نەوەک هێزە کوردییەکان ئامادەیی تەواویان بۆ چەکەکانی ئەوان نەبێت، خۆ دەکرێت بەشێک لە راهێنەرە سەربازییەکانیان بنێرنە کوردستان بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکانیان کۆمەک بکەن. (ئەمەریکا هەر ئێستا کۆمەڵێک راوێژکاری سەربازی لە هێرشی ئەنباردا هەیە.) خۆ ناکرێت هەر وا بە تەمای خوا کورد لە بەرامبەر دوژمنێکی بێویژداندا بە تەنیا بەجێبهێڵێ.

جێگەی داخە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکی لە سنوورە دوور و درێژەکانی خۆی لە بەرامبەر داعشدا تەنیا ژمارەیەکی کەم چەک و ئۆتۆمبێلی پێ گەیشتووە. لەو 400 ئۆتۆمبێلە دژە بۆمبەی کە پێشمەرگە بۆ بەرەی شەڕ پێویستی پێیە، تەنیا 30 دانەیان بەدەست گەیشتووە. هەروەها هەندێک سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن کە ئەمەریکا نەیویستووە بەشێک لە چەکە قورسەکانی بگەنە دەستی کورد لە ترسی ئەوەی نەوەک بە هەڵە بکەونە دەستی دوژمنانی ئەمەریکاوە کە نیشان دەدات ئەم چەکە بەنرخانە لەڕاستیدا لاوازترن لەوەی نیشان دەدرێن.

بە 30 ئۆتۆمبێلەوە پێشمەرگە دەبێ سنوورێکی فراوان دژ بە گرووپێک بپارێزن کە هەر بە مەزندەی حکومەتی عێراق نزیکەی 3200 ئۆتۆمبێلی گوللەنەبڕی دەستکەوتووە و داعش لە هێرشی خۆکوژیدا دژی نەیارانی سوودیان لێ وەردەگرێ.

رەخنەگرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێن ئەمەریکا دەبێ بیر لەو ئەگەرەش بکاتەوە کە ئەم دوو حیزبە فەرمانڕەوایەی کوردستان لە جیاتی شەڕی داعش رەنگە جبەخانەی سەربازیی خۆیان بە چەکە ئەمریکاییەکان پڕ بکەنەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەو حیزبانە بیانەوێت ئاسایش لە ناوچەکانیان دابین بکەن، پاساویان بۆ بەدەستهێنانی چەک هەیە. بەشەکانی دیکەی عێراق لەڕێگەی چەکەکانی ئەمەریکاوە توانیویانە کۆنترۆڵی کۆمەڵگەکانی خۆیان بکەن و پاسەوانی لە شارە گەورەکانیان بکەن. حکومەتی ناوەندی لەڕاستیدا سەرقاڵی پاراستنی ئەو سنوورەیە کە لە بەرامبەر هێزەکانی داعش لە ئەنبار هەڵیچنیوە و هێرشەکانی سوپاش تا ئێستا زۆر لەنگییان پێوە دیار بووە. بە هەمانشێوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە لەو شوێنانەی بۆی دەکرێت هێرش بۆ سەر داعش ببات و ئاسایشی ناوچەکانی دابین بکات. هەر بۆیەشە دەبووایە لەم خەمەدا لەلایەن واشنتنەوە یارمەتی بدرێن.

# هەولێر و بەغدا بە کۆلێرا شەڕی یەکتر دەکەن

## لیژنەی تەندروستیی پەرلەمانی عێراق: 50 حاڵەتی کۆلێرا لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە

## وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان: تەنیا 5 حاڵەتی کۆلێرا تۆمار کراوە



**ناسر عەلی و سەروەر سالار**
**رووداو- دهۆک، سلێمانی**

ژمارەی تووشبووانی کۆلێرا لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق لە 2000 حاڵەت نزیک بووەتەوە، بەڵام وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا دان بە تۆمارکردنی پێنج حاڵەتدا دەنێ لە کوردستان. شارەزایەکی بواری تەندروستیش دەڵێت "ئەم وەزارەتە ئەوەندەی بە سیاسەتەوە سەرقاڵە، بیری لای رێنماییە زانستییە پزیشکییەکان نییە".

کۆلێرا نەخۆشیی سەدەکانی رابردووە و ئێستا تەنیا لەو وڵاتانەدا ماوە کە ستانداردەکانی خاوێنی تێیاندا رەچاو ناکرێت و ئاو و ئاوەڕۆی سەردەمیانەیان نییە، بۆیە دەرکەوتنی بەربڵاوی ئەو نەخۆشییە لە هەر وڵاتێکدا جۆرێکە لە ئابرووچوون بۆ کەرتە خزمەتگوزارییەکانی. لە یەکێک لە کتێبە پزیشکییەکانی ئۆکسفۆرددا هاتووە: "هەر شوێنێک ئاوی پیس و سیاسەتی گەندەڵی هەبوو، کۆلێرا گەشەی تێدا دەکات، ئاوی خاوێن و سیاسەتی خاوێن کۆلێرا لەنێودەبەن".

ئەو نێوبانگە خراپەی کۆلێرا وا لە بەشێک لە سیستەمەکان دەکات نکوڵی بکەن لە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە لە ناوچەکانیان.

دوو هەفتە لەمەوبەر هەفتەنامەی (رووداو) بڵاویکردەوە کە 23 حاڵەتی کۆلێرا لە پارێزگای دهۆک تۆمار کراوە. هەر رۆژێک پاش ئەو هەواڵە، وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی پارێزگای دهۆکی کرد و چەندین کۆبوونەوەی چڕوپڕی کرد، دواتر راگەیێندرا کە تەنیا دوو حاڵەت لەو پارێزگایە تۆمارکراون.

هەفتەی رابردووش لیژنەی تەندروستیی پەرلەمانی عێراق لە زاری فارس بریفکانییەوە رایگەیاند کە ژمارەی تووشبووان بە کۆلێرا لە دهۆک گەیشتوونەتە 50 کەس، بەڵام وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیسان ئەو زانیارییەی رەتکردەوە و گوتی ژمارەی تووشبووەکان تەنیا دوو کەسن.

پزیشکێکی شاری دهۆک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، چونکە پێیانگوتراوە تەنیا وەزارەت بۆی هەیە ئاماری کۆلێرا ئاشکرا بکات، دەڵێت "هەفتەی رابردوو رۆژانە 10 حاڵەتی کۆلێرامان هەبوو، رۆژی 17ی ئەم مانگە 11 حاڵەتمان هەبوو، بەڵام ئێستا نەخۆشییەکە روو لە کەمبوونە".

لەبارەی شوێنی نیشتەجێبوونی تووشبووەکانیش، پزیشکەکە گوتی "لە نێوەندی دهۆک، سێمێل و شێخانەوە حاڵەتمان هەبوون".

پزیشکێکی دیکەش دەڵێت کە بڕوای بە ئامارەکانی وەزارەت نییە "ئەوانە لە ساڵانی پێشوو کە کۆلێرا بڵاودەبووەوە، دەیانگوت بڵاوبوونەوەی کۆلێرا بەهۆی فەرمانگەکانی ئاو و ئاوەڕۆیە، کەچی کاتێک نەخۆشییەکە کۆنترۆڵ دەکرا، دەهاتنە سەر تیڤی و دەیانگوت ئێمە کۆنترۆڵمان کرد".

ئەو پزیشکە دەڵێت داتاکانی وەزارەتی تەندروستی شەفاف نین و جێگەی گومانن "ئێستاش نەمانزانی ئەنفلۆنزای باڵندە چەند کەسی تووش کرد، کاتێک پەتاکانی وەک کۆلێرا و ئەنفلۆنزا بڵاودەبنەوە، وەزارەت بە بیانووی ئەوەی هاووڵاتیان دەترسن، هیچ کات داتای راست نادات بەدەستەوە".

پزیشکێکی شاری هەولێریش ئاماژە بە زۆربوونی حاڵەتەکانی سکچوون دەکات لەو ماوەیەی دوایی.

د.عەلی بەرزنجی پزیشکی هەناو لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژهەڵاتی هەولێر دەڵێت هەفتەیەکە ژمارەی حاڵەتەکانی سکچوون روو لەزیادبوونن. وەک ئەو پزیشکە باسی دەکات، ئەو پشکنینانەی هاتوونەتەوە وا دەرناخەن سکچوونی ئەو نەخۆشانە بەهۆی کۆلێراوە بووبێ.

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زاری گوتەبێژەکەیەوە، ئامارێک ئاشکرا دەکات کە زۆر کەمترە لەوەی لە بەغداوە ئاماژەی پێدەکرێ.

د.خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا پێنج حاڵەتمان تۆمار کردوون، دوو لە دهۆک، دوو لە هەولێر و یەک لە سلێمانی".

گوتەبێژەکەی وەزارەت دەڵێت 40%ی حاڵەتەکانی سکچوون لە سلێمانی و 30%ی ئەوانەی هەولێر بۆ پشکنینی کۆلێرا نێردراون و تاوەکو ئێستا دەرنەکەوتووە هیچ دانیشتوویەکی ئەو دوو شارە تووش بووبن، جگە لە سێ کەس کە لە کەرکووک تووش بوون.

### "وەزارەت خەریکی سیاسەتە"

پسپۆڕێکی سیستەمی تەندروستی دەڵێت ئەمە یەکەمجار نییە وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان راستییەکانی سەبارەت بە نەخۆشییە گوازراوەکان دەشارێتەوە "وەزارەتی تەندروستی زانستی کردووەتە قوربانی سیاسەت. ئەو وەزارەتە ئەوەندەی هەوڵ بۆ شاردنەوەی عەیب و عارەکانی دەدات، ئەوەندە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەو عەیب و عارانە نادات. ئەمە چۆن بۆ کارەساتی ئاڤاستین و ئەنفلەوەنزای بەراز و باڵندە و گەندەڵییەکانی ناو سیستەمی تەندروستی راستە، بەهەمان شێوەش بۆ کۆلێرا راستە". دکتۆر گۆران عەبدوڵڵا پسپۆڕ لە سیستەمی تەندروستی وادەڵێت.

بۆچی وەزارەتی تەندروستی شەفاف نییە لە ئامارەکانیدا و زانیاری جیاواز سەبارەت بە کۆلێرا لە کوردستان هەن، دکتۆر گۆران لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "لە چەند ساڵی رابردوودا ئەم وەزارەتە نەیتوانیوە وەزارەتێکی زانستی و خەمخۆری خەڵک بێت. بەپێچەوانەوە خۆی سەرقاڵی سیاسەتکردن و حیزبایەتی کردووە".

دکتۆر گۆران بڕوای بە لێدوانەکانی وەزارەت نییە و دەڵێت کۆلێرا لە کوردستان هەیە و دەشاردرێتەوە "پێویست بەوە ناکات چاوەڕێی وەزارەت بکەین. کۆلێرا لە کوردستان هەیە. ژمارەکە هەرچەند بێت ئەوە گرنگییەکی ئەتۆی نییە. کۆلێرا لە عێراق سەریهەڵداوە. هەمان ئەو بارودۆخانەی کە وایانکرد لە 2007 و 2012 کۆلێرا لە کوردستان بڵاوببنەوە بوونیان هەیە. ئاوەکەمان پیسە، وەزیرەکەمان بێ خەمە، حکومەتەکەمان بێ باکە".



**دکتۆر ئیکرام حوسێن**

## وەزیری تەندروستیش بۆماڵەوە

ئەگەر وەزیری سامانە سروشتییەکان دەستخەرۆی کردن بۆ بودجە، لێمەگەڕێن هەمان وەزیر دەستخەڕۆتان بکات بۆ دەرمانیش، خراپ دەقەومێت ئەگەر بەغدا بەشە بودجەی دەرمانی هەرێمی کوردستان ببڕێت، کورد گوتەنی هەمیشە دەستخەڕۆکەرێ لە ماڵوێرانکەرێ خراپترە.

ئەگەر پێشتر لە سەتا پەنجا بوبێت، ئێستا وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان نزیکەی لە سەتا زۆر زۆر پشتی بە بەغدا بەستووە بۆ دابینکردنی دەرمان و پێداویستیی نەخۆشخانەکان، جا ئەگەر بەغدا بەشە دەرمان ببڕێت، مەگەر وەزیری تەندروستی بڕواتە ماڵەوە، کێ هەیە وەزیری تەندروستی نەدیبێت بە دەم زەردەخەنەوە لە ساتەوەختی تێکردنی دڵۆپە دەرماندا بۆ دەمی منداڵان لە کاتی دەستپێکردنی هەڵمەتی کوتانا؟ دەی با بزانن، ئەو دڵۆپە دەرمانە سەرچاوە و سپۆنسەرەکەی بەغدایە.

ئێستا حکومەتی بەغدا هەڕەشەی بڕینی بەشە خۆراک و دەرمانی هەرێمی کوردستان دەکات، بێگومان زۆریش ئاسان بۆی دەچێتە سەر ئەگەر گەرەکی بێت، بۆ نا؟ بۆچی لە پارەی نەوتی بەسرا و عەممارە، دەرمانی دژە دووپشک و کوتان بۆ منداڵ و خەڵکی هەرێمی کوردستان بکرێ؟ کە هەرێمی کوردستان خۆی نەوت بۆ خۆی بفرۆشێت، دەبێت خۆی دەرمانیش بۆ خۆی بسێنێ.

هەموو جۆرەکانی کوتان دژی نەخۆشییەکان کە نرخەکانیان خەیاڵییە، بەغدا دابینی دەکات، کوتان دژی نەخۆشیی ئیفلیجی منداڵان و سورێژە و سورێژەی ئەڵمانی و دەردەکوپان و ملەخرە و تەنانەت نەخۆشیی سیل و سەرەتانیش.

هەڵمەتی کوتان و گەڕان بەنێو کۆڵانەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستاندا، هەر بەغدا بەڕێوەی دەبات، کارمەندێک بۆ ماوەی پێنج رۆژی هەڵمەتەکە 100 دۆلار وەردەگرێت، هەر بەغدا دەیدات.

تۆ بڵێ چی؟

بەنج، ئەو بەنجەی لە نەشتەرگەریدا دەکرێت لە بەغداوە دێت، ئینجا ئەگەر بەشە دەرمان ببڕدرێت، تا وەزیری نەوت لە بازاڕدا نەوتەکەی ساغ دەکاتەوە، یەک دنیامان عەمر کورت ئەبین و دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی ئابووریی کوردستانیش نابینین.

دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان کە بە پلک و نەنک و دایک و باوکی ئێمە دەدرێت لە نەخۆشخانەکاندا، دەرمانی دژە دووپشک کە نرخەکەی نزیکەی 600 دۆلارە و دەرزیی گزاز کە نرخەکەی نزیکەی 20 دۆلارە و بڕێک دەرمانی ئیمیونۆگلۆبیولین کە سیستەمی بەرگریی لەش چالاک دەکات بۆ یەک کەس نرخەکەی 100 دۆلارە، ئەوانە هەموویان لە بەغداوە دێن.

بە شێنەیی کۆمپانیاکانی دەرمان متمانەیان بە وەزارەتی تەندروستی و حکومەتی هەرێم نامێنێ، ئێستا بەشێکی زۆریان ئامادە نین بە قەرز دەرمان بدەنە بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی، قەرزێک کە دیار نییە کەی یان هەر پێیان دەدرێتەوە یان نا، کۆگای دەرمان هەیە نزیکەی 200 ملیۆنی لای حکومەتە، تا من ئاگادار بووم کۆمپانیای گلاکسۆسمسکلاینی بەریتانی نزیکەی 450 هەزار دۆلاری کەوتبووە لای نەخۆشخانەی هیوا، کە بۆ هەر نەخۆشێک 28 دەنک حەبی Tykerb، بۆ چارەسەری شێرپەنجەی مەمک 1500 دۆلار لەسەر نەخۆشخانەی هیوا دەکەوێت، چیتر کۆمپانیاکان لە توانایاندا نەماوە لەوە زیاتر بە قەرزی نادیار دەرمان بفرۆشن.

ئەگەر بەغدا دەرمان ببڕێت؟

قەیرانی دارایی ئەوکاتە دەبێتە قوربەسەری کە بەشە خۆراک نامێنێ و خزمەتی نەخۆشخانەکان دەوەستێ، ئەگەر خۆخەڵەتێن نەبین، ئەگەر بەغدا بەشە دەرمان ببڕێت، کارەسات دەقەومێت، بۆیە پێویستە لە ئێستاوە وەزارەتی تەندروستی لە دژی ئیفلیجی بکوترێ، پێش ئەوەی وەزیری تەندروستی کوتانی دژی ئیفلیجیی منداڵانی لێ ببڕدرێت.

# ئازاری خوارەوەی پشت چییە و چۆن پەیدا دەبێت؟

**رووداو- webmd**

ئازاری خوارەوەی پشت بەجۆرێک بڵاوە کە کەم کەس هەیە لە یەکێک لە قۆناغەکانی ژیانیدا تووشی نەبێت. خوارەوەی پشت مەبەست لەو ناوچەیەیە کە لە خوارووی ئاستی قەفەزەی سنگەوە دەستپێدەکات. هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە زۆربەی ئازاری ئەم بەشەی پشت کاتییە و خۆبەخۆ چاک دەبێتەوە.

### جیاکەرەوەی ئازارەکە:

ئازارەکە لەوانەیە ئازارێکی بڵاوی زۆر توند و شوێن دیاریکراوبێ. لەوانەیە کورتخایەن یان درێژخایەن بێت. مەبەست لە درێژخایەن ئەو ئازارەیە کە سێ مانگ و زیاتر دەخایەنێت. بەگشتی ئەگەر ئازارەکەت تاوەکو 72 کاژێر چاک نەبووەوە، باشترە راوێژێک بە پزیشک بکەی.

### چ کاتێک چارەی خێرا پێویستە؟

ئەگەر ئازارێکی توند پەیدابوو لەدوای بەرکەوتنی زەبرێک یان بەربوونەوە، پێویست بە راوێژی پزیشکی دەکات. ئەو نیشانانەی دیکەش کە پێویستیان بە چارەی خێرا هەیە بریتین لە: لەدەستدانی توانای کۆنترۆڵکردنی میز یان پیسایی، لاوازبوونی قاچ، تا، ئازاری توند لەکاتی کۆکین.

### تەشەنوجە یان ئینزیلاق؟

ئەو ئازارەی دوای ماندووبوونێکی زۆر دروست دەبێت، زیاتر بەهۆی گرژبوونی ماسولکە (تەشەنوج)ەوەیە. ئەگەر ئازارەکەش لە سمت و کلۆتەوە چووە خوارەوە بە پێیەکاندا، ئەوە زیاتر ئەگەری هەیە ئازارەکە لە دیسکی نێوان بڕبڕەکان (ئینزیلاق)ەوە بێ.

### هۆکارە دیارەکانی ئازارەکە:

#### *سروشتی ئیشەکەت:

ئەو پیشانەی پەیوەندییان بە قورسی هەڵگرتن، یان سووڕاندنی پشتەوە هەیە دەبنە هۆی پشتێشە. هەروەک دانیشتنی بەردەوامی سەر کورسیش هۆکاری ئازاری پشتە.

#### *جانتاکەت:

جانتا قورسەکەت بە دەست هەڵبگری یان شان، کەمەرت هێزی راگریەتی. بۆیە کەلوپەلی قورسیش هۆکارێکی پەیدابوونی ئازاری پشتە. بۆیە ئەگەر رۆژانە پێویستت بە جانتایە، بیر لە بەکارهێنانی جانتایەکی تایەدار بکەرەوە.

#### *خوار وەستان:

ئەگەر بە نارێکی و لاری و خواری راوەستی یان دابنیشی، ئەوە کێشی جەستە بە نایەکسانی بەسەر بەشەکانی پشتتدا بڵاودەبێتەوە. بەوەش ئەو لایەی کێشە زۆرەکەی دەکەوێتە سەر، تووشی ماندوێتی دەبێت و ئازار پەیدا دەبێت.

#### *خراپبوونی دیسکەکان:

دیسکی نێوان بڕبڕەکان ماددەی وەک جێڵیان تێدایە کە یارمەتی ئاسان جووڵانی بڕبڕەکان دەدەن و زەبری سەر بڕبڕەکانیش هەڵدەمژن. بەڵام لەگەڵ زیانپێگەیشتنی بەردەوام و چوونە تەمەن ئەو دیسکانە تێکدەچن و ئەو توانایە لەدەستدەدەن و هەندێکجار دەپچڕێن. دیسکە نارێکەکانیش گوشار دەخەنە سەر دڕکەپەتک و لقەکانی. گوشارەکە بکەوێتە سەر لقە دەماری هەر ناوچەیەک، ئازار لەوێ دروست دەبێت، بۆ نموونە ئازاری ران یان قاچ یان پێ و پەنجەکان.

#### *حاڵەتە درێژخایەنەکانی پشت، وەکوو:

- تەسکبوونەوەی کەناڵی دڕکەپەتک، ئەویش دیسان گوشار دەخاتە سەر دڕکەپەتک و لقەدەمارەکانی
- هەوکردنی جومگەکانی نێوان بڕبڕەکانی

### هۆکارە رێگەخۆشکەرەکان

زۆربەی حاڵەتەکانی ئازاری خوارەوەی پشت لە سییەکانی تەمەنەوە دەستپێدەکەن. تاوەکو تەمەن زیاتر هەڵکشێ، ئازار زوو زوو دێتەوە و توندتریش دەبێت. هەندێک کەس لە خەڵکی دیکە زۆرتر تووشی ئازاری خوارەوەی پشت دەبن، بەهۆی هەبوونی:

- کێشی زۆری جەستە.
- ژیانی تەمبەڵ و بێ جووڵە.
- جۆری پیشەکەیان (وەک لە پێشەوە باسمان کرد).

### چۆن هۆکارەکەی دەستنیشان دەکرێ؟

بە وریاییەوە و بە وردی وەسفی حاڵەتەکەت بۆ پزیشکەکەت بکە: جۆری ئازارەکە، کەی دەستی پێکرد، لەگەڵ ئازاری پشت چی دیکەت هەیە، هەبوون یان نەبوونی نەخۆشیی درێژخایەن.

هەندێکجار دوای چەند پرسیارێک، پزیشک تیشکی سینی یان تەنووری یان لەرینەوەی موگناتیسیت بۆ دەکات تا بگاتە دەستنیشانی حاڵەتەکە و پاشان چارەسەرکردنی.

### چارەسەری خۆماڵی:

ئەو ئازارەی بەهۆی گرژبوونی ماسولکەوەیە، هەندێکجار بە چەند رێوشوێنێکی سادە باشتر دەبێت، وەک دانانی جەوەنە و پارچەی گەرم لەسەر شوێنی ئازارەکە، یاخود گەرماوێکی گەرم.

### مشتومڕی لەجێگا کەوتن

بڕوای بڵاوی نێو خەڵکی وەهایە کە بۆ چارەی ئازاری پشت دەبێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە جێگا بکەوین، بەڵام زانست بۆچوونێکی دیکەی هەیە: پێویست ناکات زۆرتر لە 2-3 رۆژ لە جێگادا بکەوی، چونکە ئەگەر زیاتر لەوە بکەوی ئەوە تۆنی ماسوولکە کەمدەکاتەوە و ئازاری پشت خراپتر دەکات.

#### *یۆگا:

کۆرسێکی سێ مانگیی یۆگا، بۆ زۆربەی حاڵەتەکانی ئازاری پشت باشە و سوودەکەشی بۆ چەند مانگێک بەردەوام دەبێت.

#### *مەساج:

توێژینەوەکان دەڵێن مەساج هاوکات لەگەڵ کۆرسی وەرزش و یۆگا، وادەکات سوودەکانی ئەو سێیانە زیاتر بکەن.

#### *ئازارشکێن:

ئازاری کەمی پشت بە دەرمانە سادەکانی وەک پاراسیتۆڵ و پرۆفین یان جێڵە دژە ئازارەکان باش دەبێت. بەڵام ئازارە توندەکان پێویستیان بە چارەسەری زیاتر هەیە.

#### *نەشتەرگەری:

ئەگەر ئازارەکە ئەوەندە زۆر بوو کە کاری لە چالاکیی رۆژانە کرد، یاخود هەموو چارەسەرییەکانی دیکەت تاقیکردەوە و هەر چاک نەبووی، لەوانەیە پزیشکەکەت بیر لەوە بکاتەوە نەشتەرگەریت بۆ بکات. جا بە رێککردنەوەی دیسکەکان بێت یان فراوانکردنی کەناڵی ڕێڕەوی دڕکەپەتک.



**رێگاگرتن لە تووشبوون**

ئەم هەنگاوانە گرنگن بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون:

- مەهێڵە قەڵەو ببیت.
- وەرزش بکە بە نەریتێکی رۆژانە.
- ئاگات لە رێک راوەستان بێ و زیاد لە پێوست قورسی هەڵمەگرە.

ڕووداو هەمەجۆر
ژمارە (380) دووشەممە 2015/10/26



## شوانە کۆتایی هات

ڕووداو – سلێمانی

شوانەی گۆرانیبێژ کە برای گۆرانیبێژ میکائیلە، بە مەبەستی ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری گەڕایەوە کوردستان، بەڵام دەڵێت ناچار بوو بگەڕێتەوە ئەوروپا.
شوانە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارم دا بگەڕێمەوە کوردستان بۆ ئەوەی کاری هونەری تۆمار بکەم، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی سپۆنسەر تەنیا توانیم بەرهەمێک لەسەر ئەرکی خۆم بە زەحمەتێکی زۆر بە ناوی کۆتایی تۆمار بکەم، بەو هیوایەم بە دڵی هەوادارانم بێ، چونکە کارێکی زۆر جیاوازە".
گۆرانی کۆتایی لە تێکستی حەمە کاکەڕەش و لە ئاوازی گۆرانیبێژ خۆیەتی، کاری دابەشکردنی میوزیکیش عەلی شەریفزادە کردوویەتی.

# ئەیوب ڕەبەنی بەلاوە خۆشترە



دەریاز یونس
ڕووداو- هەولێر

هونەرمەند ئەیوب عەلی، باسی ژیانی تایبەتیی خۆی دەکات کە تەنیایی بەلاوە باشترە لە پێکهێنانی خێزان.
بۆچی تائێستا بە تەنیایە؟ ئەوە ڕەنگە پرسیاری زۆر کەس بێت. ئەیوب عەلی لەڕێی (ڕووداو)ەوە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت "بۆ پێکهێنانی خێزان مرۆڤ دەبێت کاتێک بڕیار بدات کە لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادە بێت، دەبێت کاتت بۆ هاوژینەکەت هەبێت، من ڕۆژانە چەند کاژێرێک پڕۆڤە دەکەم و کاتی خۆم بۆ هونەر تەرخان کردووە، چۆن دەتوانم کاتی پێویست بۆ هاوژینەکەم تەرخان بکەم؟".
دەشڵێت "هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا کەسێکم نەناسیوە تەواو لەیەکدی تێبگەین و پاڵپشتم بێت بۆ هونەرەکەم، بەڕاستی هێشتا تەنیاییم پێ باشترە و هیچ پڕۆژەیەکم بۆ پێکهێنانی خێزان لە خەیاڵدا نییە".
ئەیوب نایشارێتەوە کە بەر لەوەی بچێتە هەندەران پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکدا هەبووە، بەڵام بەهۆی بەجێهێشتنی کوردستان کۆتایی هاتووە.



## عیشای ئێزدییەکان بەرناکەوێت

میوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

چیرۆکی کچێکی ئێزدی بەناوی عیشا دەبێتە دەقێکی شانۆیی و لە شاری سنە و مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کورستان نمایش دەکرێت.
تریفە کەریمیان، نووسەری شانۆگەرییەکە بە (ڕووداو)ی گوت "لە مێژووی شانۆی کوردستاندا نەبووە دەقێکی شانۆیی، لە ماوەی کەمتر لە یەک مانگدا، دوو گرووپی جیاواز کاری تێدا بکەن، بەڵام بەهۆی تراژیدیبوونی چیرۆکی شانۆگەرییەکە سەرنجی شانۆکاران و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە".
تریفە گوتیشی "ئەم شانۆگەرییە لە فێستیڤاڵی شانۆی کوردی لە سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵاتی باشترین شانۆگەری بەدەست هێناوە، دوای ئەم خەڵاتەش گرووپێکی دیکە بەناوی گرووپی باران لە شاری مەریوان بۆ 10 شەو نمایشیان کردەوە و خەڵکانێکی زۆر ئامادەی شانۆگەرییەکە بوون".
فەریدوون حامدی لە شاری سنە و فاتیح بادپەروا لە شاری مەریوان کاری دەرهێنانیان بۆ شانۆگەرییەکە کردبوو.

## تاڵەبانی تووڕەیە



ڕێکەوت سەلام
ڕووداو- هەلێر

خانمە گۆرانیبێژی کورد شەهێن تاڵەبانی کە 45 ساڵە گۆرانی دەڵێت، گلەیی لە کاربەدەستانی هونەری باشووری کوردستان هەیە و دەشڵێت دەترسم بمرم و ئەلبوومێکی دیکە بەرهەم نەهێنم.
شەهێن تاڵەبانی بە (ڕووداو)ی گوت "هۆکاری نەبوونی هیچ چالاکییەکی هونەریم بۆ نەبوونی سپۆنسەر دەگەڕێتەوە، بە داخەوە لە کوردستان بە تەواوەتی لە هونەر تێنەگەیشتوون، وڵاتێکیش ئەگەر هونەری تێدا نەبێت مردووە".
شەهێن گوتیشی "زۆر تووڕەم لەو بارودۆخەی کوردستان، چونکە هیچ خزمەتێک بە هونەر ناکرێت و ئەسڵەن ئاوڕی لێ نادەنەوە، ڕەخنەم لە کەناڵەکانیش هەیە چونکە ئەوانیش کەمتەرخەمن".
تاڵەبانی دەشڵێت "ڕاستە من پیر بووم، بەڵام دەنگم ماوە و لەوە دەترسێم لە کۆتایی تەمەنم نەتوانم ئەلبوومێک بەرهەم بێنم و سەربنێمەوە".

## ئەرسەلان خەریکی بەندۆڵە



ڕووداو – هەولێر

ئەرسەلان دەروێش، دەرهێنەری شانۆیی، خەریکی شانۆگەرییەکە بە ناوی "بەندۆڵی یادەوەرییەکانی ئێمە" و دەڵێت بەبێ هیچ بودجەیەک شانۆگەرییەکە بەرهەم دێنێ.
ئەرسەلان دەروێش بە (ڕووداو)ی گوت "لە ئێستاوە ئامادەکاری دەکەین بۆ شانۆگەری بەندۆڵی یادەوەرییەکانی ئێمە، لە داهاتوویەکی نزیکیشدا کار بۆ نمایشکردنی دەکەین".
دەقی شانۆییەکە لەلایەن نووسەری ئێرانی تاراوگەنشین عەباس مەعروفی نووسراوە و شاعیر و نووسەر دلاوەر قەرەداخی لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. هەر یەک لە ئەکتەرانی بواری شانۆ یوسف عوسمان و پشکۆ عەلی ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆگەرییەکەدا دەبینن.
جگە لەو کارە، ئەرسەلان ئاشکرای کرد کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی بەشی دووەمی زنجیرە درامای "ئارەزوو"ە لە نووسینی عەباس عەبدولڕەزاق و لە دەرهێنانی خۆیەتی.

## عەممار دوو گۆرانی بڵاودەکاتەوە



ڕێکەوت سەلام
ڕووداو – زاخۆ

گۆرانیبێژی کورد عەممار کوفی ڕایگەیاند کە لەو ماوەیە دوو گۆرانی بڵاودەکاتەوە، بەڵام جارێ کلیپیان بۆ ناکات.
عەممار کوفی بە (ڕووداو)ی گوت "لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دوو بەرهەمم بڵاو دەبێتەوە کە هەردووکیان لە نێو ئەلبوومە تازەکەمدا دەبن. یەکەمیان گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردییە و ئەوەی دیکەش گۆرانییەکی عەرەبییە کە بە شێوازێکی نوێ گوتوومەتەوە".
عەممار دەڵێت ئەو دوو گۆرانییەی بەبێ سپۆنسەر لەسەر ئەرکی خۆی تۆمار کردووە. گوتیشی کلیپ بۆ ئەو دوو بەرهەمەی ناکات و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لە پێگەکانی وەکو یوتیوب و ئەنغام بڵاویان دەکاتەوە.

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ
گفتوگۆیەکی جدی لەگەڵ کەسانێک دەکەیت کە لەیەکتر تێدەگەن و پێکەوە چارەسەری گرفتێک دەبیننەوە. بیرۆکەیەکی کۆن نوێ دەکەیتەوە و ئەنجامێکی خێرا بەدەست دەهێنی، لەگەڵ چواردەورەکەت ڕێزێکی زیاتر بنوێنە.

### گا
خواستەکان هەرگیز تەواو نابن، ئارەزووەکان زۆرن و هەرکات یەکێکیان بەدی دێت، خێرا هەنگاو بۆ یەکێکی دیکە دەنێیت بەبێ ئەوەی چاوەڕێ بکەیت چێژ لەبەدیهاتووەکان وەربگریت، بۆیە هەست بە ماندووبوونی زۆر دەکەیت.

### دووانە
هەرگیز شکست نابێتە مایەی شوورەیی بۆ ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن، ژیان چەند تاقیکردنەوەیەکە و ئەزموون کەسایەتیمان دیاری دەکات. ئەم ماوەیە لە بیرکردنەوەکانتدا هێزێکی زیاتر بە لایەنی خێزانی و سۆزداری دەبەخشی.

### قرژاڵ
ئەم هەفتەیە هەستێکی خۆشت دەبێت و ئاواتێکی کۆن سەر هەڵدەداتەوە. پەیوەندییەکی کتوپڕ ئاسوودەت دەکات. بەهۆی دیدارێک یان تاقیکردنەوەیەک کەمێک ڕاڕا دەبیت و پێویستە هەوڵێکی جدیی بۆ بدەیت.

### شێر
بەشێویەکی گشتی گرنگی بە ڕوخسار و پۆشاک بدە هەتا سەرنجڕاکێش دەربکەویت، خەڵکانی چواردەورت حەز بە نزیکبوونەوە لەتۆ دەکەن. دەتوانن دەستنیشانی ئەو گرفتانە بکەن کە لە ژیانی سۆزداریدا تووشی دڵەڕاوکێی کردوون.

### فەریک
کەسێکی بەتوانایت و هەوڵ بۆ هەرچی بدەی بێگومان بە سەرکەوتوو دەبی، هەر بەربەستێکیشت بۆ دروست دەبێت بە وریاییەوە هەنگاوی بەسەردا دەنێیت. کارەکانتان بەرفراوان دەبێت و بڕیار لەسەر باشکردنیان دەدەن.

### تەرازوو
ئەستێرەکەت توانایەکی زیاترت دەداتێ بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانت، بڕوابەخۆبوونت زیاتر دەبێ و لەکۆتاییدا بڕیاری جێبەجێکردنی کارێک دەدەی، بەڵام لە بڕیاردانی خێرادا خۆت بۆ هەموو پێشهاتەکان ئامادە بکە.

### دووپشک
لەبری ئەوەی بەرنامەی باش بۆ چارەسەرکردن دیاری بکەیت، هەوڵ بدە لە بنەڕەتەوە خۆت لە گرفت بپارێزیت. هەوڵ بدە خۆت هێور بکەیتەوە و پشوویەکی کاتی بدەیت بۆ کۆکردنەوەی هێز و توانات.

### کەوان
کۆنترۆڵی خەیاڵە زۆرەکانت بکە، ئەم دۆخە چەند جارێک لەژیانتدا سەری هەڵداوە. هەوڵدان بۆ ئەنجامێکی زۆر گەورە لەماوەیەکی کەمدا کارەکانت قورس دەکات، بڕێک پارەت دەستدەکەوێ، بەڵام خێرا خەرجی دەکەیت.

### گیسک
ئەگەر هەست دەکەیت یەکێک لە کارە گرنگەکانت وەستاوە، ئەوا ڕێگەیەکی نوێ بدۆزەرەوە. لەو کارانە دوور بکەورەوە کە نهێنین. هەرچەندە چێژ لە ساتەکانی تەنیایی وەردەگرن، بەڵام هەوڵ بدەن گۆشەگیر نەبن.

### سەتڵ
فرسەتی سۆزداری بەهێزتان بۆ دروست دەبێت، یان هەنگاوێکی گرنگ دەنێن لەو بارەیەوە. کاتەکانی ئێستا بەهایەکی گرنگتریان هەیە لەجاران، هەست بەهەڵچوونی سۆزداری دەکەیت و دڵت ناسک دەبێتەوە.

### نەهەنگ
بەئاسانی خەیاڵت دەڕوات بەرەو جێگە دوورەکان، ئاگادار بە شتی گرنگ بزر نەکەیت. هەرچەندە کارەکان قورس دەبێت تواناشت زیاتر دەبێت. پاش ئەوەی لەدڵسۆزیی نزیکەکانت دڵنیا دەبیت، هەست بە ئاسوودەیی زیاتر دەکەیت.

# نهێنییەکانی لیۆ تۆلستۆی

**نووسینی: ڤیکتۆر ئیرۆفییێڤ***
**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئیدریس شێخی**

تۆلستۆی 104 ساڵ لەمەوبەر، لە ساڵی 1910دا کۆچی دوایی کرد. ناوی لیۆ تۆلستۆی لە سەرانسەری جیهاندا بووە بە هاوواتای شکۆی ئەدەبی رووسیا. بەڵام لە رووسیا، فەلسەفەی تۆلستۆی (تۆلستۆییزم) کە بانگەشە بۆ ناتوندوتیژی دەکات و راڤەکردنێکی ئازادانەی کتێبی ئینجیلە، ئێستاش قسە و باسێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە. لە ساڵی 1901دا، کڵێسای ئۆرتۆدۆکسی رووسیا بڕیاری کافربوونی تۆلۆستۆی دەرکرد. پاش تێپەڕبوونی نزیکەی 100 ساڵ بەسەر مەرگیدا، کڵێسا ئامادە نییە بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە و لێی خۆش بێت. لە راستیدا، لەوە ناچێت تۆلستوی لەو بڕیارە زویر بووبێت.

بەهرە هونەرییەکەی دەرفەتێکی دەگمەنی بۆ رەخساند، بۆ ئەوەی درێژە بە رێگای خۆی بدات و ستایشی ژیان و گشت دەرکەوتەکانی بکات.

من بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی تۆلستۆی، چێژێکی فیزیۆلۆژیکی وەردەگرم. هەرچەند زیاتر بەرهەمەکانی بخوێنمەوە، ئەم چێژە زۆرتر دەبێت. وشەکانی، بۆن و بەرامە و ئاهەنگ و تەزووی هەست و سۆز دەخولقێنن و بەرفراوانترن لە هەر دۆکترینێکی فەلسەفی، بگرە لە خودی نووسەرەکەشیان، نووسەرێک کە وشەکانی بێ بەزەییانە دەیچەوسێننەوە. پێدەچێت لە پانتایی ئەدەبی جیهاندا، نەتوانین نووسەرێکی بێ ئایدیای (idealess) وەک تۆلستۆی دەستنیشان بکەین کە هێزی نووسراوەکانی، هەستی ستایشمان تێدا دروست بکەن و لە هەمان کاتیشدا، لە راشکاوانەبوونی نووسراوەکانی بترسین.

وشەکانی تۆلستۆی دەڵێی لە نووسەر جیادەبنەوە بۆ ئەوەی مانای بوون ئاشکرا بکەن. لەم پرۆسەیەدا، هەندێکجار خودی نووسەرەکەش تووشی سەرسوڕمان دەکەن. مارسێل پرۆست، پێیوابوو تۆلستۆی میری بەتوانای بەرهەمەکانیەتی، میرێک کە هەموو ئەندێشە و کرداری کارەکتەری چیرۆکەکانی کۆنترۆڵ دەکات. ئەگەر وابێت، دەبێت بڵێین تۆلستۆی میرێکی سینگفراوان بووە کە ئازادیی بەخشیوە بە پاڵەوانەکانی، ئەم پاڵەوانانەش، دەچنە ناو یادەوەریی ئێمە و لە زیندووەکانیش زیندووتر دەبنەوە. یەکەمین سەمای ناتاشا، کێبەرکێی ئەسپەکان لە رۆمانی ئانا کارنینادا، نەخۆشی و مەرگی ئیڤان ئیلیچ، رۆحی خوێنەر پڕ دەکەن لە خۆشییەکی ساکار و لە هەمان کاتیشدا، خوێنەر تووشی مەترسیی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەرچاوە راستەقینەکانی بوون دەکەن.

هەندێکجار پێدەچێت تۆلستۆی هاتبێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی یاساکانی ئەدەب بگۆڕێت و بەو روانگەیە پێبکەنێت کە ئەدەب وەک کتێبی قوتابخانەی ژیان تەماشا دەکات.

تۆلستۆی نەیدەویست باسی ئەدەبیات بکات و بگرە نووسەرانی وەک شکسپیر و دانتەی زۆر خۆشنەدەویست. خۆی بە نووسەرێکی پرۆفێشناڵ نەدەزانی، بەڵکوو زیاتر بکوژی ستانداردەکانی ئەدەب بوو. جەستە و رۆحی ئەوەندە لە جۆش و خرۆشدا بوون کە بە سەختی دەیتوانی بژێوی خۆی دابین بکات. لە رەفتاری تاکەکەسیدا وەک دێو وابوو. لە چەمکی «پێشکەوتن» و «سەردەمی پێشکەوتن» بێزار بوو. لە جیهانی مڕومۆچی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا، داکۆکی لە ئازادیی ژنان دەکرد. رەعیەتە ساکارەکانی خۆشدەویست، گەرچی بە رەچەڵەک و تا سەر ئێسک ئاغا بوو. بۆچوونی لینین زۆر راست بوو، کاتێک دەیگوت تۆلستۆی ئاوێنەی شۆڕشی رووسیایە.

پێمخۆشە سەبارەت بە پێوەندیی تۆلستۆی لەگەڵ کەسایەتییە ناسراوەکانی هاوچەرخی، زیاتر بخوێنمەوە. ئەو پێوەندییانە زۆر جار دەبوونە هۆی لەیەکنەگەیشتن و ناپاکیکردن. رقی لە ئیڤان تۆرگینێڤی نووسەر و ئەو «سمتە دیموکراتییانە و چەنەدرێژەکەی» بوو. جارێک داوای لێکردبوو، بە تفەنگی راو لە شەش هەنگاودا دوێل (1) بکەن. تۆلستۆی لە حیکایەتەکانی سیواستوپولدا باسی مەترسییەکانی شەڕی کردبوو، بەڵام خۆی کەسایەتییەکی زۆر شەڕانگێز بوو، هەندێکجار هاوسەرەکەی- سۆفیا ئەندرێڤنا-ی تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەکرد. رووەکخۆربوونی (Vegitarianism) و تێکۆشانی رەعیەتئاسای دەبووە هۆی گاڵتەجاڕی. (جارێک کابرایەکی گوندی دەچێتە خزمەتی و دەڵێت: قوربان، ئەمڕۆ بۆ خواردنی نیوەڕۆ هەوجاڕ (plow)مان هەیە! )

ئاندرێ ژید، لە وتارێکدا سەبارەت بە دۆستۆیڤسکی نووسیبووی: تۆلستۆی، دانی بە گەورەیی دۆستۆیڤسکیدا نەدەنا، بەڵام هێدی هێدی رۆشنبیران بۆیان دەرکەوت کە شاخی دۆستۆیڤسکی لە شاخی تۆلستۆی بەرزترە. بەڵێ ئامانجەکانی دۆستۆیڤسکی روون بوون و کردارێکی دیاریکراویشی هەبوو. پەردە لادەدرێت و بۆمان دەردەکەوێت کە بوونی دابڕاو لە خودا، بە چ شێوەیەک دەبێتە گوناه و، شەڕ و تاوان دەبێتە سزادان. بە پێچەوانەوە، کاتێک ئانا کارنینا – کارەکتەری سەرەکیی رۆمانی ئاناکارنینا-ی تۆلستۆی خۆی دەخاتە بەر شەمەندەفەر و خۆی دەکوژێت، ماناکەی چییە؟ تاوان؟ تراژیدیایەکی مەزن؟ چارەنووسی ژنێکی هەژار؟ وڕێنەیەکی بەتەوژمی خودئاگایی؟ وەڵامێک بوونی نییە. کەواتە، بە لۆژیکی تۆلستۆی، ئێوە دەچنە لای پۆلیس نەک نووسەر. لە روانگەی دۆستۆیڤسکییەوە، ژیان پاشکۆی ئەندێشەیە. لە روانگەی تۆلستۆیەوە ئەندێشە بەردەوام لە خولانەوەدایە، وەک بۆمبێک کە دەتەقێتەوە و کۆتایی بە ژیانی شازادە ئاندرێ بالکونسکی دێنێت.

رۆمانەکانی تۆلستۆی، لە یاداشتە رۆژانەکانیدا رەگیان داکوتاوە و لە دەنگۆی ناو کۆمەڵگا و رەنگدانەوەی سەردەمی منداڵی و ئەفسانەکانی ناو بنەماڵەوە سەرهەڵدێنن. تۆلستۆی ئاودێریی ئەو باخە دەکات و لەو باخەدا، دارێک بە میوەی بەهەشتییەوە دەڕوێت. میوەکانی خۆش و بە بۆن و بەرامە و ئاودار و بێوێنەن.

یەکێک لە ناواقیعیترین شێوەکانی ئەدەب (ریالیزمی سۆسیالیستی)، بە نیاز بوو تۆلستۆی بکاتە موڵکی خۆی، لاسایی شێوازی نووسینی ئەوی دەکردەوە و دەیویست دنیا بگۆڕێت. بەڵام لاساییکردنەوی تۆلستۆی بە هیچ شێوەیەک ناکرێت. بۆ نووسین دەبێت وەک ئەو نەجیبزادەیەکی تووڕە و لەخۆبایی بیت. تۆلستۆی لە کۆتایی ژیانیدا رەخنەی لەو کەسانە دەگرت کە ستایشی لەرادەبەدەری کتێبی شەڕ و ئاشتی و ئاناکارنینایان دەکرد. دەیگوت: "رێک وەک ئەوە وایە ستایشی پسپۆڕێکی گەورەی بواری فیزیا بکەن ، لەبەر ئەوەی زۆر بە باشی سەمای مازورکا دەکات".

تۆلستۆی چۆن تووشی هەڵە بوو لە تێگەیشتن لە خودی خۆی و سروشتی خولقێنەری؟ تۆلستۆی کە لە پیاوێکی ئایینی دەچوو، لە ئاکامدا لەگەڵ بەهرەی ئافراندنی خۆی تووشی ناکۆکی بوو. تیۆرەکەی سەبارەت بە بەرگریی بێ توندوتیژی، ئیلهامی بە گاندی بەخشی و بنەماکانی رۆژهەڵاتییانەی ئەندێشەی رووسیای ئاشکرا کرد. بەڵام، ئەو تۆلستۆیەی من خۆشمدەوێ، پیاوێکی رەشبین و هۆگری چێژوەرگرتن لە ژیان بوو (HEDONIST) و بەردەوام خوێنەری دەهەژاند. شەیدای روخساری دزێو و ریشە شێواوەکەی و گەڕانی بێوچانی منداڵانەیم بە دوای گۆچانێکی سەوزی سیحراویدا ، لە دارستانێکدا کە کلیلی خۆشحاڵیی گشتیی تێدا شاراوەیە. راکردنی نهێنی تۆلستۆی لە ماڵەکەی لە یاسنایا پولیانا ئەوپەڕی شێتییە. پێدەچێت کاتی مەرگی نووسەر گەیشتووە و دەبێت خۆی بداتە بەر شەمەندەفەر.

ماوەیەک لەمەوبەر، چووم بۆ یاسنایا پولیانا کە 100 کیلۆمەتر لە باکووری مۆسکۆوە دوورە. لە ماڵ-مۆزەخانەکەیدا بە سەرسامییەوە دەمڕوانییە شتومەکی خانوویەکی شاهانە. لە ناکاو بۆم دەرکەوت کە کتێبی شەڕ و ئاشتی لە کوێوە هاتووە: رۆژێکی درێژخایەن و بێ ژاوەژاو لە لادێ، میوانی چای سازکراو بە سەماوەر، پیاسە لە کەشوهەوایەکی خاوێندا.


لەبەر دەرگای موڵکەکەیدا، دوو پۆلیسی ویلایەتی راوەستابوون. گوتم ئایا بەرهەمەکانی تۆلستۆیتان خوێندووەتەوە. گوتیان بەڵێ، لە خوێندنگە خوێندوومانە.

بەبێ تۆلستۆی، ژیان بێڕەنگتر و هەژارتر دەبوو، رستەکانی وەک ریشەی دار رۆچوون. بۆچوونەکانی، وەک راوچییەکی لێهاتوو، نەک هەر هی ئێمەن، بەڵکو مافی نەوەکانی داهاتوویشن.

**(1) دوێل: دوابژارە بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی نێوان دوو کەس لە رێگای کوشتنەوە. دوو کەسەکە پشت لە یەکدی دەکەن و بە ژماردنی چەند هەنگاوێکی پشتاوپشت، لە ناکاو روو لە یەکدی دەکەن و تەقە لە یەکدی دەکەن ، هەر کەس کوژرا بە دۆڕاو دەژمێردرێت.**

***نووسەر و وەرگێڕێکی رووسە**

**سەرچاوە: the International Herald Tribune**



# منداڵەکەت فێر بکە کە خاوەنی لەشی خۆیەتی*

منداڵ کە لە لەدایکبوونییەوە تا چەند ساڵی یەکەمی بەردەوام لە باوەشی گەورەکاندایە، دوای چەند ساڵێک دەبێت تێبگەیەنرێت کە لەشی تایبەتە بەخۆی و جگە لەخۆی کەس خاوەنی نییە. واتە دەبێت هەست بەوە بکات کە ئەو مرۆڤێکی سەربەخۆیە و جیاوازە لە کەسانی دەوروبەری. چونکە ئەو منداڵانەی ئەم هەستەیان تێدا دروست نەبووە، زۆر بە ئاسانی رووبەڕووی دەستدرێژی دەبنەوە و ناتوانن، یاخود نازانن بەرگری لە خۆیان بکەن.

کە منداڵ دەگاتە تەمەنی چوار ساڵان، دەبێت ئیدی دایکان و باوکان کاربکەن بۆ دروستکرنی هەستی خۆبەخاوەنزانینی لەشی خۆ لای منداڵەکانیان. ئەمە ئەرکێکە بەزۆری دەکەوێتە سەرشانی دایکان و باوکان، پاشان کەسە نزیکەکانی منداڵ. بەڵام چۆن؟ دایکان و باوکان چۆن دەتوانن ئەم هەستە لای منداڵەکانیان دروست بکەن؟

گرنگترین کارێک کە دایکان و باوکان بیکەن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان فێربکەن لەشیان تایبەتە بەخۆیان، ئەوەیە کە بەرلەوەی هەرشتێک بکەن پەیوەندی بە لەشی منداڵەکەیانەوە هەبێت، مۆڵەتی لێ وەربگرن. هەڵەی زۆرینەی دایکان ئەوەیە کاتێک منداڵەکەیان خۆی پیس دەکات، بەتووڕەییەوە دەرپێکەی لەپێ دادەکەنن، ئەمەش هەستی منداڵەکە دەشکێنێ و ناخی تێکدەشکێنێ. دایکان دەبێت ئەوە بزانن کە راستە رۆڵەکەیان منداڵە، بەڵام بەباشی لە هەڵسوکەوتی دەوروبەری تێدەگات. هەربۆیە دەبێت دایکان لەسەرخۆ بن لەگەڵ منداڵەکانیاندا. ئەگەر منداڵەکە خۆیشی پیس کرد، بە هێواشی مامەڵەی لەگەڵ بکەن و هەستی بریندار نەکەن. تەنانەت پێویستە مۆڵەتی لێ وەربگرن. بۆنموونە دەکرێت بە منداڵەکە بڵێین: "خۆت تەڕکردووە؟ با بتگۆڕم".

کاتێک منداڵ بەهۆی گەرما یاخود یاریکردنەوە عارەقەی کردووەتەوە، نابێت دایکان و باوکان بە خێرایی و تووڕەییەوە جلوبەرگەکەی لەبەر دابکەنن و بیگۆڕن. بەڵکو دەبێت بەجۆرێک بیگۆڕن کە منداڵەکە بریندار نەبێت. بۆنموونە دەکرێت پێی بڵێین: "عارەقەیەکی زۆرت کردووە، حەز دەکەی با بتگۆڕم". بەمشێوەیە منداڵەکە بریندار نابێت و ئەو هەستەی بۆ دروست دەبێت کە تەنانەت دایک و باوکیشی نابێت بەبێ پرسی خۆی دەست بۆ لەشی ببەن.

ئەگەر دەڵێن منداڵ کوا لە مۆڵەتوەرگرتن تێدەگات، بەڵێ راستە. لە سەرەتاوە لەم شتانە تێناگات کە ئێوە دەیکەن بەرامبەری. بەڵام لە داهاتوودا بۆی روون دەبێتەوە کە بۆچی ئێوە مۆڵەتتان لێ وەرگرتووە، خۆ ئەگەر مۆڵەتیشی لێ وەرنەگرن، هەر لە داهاتوودا تێدەگات. ئەوکاتەش تازە دەرفەتی گەڕانەوە بۆ رۆژانی منداڵی نابێت!

ئێوە هۆکاری هێنانە دونیای منداڵەکەن. کەوایە دەبێت بەرپرسانە مامەڵە بکەن. بۆ ئەوەی بەباشی لەم بابەتە بگەن، نموونەیەکتان بۆ باس دەکەم. نموونەی دایک و باوکێک کە نابەرپرسانە منداڵەکەیان پەروەردە دەکەن.

باوکەکە کار دەکات و ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵە پێنج ساڵانەکەی بەتەواوی دەخاتە ئەستۆی هاوسەرەکەی. دایکی منداڵەکەش، هەرکاتێک دەچێت بۆ بازاڕ، سەردانی هاوڕێ و ئارایشگا و هتد... منداڵەکەی لای ژنێکی دراوسێیان جێدەهێڵێت. دراوسێیەکەیان کوڕێکی هەرزەکاری هەیە کە تەمەنی 15 ساڵانە. ژنەکەی دراوسێ، کەمێک خواردن دەداتە منداڵەکە و دەیبات بۆ ژووری کوڕە هەرزەکارەکەی. وەک دەزانن، 15 ساڵان تەمەنێکی زۆر نەگونجاوە بۆ ئەوەی بەتەنیا لەگەڵ منداڵێک بمێنێتەوە. ئەم دوو منداڵە سەرەتا پێکەوە یاری دەکەن بە بێدەنگی، بەڵام دواتر هەرزەکارەکە منداڵەکە دەخاتە کۆشی و دەستدرێژیی فیزیکی دەکاتە سەر منداڵەکە. منداڵەکە لەم شتانە تێناگات و وادەزانێت هاوڕێ گەورەکەی یاری لەگەڵ دەکات. هەربۆیە هیچ کاتێک باسی ئەم شتانە بۆ دایکی ناکات، چونکە شیرینی و شکولات و یارییەکانی دراوسێکەیانی پێخۆشە، ئەگەر کوڕەکەشیان نیگەرانی کردبێت، هەر قسە ناکات. ئەم منداڵە کاتێک گەورە دەبێت، دەزانێت چ کارەساتێکی بەسەر هێنراوە و دەبێتە کەسێکی ناخ مردوو.

هەربۆیە، تکایە منداڵەکانتان تێبگەیەنن کە لەشیان تایبەتە بەخۆیان و تەنانەت خودی دایک و باوکیشی بۆیان نییە بەبێ مۆڵەت دەست بۆ لەشیان ببەن.

**وەرگێڕانی: محەممەد ئیسماعیل**

***ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (پەروەردەی ڕەگەزیی منداڵ) ی نووسەری تورک ئادەم گیونەش کە وەرگێڕدراوە و بەشێوەی زنجیرە وتار لە (رووداو) بڵاودەکرێتەوە.**

# تۆتالیتاریزم و فەزیلەتی درۆ *



ئیدریس شێخ شەرەفی**

ئەگەر تۆتالیتاریزم بریتیی بێت لە ڕێکخستنێکی تۆکمەی دەسەڵات، ئەگەر بە مانای تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی هێز بێت کە چاودێرە بەسەر کۆی بوارەکانی ژیان و بەشێوەیەکی بێسنوور هەموو بیاڤەکانی کۆمەڵگا دەتەنێ و حسێبێکی وردی ئابووری بۆ دەکات، واتە ئابوورییانە سیستەمی کلتووری و کۆمەڵایەتی بەسیاسی دەکات و سەرجەم پانتاییە مرۆییەکان دەگۆڕێت بۆ هاوکێشەی سادەی حسێب بۆکراو، هەر لێرەوە هیچ دەرفەتێک بۆ نادیاری، پێناسەنەکراوی، ناڕوونی و دەرەوەی یاسا ناهێڵێتەوە، هەموو شتێک لە یەک چوارچێوەی کۆنکریتیدا پێناسە دەکات. تۆتالیتاریزم داگیرکردن و وێرانکردنی سنووری نێوان پانتایی تایبەتی و گشتی و هەموو خاڵەکانی بەرگرییە بۆ جۆرێک لە کۆپیی دەسەڵات و ئایدیاکانی و ئەو وێنە مۆنتاژکراوانەی کە خۆی گەرەکیەتی، لە هەمان کاتدا هێندە ئامرازی گەیاندن و ڕاگەیاندنی لەبەردەستدایە کە بتوانێ هاوکات وێنە و پەیامی پێچەوانەی یەکتریش لەسەر خۆی دروست بکات.

پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی تۆتالیتێر و حەقیقەت و لەوێشەوە بەهاکان پەیوەندییەکی کێشەزایە. تۆتالیتاریزم لەڕێگای داگیرکردنی (حەقیقەت) و (بەها) و جێگۆڕکێکردن بە نوخبەی کۆمەڵگا و پووچکردنەوەی دەسکەوتە مەعنەوییە کلتووری و کۆمەڵایەتییەکان و دابەشکردنێکی ڕەمەکیی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای وەلائی سیاسی، وا دەکات لەڕاستیدا سیستەمی سیاسی لەکار بکەوێت و بە دەوری خۆیدا بسوڕێتەوە. لە بەرامبەر ئەمەدا (درۆ) لەم فۆرمەی دەسەڵاتدا ئەرکێکی هەستیاری سیاسی-کۆمەڵایەتی دەگێڕێ. لەم جۆرە سیستەمە هیرارکیەدا کە پشت بە جۆرێک لە هزری سیاسیی بەدەوی و تێگەیشتنێکی سادە دەبەستێ، ڕۆڵی (درۆ) هێندە داهێنەرانەیە کە وەک میکانیزمێکی گرنگی دروستکردنی حەقیقەت خۆی دەردەخات و یەکێک لە هەستیارترین ئەرکەکەنی بریتی دەبێت لە (لەبیربردنەوە) و (ڕەشکردنەوەی یادەوەری) لە هەموو فاکت و دەستەواژە و ڕووداوەکان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەیان. هەر وەک برگسۆن دەڵێت: "هۆشیاری واتە یادەوەری" و لێرە یادەوەری لە دەرەوەڕا پرۆگرام و کۆنترۆڵ دەکرێ و گۆڕانی بەسەردا دێت، شتێک نامێنێ بە ناوی یادەوەریی تاکەکەسی و لەم نێوەندەشدا ڕاگەیاندن سەرچاوەیەکی بێ ڕکابەرە.

بەکارهێنانی درۆ لەناو دەزگایەکی زەبەلاحی پڕوپاگەندەدا لەڕووی سیاسی و ئەپستمۆلۆژی و سایکۆلۆژییەوە گرنگیی خۆی هەیە و لەڕاستیدا درۆی دەسەڵاتی تۆتالیتار درۆی موقەدەسە و زۆر جیاوازە لە درۆی ئاسایی بەرژەوەندیخوازانە، چونکە ئامانجەکەی داگیرکردنی زیهن و ئەخلاقی خەڵکە بە شێوەیەکی ڕەها و دەتوانێ نیشانە و شوێنەواری ڕووداوەکان لەناو ببات و لە یادەوەری بیانسڕێتەوە و حەقیقەت بگۆڕێ بۆ هەندێ (بیر و بۆچوون) ی سادە و هەڵبەستراو کە بە ئاسانی دەشێت دەستکاری بکرێن. کەواتە سنووری نێوان (حەقیقەت) و (درۆ) بە جۆرێک لەناو دەچێت کە ناتوانرێت بە درۆزن تۆمەتبار بکرێت، چونکە لە بنەڕەتدا حەقیقەتی وێران کردووە.

سڕینەوەی سنووری نێوان ئەو شتەی (دروستە بۆ سیستەم) و (حەقیقەت) و تێکەڵاوکردنی زەمەنەکان و لەکارخستنی توانستی لۆژیکیانەی زمان، بە جۆرێک کە مرۆڤ نەتوانێ لەنێو یارییەکی بێکۆتایی قسەکردندا هیچ مانایەکی دیاریکراو هەڵێنجێت، بەشێکی سەرەکی ئەمە لە ژێر ئاڵا و دروشمی ڕق و کینەدا وەک بزوێنەری سەرەکی خۆی دەخاتەڕوو کە دواجار بەرهەمەکەی بریتییە لە خولقاندنی خولگە داخراوەکانی نەگەیشتن بە هیچ ئەنجامێک!

(لچک کۆلاکۆفسکی) بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە: ساڵی 1950 سەردانی مۆزەخانەی هێرمیتاژمان کرد لە لینینگراد، بەڕێوەبەرەکە کە شارەزایەکی بواری هونەر و مامۆستایەکی بەحەماسی وانەی ئایدیۆلۆژیش بوو، گوتی: هاوڕێیان لە ژێرزەمینی ئەم مۆزەخانەیەدا کۆمەڵێک تابلۆی پڕوپووچ و بێمانای بۆرژوازیمان هەیە کە ڕەنگە ڕۆژێ پێشانیان بدەین بۆ ئەوەی خەڵک بزانێ هونەری بۆرژوازی تا چ ڕادەیەک داڕووخاوە.... ساڵی 1957 دووبارە سەردانی ئەو مۆزەخانەیەمان کردەوە کە ئەوکات ئازادییەکی ڕێژەیی لە ئارادابوو. هەمان کابرا هاتەوە پێشوازیمان و بەرەو ژوورێکی پڕ لە تابلۆی فەرەنسی بردین و ئەمجارە گوتی: لێرە شاکاری وێنەکێشە فەرەنسییەکانمان داناوە هەرچەندە ڕاگەیاندنەکانی بۆرژوازی ئێمەیان تۆمەتبار دەکرد کە ئەم تابلۆیانەمان لە ژێرزەمین حەشار داوە، نەیاندەزانی خەریکی نۆژەنکردنەوەی مۆزەخانەکە بووین!

ئەمە نموونەیەکی جێگای تێڕامانە و لە ژیانی خۆماندا دەتوانین سەدان نموونەی لەم چەشنە بدۆزینەوە. ڕەنگە تەنیا جیاوازییەکە هەر ئەوەندە بێت کە ئێستا ئیدی زەمەن مانا تەقلیدییەکەی خۆی لەدەست داوە و لەوانەیە وەک کۆلاکۆڤسکی پێویستمان بە حەوت ساڵ نەبێت و لە چرکەساتەکاندا ئەم ئاڵوگۆڕە سایکۆلۆژییە ڕوودەدات. کاتێک بنیادەم دەبێتە ئامرازێکی قسەکەری بێ بیرکردنەوە و تەنیا بینینی لۆگۆی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان بەسە بۆ ئەوەی بە میتۆدی پاڤلۆڤ لیک بە دەمیدا بێتە خوارەوە و بەپێی ڕەنگی کەناڵە جیاوازەکان و لە یەک کاتدا بۆچوونی دژبەیەک بخاتەڕوو.

ئایا بەڕاستی ئەم کەسانە کە بەرهەمی تەکنیک و تەکنەلۆژیای بەئایدیۆلۆژیکراوی پڕوپاگەندەن، درۆیەکی ئاسایی دەکەن؟ ئەمە درۆیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو کەسێکە کە مەلەزاتی ئیستهلاک یان بەڵێنی چێژی ئیستهلاکی شمەک و دەسەڵات، توانای بینین و بیرکردنەوەی وێران کردووە و وەک بوونەوەرێک لە ڕێگای تەکنیکی وروژاندنەوە غەریزەکانی دەجوڵێنرێت، حەقیقەت ڕێک ئەو شتەیە کە پێی تەڵقین دەکرێت و لەدەرەوەی ئەم سنوورە، تاریکستانێکە کە هیچی تێدا نابینێت!



*** بەیادی وتارێکی بە پێزی (لچک کۆلاکۆفسکی) بەناوی "تۆتالیتاریزم و فەزیلەتی درۆ" کە لە ساڵی 1983 بڵاوی کردووەتەوە.**

**** مامۆستای فکری سیاسی لە بەشی زانستە سیاسییەکان- هەولێر**

# کورد و قەرەج



حەمەسەعید حەسەن

خەزعەل ئەلماجیدی کە 1951 لە کەرکووک لە دایک بووگە، کە شاعیر، شانۆنامەنووس و توێژەرەوەیە، کە دۆکتۆرای لە دیرۆکی دێریندا هەیە، کە چەندان کتێبی لە بواری میسیۆلۆژیا و مێژووی کۆندا نووسیوە، پێی وایە: (لوڕ بە ئەسڵ قەرەجن، لە هیندستان هەڵاتوون و لە لوڕستان نیشتەجێ بوون.) لە ڕوانگەی ئەوەوە: (لوڕ سەر بەو میللەتەیە کە لە کوردستان قەرەج یان دۆمی پێ دەڵێن و لە عێراقیش بە کاولی ناوی ڕۆییشتووە.) خەزعەل ئەلماجیدی دەڵێت: (هیند وەتەنی ڕەسەنی قەرەجە، قەرەج دانیشتووانی دۆڵی سند دەبن، کە دەکەونە بەر پەلاماری ئارییەکان، هێندێکیان بەرەو وەڵاتی فارسەکان هەڵدێن و لەوێ دەبنە خێڵی گەورەی لوڕ و هەنووکەیش لە لوڕستانی ئێران دەژین).

چونکە لای ئیسلام، (موسوڵمانان لە هەموو ئوممەتێکی دیکە چاکترن،) ڕەنگە هەر لەو سۆنگەیەوە بێت، موسوڵمان سووک سەرنجی قەرەجی غەیرەدین بدات، بەڵام کریستیان بۆیە کەیفی بە قەرەج نایەت، چونکە گوایە ئەوە قەرەج بوو، ئەو بزمارانەی دروست کرد کە سەروەختی لە خاچدانی عیسا بەکار هێنران. من ئایینی ئێزدیم لە دینی ئیسلام پێ چاکتر نییە، بەڵام ئێزدی لە کوردی موسوڵمان بە خۆڕاگرتر دەزانم، ئاخر زۆرینەی کورد، لە ترسی گیانی خۆیان، چوونە سەر دینی داگیرکار، وەلێ ئێزدی بەرگەی چەندان جینۆسایدی گرت و لەسەر ئایینی خۆی مایەوە.

لە ڕوانگەی منەوە ئینسان، بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە کام خێڵ یان نەتەوەیە، سەر بە کام ئایین یان ئایینزایە، لە کام دەڤەر یان وەڵاتەوە هاتووە، هەر هەمان بەهای هەیە. ئینسان بێ گوێدانە ڕەگەز و ڕەنگی پێستی، هێژایە و قەت پێم وا نییە کورد، لە دۆم و قەرەج بەڕێزترە، یان دیندار لە بێدین باڵاترە. وەک چۆن منداڵێکی بچووک بە دەم هەمووانەوە پێدەکەنێت و بیر لەوە ناکاتەوە، لە کوێوە هاتوون و بە چ زمانێک دەپەیڤن، لە گۆشەنیگای ئەو منداڵەوە سەیری هەموو ئینسانێک دەکەم. هەرچەندە جوو پێیان وایە، پلەیان لای خودا لە پلەی گەلانی دیکە باڵاترە، بەڵام نازییەکان کە خۆیان بە سوپەرئینسان دەزانی، بێ گوێدانە ئەو تێزە، قڕیان تێ خستن. ڕەگەزپەرستی هیچ نییە، غەیری ئەوەی موسوڵمان خۆی پێ لە ئوممەتەکانی دیکە چاکتر و جوولەکە خۆی پێ هەڵبژێردراوی خوا و ئەڵمان خۆی پێ باڵاترین ڕەگەز بێت.

خاڵێکی هاوبەش لە نێوان کورد و قەرەجدا ئەوەیە، وەک چۆن لای ئێمە تێکستی حەیران، پەخشانە، نەک شیعر، تێکستی گۆرانیی قەرەجیش، پەخشانە، نەک شیعر. جینۆسایدیش ئێمە و قەرەج کۆدەکاتەوە، هیتلەر قەرەجی جینۆساید کرد و بەعس و دەوڵەتی ئیسلامیش کوردیان قەلاچۆ کرد. ئێمە و قەرەج لەوەیشدا لە یەک دەچین، کە ئەوانیش هەرچەندە میسیۆلۆژیای تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام لە کوێ بژین، دەچنە سەر دینی خەڵکی ئەوێ. ئەوەیش پارادۆکسە، هیتلەر بۆیە قەرەجی قەلاچۆ دەکرد، چونکە ئاری نەبوون، کەچی سەددام دەیزانی کورد ئارییە، بەڵام ئەنفالیشی کرد. ئەوەیان هەمووان دەیزانن، کورد و قەرەج، (بێ نیشتمانی)یش کۆیان دەکاتەوە.

قەرەج کە لە هەر شوێنە و ناوێکیان هەیە، تەواو وەک ئێمەی کورد چەندان شێوەزاری جیاوازیان هەیە و لە هەر کوێ بژین زمانەکەیان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زمانی زۆرینەی ئەو وەڵاتەوە. لە ئەورووپا زمان و ئایینی جیاواز، کولتوور دەوڵەمەند دەکات، ئەوەی کورد خاوەنی چەندان ئایین و ئایینزا و شێوەزارە، کێشەی بۆ دروست کردووە، ئاخر بەو هۆیەوە پەرت بوون و ئاخاوتنیان هێندە لە یەکدی جیاوازە، تا ئاستی ئەوەی لە یەکتری تێناگەن.


قەرەج لە کوێوە هاتوون؟ ئەوە کێشەکە نییە، کێشەکە ئەوەیە، لوڕ بە قەرەج لە قەڵەم بدرێت، ئاخر لوڕ بەشێکن لە کورد و لوڕستان بەشێکە لە جوگرافیای کوردستان. ڕەنگە میللەتێکی دیکەی وەک کورد نەبێت، هێندە کێشە لەسەر ناسنامەی پێکهاتەکانی هەبێت. وێڕای لوڕ، گەلێک جار گومان خراوەتە سەر کوردبوونی ئێزدی و شەبەکیش. ئیبن بەتووتە، یاقووتی حەمەوی، ئیبن حەوقەل، شەرەفخانی بەدلیسی، موحەممەد ئەمین زەکی، د. قاسملوو، د. کەمال فوئاد، ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی و لە خۆرهەڵاتناسانیش ڕیچ و ئۆسکارمان، لوڕیان بە کورد لە قەڵەم داوە. ئەوە زادەی شۆڤێنیزمی گەلی باڵادەستە و هیچی تر کە لە ئێران دان بە کوردبوونی لوڕدا نانرێت، وەک چۆن کەمالیستەکان تەواوی کوردیان، بە تورکی شاخاوی لە قەڵەم دەدا.

2015/10/16
ستۆکهۆڵم

(*) خزعل الماجدی، الغجر، تجوال الكستناء والخيول ١٧ سبتمبر ٢٠١٥ الإتحاد الثقافي، أبوظبي، الإمارات.

# شێرزاد حەسەن... قەڵەمێک لە ڕەگەزی ڕەشەبا

عەبدولخالق یەعقووبی




بۆ یەکەمجار جیهانی شێرزاد حەسەنم لە ڕێگای "حەسار و سەگەکانی باوکم" و "گەڕەکی داهۆڵەکان"ـەوە ناسی. "حەسار" منی لە زاتی ئەو بنەماڵە و کۆمەڵگایەی تێیدا دەژیم، تێگەیاند. بنەماڵە و کۆمەڵگایەکی تا سەر ئێسک باوکسالار و بێبەزەیی. شێرزاد لە "حەسار"دا دوو شت بە خوێنەرەوەی خۆی دەڵێت: یەکەم، ستروکتۆر یان پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی پێکهاتەیەکی پیاوانە و زاڵمانەیە. دووەم، دژبەرانی ئەو پێکهاتەیە (کوڕانی باوکی ڕۆمانەکە) دواجار دەستەمۆی باوک دەبن و سەرلەنوێ بازنەی باوکسالاری دەبووژێننەوە.

شێرزاد لە وێناکردنی ئەم دوو خاڵەدا هەوڵ دەدات دەستەوداوێنی ڕەهابێژیی ناداستانی نەبێت و کەسەکان لە جیهانی واقیعی کوردی لە بێژینگی کەسایەتیی داستانی بدات. زمانی گێڕانەوەی پوخت و کاریگەر و چیرۆکاوییە. "حەسار" خاڵێکی وەرسووڕانی دیارە لە مێژووی چیرۆکنووسیی کوردیدا کە پاش خاڵی وەرسووڕانی یەکەم، واتە "پێکەنینی گەدا"ی حەسەنی قزڵجی، بنەمای گێڕانەوەی کوردیی بەهێز کرد. لە "گەڕەکی داهۆڵەکان"دا، شێرزاد حەسەن ریالیستانەتر لە بنج و بناوانی مرۆڤی کۆمەڵگای کوردی دەکۆڵێتەوە. "گەڕەکی داهۆڵەکان" لە لایەکەوە لە چوارچێوەی زەقکردنەوەی دۆخی ژیانی مرۆڤی کورد، خەمی ئەو مرۆڤە وەسف و وێنا دەکات و لەلایەکی ترەوە ڕەخنە لەو دۆخ و کەسانە دەگرێت کە وا دەکەن ئینسانی کورد هەم لە ئاستی کۆمەڵایەتی، هەمیش لە ئاستی ئینسانی خەمۆک و بێ دەرەتان و چارەڕەش بمێننەوە. زمانی گەڕەکی داهۆڵەکان تەوسێکی تاڵە کە بە وردترین شێوە دۆخی تراژیدیی مرۆڤی کورد دەخاتە بەر چاو و سەرنجی خوێنەرەوەکەی.

شێرزادم پاشتر لە "پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان"دا پتر ناسی. لەم ڕۆمانەدا شێرزاد لە توانستەکانی زمانی ژانرێکی ئەدەبی لە چەشنی "حەیران"، کە لە ڕاستیدا ژانرێکە سەر بە ئەدەبی زارەکیی کوردی، بە قازانجی خوڵقاندنی ڕۆمانێکی مۆدێرن کەڵک وەردەگرێت. هەرچەند ئەو زمانە چڕوپڕەی "حەسار" لێرەدا ئامادە نییە، بەڵام شێرزاد زۆر وردبینانە ئاستی خەون و واقیع، ئەوەی کە ئایا بەسەرهاتی هەمین و بایز، دوو قارەمانی ڕۆمانەکە، دواجار لە واقیعدا ڕووی دا یان لە خەیاڵی بایزدا، تێکەڵ دەکات و لەم ڕێیەوە خوێنەرەوەی خۆی تووشی سڵەمینەوەی جوانیناسانە دەکات. شێرزاد لەم ڕۆمانەدا بەردەوام ئاستی جوانکاریی تەکنیکی و جوانیی زمان، هەرچەندە کەم و زۆر درێژدادڕ، تێکەڵ دەکات و لێناگەڕێ ڕۆمانەکەی ببێتە مەیدانی گەمەی فۆرمبازیی ڕووت یان زمانبازیی ڕەها.

بە گشتی قەڵەمی شێرزاد حەسەن قەڵەمێکی نەحەواوە و بێ ئۆقرە و ڕەخنەگرە. شێرزاد لە جیهانی چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا نەک هەر قایل بە دۆخی بەردەست نییە، بەڵکو لە ئاست ئەو دۆخەدا توورە و بەگازندەیە. بۆ نموونە، چارەنووسی ژن و کچی کورد لە کۆمەڵگای کوردیدا کە دەستکردی ئیرادەی پیاوسالارانەی پیاو و خودی ژنی کوردە، شتێک نییە کە بە لای شێرزادەوە سروشتی و ئاسایی بێت، هەر بۆیە خەونی بەرهەمەکانی ئەو کۆتاییهێنانە بەو دۆخەی کە تێیدا ژن چەوساوەی ئیرادەی خودئاگا و ناخودئاگای سیستەمی دەسەڵاتدارێتیی پیاوسالارییە. لە جیهانی داستانیی شێرزاددا، ئەگەر پیاوی کورد خەمۆک و نەزۆک و دەستەوەستانە، ئەگەر ژنی کورد ژێردەست و مەیلکوژراو و بەستەزمانە، بەشێکی بەرچاوی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم مرۆڤە لە دۆخی ژیانێکی شایستە دابڕاوە/ یان دایانبڕاندووە.

قەڵەمی شێرزاد قەڵەمێکی وریاییدەر و لە هەمان کاتدا دڵنیاییبەخشە: وریاییدەرە چونکی چاوی ئێمە لە حاند ئەو پێکهاتە و پەیوەندییانەی کە دەمانخاپێنن و دەمانچەوسێننەوە، لە چەشنی دەسەڵاتی دینی و باوکسالاری و سەرمایەداری و ناسیونالیزم، دەکاتەوە. دڵنیاییبەخشە لە سۆنگەی ئەوەی بەردەوام پەیامی سەرکەوتنی جوانی بەسەر دزێویی پێیە. قەڵەمی شێرزاد لە ڕەگەزی ڕەشەبایە، نەک شنەبا، ئەو ڕەشەبایەی کە ناچارە بڕووخێنێ بۆ ئەوەی جارێکی تر هیوای هەستانەوە و ژیانەوە لە دڵ و دەروونی چەوساوەکان وماڵکاولاندا بگەشێتەوە و بڕوێتەوە.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# بەغدا

جۆناسان ڕاندڵ، هەواڵنێری جەنگ لە واشنتن پۆست دەڵێ: کورد میللەتێکی شەرکەر و ئازان، بەڵام دانوستانکارێکی دەست و پێ سپین، ئەوەی لەبەرەکانی جەنگدا بەدەستی دەهێنن، لەسەر مێزی گفتوگۆ لەدەستی دەدەنەوە، یانی بە کوردییەکەی سفر هین بەدەستەوە.

لەوەتەی دانوستاندن هەیە، کورد تێیدا دۆڕاوە، ئێستا کە کورد دەڵێن دەچینەوە بەغدا و گەڕێکی دیکەی دانوستاندن دەستپێدەکەینەوە، یەکێ نەزانێ گەڕەکانی پێشوویان زۆر سەرکەوتوو بوون وا دووبارە تێهەڵدەچنەوە. ڕەمەزانیان زۆر گرتبوو، نۆبەی شەعبانە. دەڵێن دەبێ بچین ڕێککەوتنێکی نوێ بکەین، ئاخر ئەوەی دیکە کۆن بوو. کورد ڕێککەوتن بە کەباب تێگەیشتووە، کە سارد بووەوە ئیدی نایخوات.

هەموو جارێک عەبادی، وەکو وەستا، شاندی کوردیش وەک کرێکار دادەنیشن، ئاخر هەر کە ڕێزدار ئاشتی هەورامی دەست بە قسان دەکا، عەبادی حاسیبە دەردێنێ و وارەکە لێکدەداتەوە، جا قوربان چونکە ژمارەکانی دکتۆر ئاشتی هەورامی، وەک بەندەکانی ڕەحمەتیی حەسەن زیرەک وان، ئەوەی دەیڵێ دووبارەی ناکاتەوە، بۆیە تا ئێستا هیچمان بە هیچ نەکردووە. هیچ بە دووری نازانم، ئەمجارە عەبادی فێرە کوردیی بووبێت و بە ڕێزدار ئاشتی هەورامی بڵێ ژمارەکانت جوانن قوربان. ئاخر کە تا ئێستا ژمارەکانی ئاشتی هەورامی و ئەوەی پێی دەڵێن دۆسییەی نەوت، بە زمانی شیرینی کوردی، بڕوای بۆ یەک کوردیش دروست نەکردبێت، تۆ بڵێی بتوانێت ئەمجارەیان بە عەرەبی، قەناعەت بە عەبادیی بکات؟

ئەرێ بەڕاست، لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، تاقە یەک نموونەی دانوستاندنێکی سەرکەوتوو شک دەبەن؟ ڕێزدار مەحموود عوسمان، کە هیچی وای نەماوە نازناوی (کۆنترین سیاسەتوانی کورد) لەسەر گۆی زەوی پێ ببڕێت، ئەو کە شایەتحاڵی نزیکەی هەموو دانوستاندنە شکستخواردووەکانی کوردە لە شەست ساڵی ڕابردوودا، تازە بە تازە دەستخۆشی لە گەڕانەوە بۆ بەغدا دەکات و داواش دەکات شاندەکە پەلە نەکەن لە گەڕانەوە و بە بەرنامەی تۆکمەوە بچنەوە سەر مێزی گفتوگۆ. خۆ کورد لەوەتەی هەیە کۆبوونەوەی ئیجابی دەکات، ئێوە هەرگیز لە کوردێکتان بیستووە بڵێ کۆبوونەوەکەمان بە بنبەست گەیشت؟ ئیجابیترینیان کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان بوون قوربان کە ئەنجامەکەی شاربەدەرکردنی سەرۆکی پەرلەمان بوو. هەقی خۆی نییە گەلی کوردی قارەمان، رووبکەنە نوێنەرەکانیان و پێیان بڵێن دانوستاندنەکانتان جوانە خالۆ؟

کورد هەر جارێ چووبێتە بەغدا، ڕاستە بە باوەش و پێکەنینەوە، بە قاپی میوە پێشوازیی کراون، بەڵام هەموو جارێک ئەوان سێوەکانیان خواردووە و شاندی کوردییش عەیب نەبێ هەر خەیاری بۆ ماوەتەوە.



عارف قوربانی

# هیچ لە بەغدا ناچننەوە

ماوەیەکە لە ناوەندە میدیاییەکان و لە زاری بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە قسە لەسەر گەڕانەوە بۆ بەغدا دەکرێت. بەتایبەتی دوای سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ تاران و کۆبوونەوەی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە، ئەم بابەتە بەگەرمی کەوتۆتەوە بەرباس. پێدەچێت داوای ئێرانییەکان بووبێت لە هەرێم کە رووبکەنەوە بەغدا، ئەمەش بەو مانایەی کە پێشتر هەرێم پشتی لە بەغدا کردبوو.

لە ڕاستیدا هەرێمی کوردستان ماوەیەکی زۆرە رووی لە بەغدا وەرگێڕاوە، ئەوەش بەشێکی بەهۆی مامەڵەکردنی نادروستی بەغداوەیە و بەشێکیشی مەیلی سەربەخۆخوازیی هەرێمە کە پێیوابووە بە روو وەرگێڕانی لە ناوەند و دۆزینەوەی کەناڵی تری پەیوەندی، بەرەو دابڕینی یەکجاریمان دەبات لەو پایتەختەی کە لە ڕابردوودا ناوەندی بڕیاردانی جینۆسایدی کورد بووە و هیچ ئومێد و ئاماژەیەکیش نییە داهاتووی بەغدا دابڕاو دەبێت لە ڕابردووی.

ئەوەی وەک دەرئەنجام لەو سیاسەتەش کەوتووەتەوە، کۆی ئەو قەیرانە دارایی و گرفتە سیاسیانەیە کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە. ئەوەش نەک لەبەرئەوەی سیاسەتی کورد هەڵە بووە و ئەگەر زۆرتر و زیاتر پابەندی بەغداو پەیوەست بە سیاسەتەکانی بووایە تووشی ئەم دۆخە نەدەبوو، بێگومان ئەوە ڕاست نییە، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش قەیرانەکان و کێشەکان چارەسەر بووبان یاخود تا ئێستا دروست نەبووایە، ئەوە لە داهاتوودا زۆر بە قورستر ڕووبەڕووی هەرێم دەبوونەوە، چونکە ئەوەی چاوەڕوانی بەغدا دەکات دۆخێکی لەمەی هەرێم خراپترە. ئەگەر هەرێمی کوردستان سەرەتا ئەو ڕێگەیەی نەگرتایەتە بەر کە جێی داخە لە ئێستادا مەینەتی زۆری بۆ خەڵکی کوردستان هێناوەتە پێش و ئەمەش کاتییە و تاسەر نابێت، بەڵام پەیوەستبوون بە سیاسەتی ناوەندەوە لەو پێشهات و ئەگەرانەی چاوەڕوانی بەغدا دەکەن، هەرێمی کوردستان زۆر بەشێوەیەکی مەترسیدارتر لەمەی ئێستا ڕووبەڕووی دەبووەوە و ئەوکات هیچ دەرفەت و کەناڵێکیش نەبوو ئومێدی لەسەر بینا بکەین.

بۆیە رووکردنەوە بەغدا بەنیازی چارەسەری کێشەو قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان، هیچی لێ بەدەست نایەت. هەقیش نییە ئومێدی بێ بنەما بۆ هاووڵاتیانی کوردستان دروست بکەین کە لە ئێستاوە بەهۆی جۆرێک لە گوتاری میدیایی بە خەیاڵی چارەسەرەوە چاویان لە چوونی وەفدی هەرێمە بۆ بەغدا.

هەموو گفتوگۆ و ڕێگەیەکی سیاسی و دۆستایەتی لەگەڵ بەغدا تا ئەو ساتەی بەشێک بین لە عێراق، پێویستە و لەوەش پێویستتر دروستکردنی کەشێکی ئارام و ئاساییە لەنێوانماندا بۆ هەر ئەگەرێک کە نیازی جیابوونەوەشمان هەبێت. بەڵام دەبێ بە بەرچاوێکی ڕوونەوە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندن بگرینەبەر.

بەغدا هەرچەندە وەک ناوەندی بڕیاردان، لەگەڵ گۆڕینی دەموچاوەکان ئایدیۆلۆجیا و سیستەمی حوکمڕانیشی گۆڕاوە، بەڵام هەڵگری دیوێکی تری شۆڤێنیەتی عەرەبیە و لەڕووی ستراتیژییەوە هەروەک ڕابردووی بەغدا دەڕواننە کورد. بۆیە ئەگەر لە رووکەشیشدا مەیلێکی جیاواز دەربخەن و بە ئاوەزێکی تر مامەڵە لەگەڵ کورد بکرێت، ئەوە قۆناغی تاکتیکیە.

کورد دەبێ قەناعەتی بەم ڕاستیە هەبێت، ئەوکات ئاساییە دەیان جار وەفد بچێتە بەغدا و ئەگەر تەنها لەبەر موراعاتی دۆستەکانیشمان بێت، قبوڵکراوە. چونکە ئەوکات ئاستی چاوەڕوانییەکان لە چوارچێوە و سنوورێکی دیاریکراودا دەبن.

ئێستا مەعلومە ئێران وەک دۆست و وەک دراوسێیەکی گرنگ بۆ هەرێم خوازیاری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدایە. بۆ ڕاگرتنی باڵانسی پەیوەندی و وەک ئەتەکێتی دیبلۆماسی، ئاساییە ئەگەر هەر لەبەر دڵی ئێرانیش بێت هەرێم روو بکاتەوە بەغدا، بەڵام پێش هەر شت پێویستە هەرێمی کوردستان ئێرانییەکان حاڵی بکات کە ئەوانەی بەغدا بەڕێوەدەبەن ڕاستە شیعەن، وەلێ شیعەی عەرەبن عەرەب.

ئەمە سەرباری ئەوەی ئەگەر بەغدای ئێستا لە تێڕوانینیان بۆ کورد و ئایندەی کوردستان، لە مامەڵە و جۆری پەیوەندی و ڕۆحیەتی هەماهەنگی، بە چاوی دۆست و شەریکێکی گرنگیش بڕواننە هەرێم، هەر ناتوانن یارمەتیدەر بن بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، چونکە قەیرانێکی داپۆشراوی زۆر گەورەتر لەوەی هەرێم لەبەردەم بەغدایە، ڕەنگە کەمتر لە شەش مانگی تر بەغدا خۆزگە بە ئێمە بخوازێت.

تەنانەت ئەوەی پەیوەستە بە پرسی نەوتیشەوە، ئەگەر هەرێمی کوردستان بڕیارێکی ئازایانە بدات بە شەفافکردنی هەناردەو داهاتی نەوت و ڕێگە لەو کون و کەلەبەرانە بگیرێت کە گەندەڵیی تێدا دەکرێت، ئەوا هەرێم پابەند بێت بە بڕیاری سەربەخۆیی ئابووریی خۆیەوە زۆر باشترە لەوەی لە پرسی نەوتیشدا بچێتەوە ژێر دەستی بەغدا. چونکە نرخی نەوت هیچ یارمەتیدەر نییە بۆ ئەوەی ئەگەر هەرێم هەموو نەوتەکەشی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی سۆمۆوە، لە بەرامبەردا بەغدا ناتوانێ ئەو پارەیە بداتە هەرێم کە پێشتر لەسەری ڕێککەوتبوون. بەغداش ناتوانێ پابەند بێت بەو بڕە پارەیەوە. بۆیە دەبێ ئەوکات هەر بڵێین "ئەمیشم چوو ئەویشم چوو، بەجارێ ماڵی وێرانم".

گرنگە هەرێم بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندی و بۆ ڕاگرتنی پارسەنگ و دۆستایەتی هەموو ڕێگەیەک بگرێتە بەر، بەڵام دەبێ لەوەش بەرچاوی ڕوون بێت هیچ کام لەو کەناڵانە ڕزگاری ناکەن لەو قەیرانانەی تێیکەوتووین، تەنها ڕێگە هەڵبژاردنی پلانێکی ڕاستەقینەی چاکسازییە لەنێو ماڵەکەی خۆمان، چاکسازی لە سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵات، چاکسازی لە سیاسەتی ئابووری، گەڕان بەدوای سەرچاوەی تری داهات و ڕێگری لە بەهەدەردان و پاوانخوازی و گەندەڵی. ئەمەش بە بڕیاری ئازایانە و بە پیاوی ئازا دەکرێت. ئەگەرنا هەموو ڕۆژێ بە ڕێگەی وڵاتان و بەغداوە بین، هیچ لە بابەتەکان ناگۆڕێت.



هیوا حاجی

# کوردستان.. دەوڵەتی بێ نەتەوە

زۆر جار کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت (بەلایەنی کەم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا) لەقەڵەم دراوە. ملیۆنان کورد بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەشکران و بۆ نزیکەی یەک سەدە هیچ سەروەرییەکیان بەسەر خاک و چارەنووسی خۆیانەوە نەبوو. چارەگە سەدەیەکە کورد جۆرێک لە سەروەریی دیفاکتۆی بەسەر بەشێکی کوردستاندا — جاران بە "کوردستانی عێراق"دەناسرا — هەیە. گۆڕانکارییە سیاسییەکانی جیهان و ناوچەکە بە ئاقارێکدا ڕۆیشتوون کە کوردی هەرێمی کوردستان، لە کاتی ئێستادا، باس لە بنیاتنانی دەوڵەتێک دەکەن لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان. ئەو دەوڵەتە دەرفەتی پێکهاتنی هەیە یان نا؟ پرسیارێکی ئاڵۆزە و من نە دەتوانم و نە دەشمەهەوێ وەڵامی بدەمەوە. ئەوەی کەسێک لە شوێنی مندا، لە باشترین حاڵەتدا، دەتوانێ بیڵێت، ئەوەیە کە پێکهاتنی دەوڵەتێک بۆ کورد هەم دەرفەتی ڕاستەقینەی هەیە و هەمیش ڕێگری و مەترسیی مەزنی لەبەردەمدایە. بەهەر حاڵ، ئەمە بابەتی سەرەکیی ئەم وتارە نییە.

کورد پێشتر نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بوو. ئایا دەکرێ لە داهاتوودا، هەرێمی کوردستان ببێتە دەوڵەت، بەڵام شتێکی نەبێت بە ناوی نەتەوە؟ زەرورییە لێرەدا ئەوە ڕوون بکەمەوە، تێگەیشتنی ئێمە بۆ نەتەوە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە پێناسە کلاسیکیکەی نەتەوە کە جاران پێیانوابوو نەتەوە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە هەمان زمان قسە دەکەن و مێژووی هاوبەشیان هەیە و چەندین خەسڵەتی دیکەشیان بۆ ڕیز دەکرد. نەتەوە بەو مانایەی ئێمە مەبەستمانە ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەگرێتەوە کە ڕەنگە بە هەمان زمان قسە بکەن یان بە زمانی جیاواز بدوێن، هەمان جلوبەرگ بپۆشن یان جلوبەرگی جیاواز لەبەربکەن و تا دوایی. بەڵام سەرەڕای هەموو جیاوازی یان لێکچوونێک، ئاستێکی بەهێزی هارمۆنیا و ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا هەیە و هەستی بەرژەوەندی و چارەنووسی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە. ڕێک بەو مەعنایە، ئەوەی مەبەستە بیڵێین ئەوەیە کە ئەگەر ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی هەرێم بەم شێوەیەی ئێستا بچنە پێش، تەنانەت ئەگەر لە داهاتوویەکی نزیکیشدا دەوڵەتێک بۆ هەرێمی کوردستان بێتە کایەوە، ئەو ئەگەرە بەهێزە کە دەوڵەتی کوردستان دەوڵەتێکی بێ نەتەوە دەبێت. واتە دەوڵەتێک دەبێت کە دانیشتووانەکەی هەستێکی هاوبەش کۆیان ناکاتەوە و ڕەنگە نەشتوانن بە ئاشتیانە لەگەڵ یەکتردا بژین.

جۆچین هیپلەر لە توێژینەوەکەیدا (دیمۆکراتیزەبوون لەدوای جەنگە نێوخۆییەکان: گرفت و ئەزموونە بنەڕەتییەکان) (1)، جیاوازی دەکا لە نێوان بنیاتنانی دەوڵەت (State Building) و بنیاتنانی نەتەوە (Nation Building). بەڕای هیپلەر، بنیاتنانی دەوڵەت چەند مەسەلەیەکی گرنگ دەگرێتەوە، لەوانە: پەرەپێدان بە توانای دامودەزگاکانی حکومەت، دووبارە دارشتنەوەی بونیادی حکومەت و گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی حکومەت. بنیاتنانی نەتەوە، چەمک و پرۆسەیەکی فراوانترە. هیپلەر، بنیاتنانی دەوڵەت وەک بەشێک لە بنیاتنانی نەتەوە هەژمار دەکا. لەوەش زیاتر، پێیوایە بنیاتنانی نەتەوە بریتییە لە پێکەوە تەباکردن و ژیانی ئاشتیانەی پێکهاتە جیاوازەکانی وڵات و ڕێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیا و دنیادیتنێکدا کە جێگای هەمووانی تێدا ببێتەوە. بەو تێگەیشتنە، مرۆڤ دەتوانێ ئەوە پێشنیار بکا کە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لە کوردستان شانبەشان لەگەڵ پرۆسەیەکی دیکەی گەورەتری بنیاتنانی نەتەوەدا ناڕوات.

ئایا کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان کۆمەڵگایەکی جۆراوجۆرە (Plural) یان کۆمەڵگایەکی دابەشبوو (Divided)؟ ئەگەر یەکەمیان بێت ئاساییە، بەڵام ئەگەر دووەمیان بێت ئەوا لەبەردەم مەترسیداین.

لە جیاوازیی ئایینی و نەتەوەیی بگەڕێ و تۆزێک تەماشای جیاوازی و دابەشبوونەکانی نێو کورد بکە لە هەرێمی کوردستان. لە ڕووی شێوەزارەوە سەیر بکە، لە نێو کورداندا باسی بادینیبوون و سۆرانیبوون گەرمە. لەسەر ئاستی ئینتیمای ناوچەیی و شارچێتیەوە بڕوانە، هەر بابایە و خۆی بە سلێمانی و ئەویتر هەولێری و ئەوەی سێیەمیان بە دهۆکی دەزانێ. لە ڕووی سیاسی و حیزبییەوە، تا دوێنێ شەڕی زەرد و سەوز دووکەڵی لە ئاسمان بوو، ئێستا نیلی و ڕەنگی دیکەشی بۆ زیاد بووە. بە ڕای متەوازعی ئێمە، لەنێو خۆی کورددا، ئەوەی ئێستا هەمانە، هەمەڕەنگییەکی پۆزەتیڤ نییە، بەڵکوو دابەشبوونێکی ناوچەیی- سیاسیی ڕاستەقینەیە. لەسەر بنەمای شێوەزار، ئینتیمای ناوچەگەری و لە هەمووشی دیارتر جیاوازیی سیاسی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە هەموو کات زیاتر لێک دوورکەوتوونەتەوە. تێڕوانینی نەرێنی لەسەر ئەویتر، ئەوجا لەسەر هەر بنەمایەک بێت، بەهێزە.

کوردی هەرێمی کوردستان میراتگری مێژوویەکی تاڵن. شەڕ و ململانێی نێوخۆیی نیو سەدەی ڕابردوو، خەڵکەکەی بەقووڵی دابەش کردووە. لە ململانێی سیاسی و کەسیدا، هەموو جیاوازییە ناوچەیی و شێوەزارییەکان بەکارهاتوون. لەهەمووی ڕووخێنەرتر شەڕی ناوخۆیی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بوو. ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کە دانیشتووانی هەرێم ئەوەندەی خۆیان بە سلێمانی و هەولێری، پارتی یان گۆڕان یان یەکێتی، بە سۆرانی و بادینی دەزانن، ئەوەندە خۆیان وەک کورد نابینن.

دەبووایە لە ماوەی ڕابردوودا، بنیاتنانی میللەت فەلسەفە و سیاسەتی هەرێمی کوردستان با. کارکرابا بۆ ئەوەی کوڕ و کچێکی زاخۆ هەستیان بە هاوبەشیی گەورە کردبا لەگەڵ لاوێکی چەمچەماڵ و ڕانیە. پێویست بوو بە بەرنامە و پلان زانکۆکانی دهۆک ئاخنرابان بە قوتابی و مامۆستایانی هەولێر و سلێمانی و بە پێچەوانەشەوە، قوتابی و مامۆستایانی بادینان لە هەڵەبجە و سلێمانی و کەلار خوێندبایان و مامۆستایەتییان کردبا. دەکرا لە هەموو بوارەکانی پێشمەرگایەتی و پەروەردەیی و سیاسی و کارگێڕییەکان پلان و پرۆژە هەبا بۆ ئاشتبوونەوەی کورد و کورد. ئەمانە نەکران، کورد ئێستا نەتەوەیەکە لە نێوخۆیدا تووشی نامۆبوون هاتووە لەگەڵ یەکتر. ئاشتەوایی ناوخۆیی زۆر لەرزۆکە و هەستی هاوبەشی کوردبوون زۆر لاوازە.

بەو هەلومەرجەی ئێستا و بە لەبەرچاوگرتنی دابەشبوونە نێوخۆییەکان، کورد ئەگەر دەوڵەتێکیشی هەبێت، دەوڵەتێکی بێ نەتەوەی دەبێت. ڕەنگە ئەزموونی دەوڵەتی عێراقیش بە شێوەیەک لە شێوەکان لێرە دووبارە ببێتەوە. عێراق کە دامەزرا، نەتەوەی نەبوو، هەرگیزیش نەیتوانی دروستی بکات. کورد بەو سیاسەتەی ئێستای، بیەوێ یان نا، لاسایی ئەزموونی سەد ساڵی ڕابردووی عێراق دەکاتەوە. دروستکردنی دەوڵەتی بێ نەتەوە!

Hippler، J. Democratization (1) After Civil Wars: Key Problems and Experiences



کامەران محەممەد عەزیز

# کامیانتان دەوێ، پارتی یان گۆڕان؟

ئەم پرسیارە تەنیا بۆ سەرنجڕاکێشانە، ئەگەرنا ئەمە فۆرمی دەنگدانی هەڵبژاردن یان خوتبەش نییە، کەس ناتوانێ بڵێت دەبێ چ لایەنێک هەڵبژێرن، بەتایبەتی لە تیۆردا. بۆ ئەکادیمییەکی جلوبەرگ خاوێن، بە ئەتەکێت و تاڕادەیەک ترسنۆک (هەڵبەت بێ مووچە)، دەتوانێت قسەیەکی دیکەی هەبێت لەسەر ئەمەی ئێستا لە کوردستاندا دەگوزەرێت. لە نێو بەسەرهاتی کتێب و توێژینەوەکاندا شتێک بدۆزێتەوە، بەڵام دەبێت چ بوێرییەکی بوێت یەکێک شتێک بڵێ لەگەڵ یەکێ لەم دووانە یەک نەگرێتەوە (پارتی و گۆڕان)؟، یان دەبێت چەند بە بەخت بێت ئەگەر ئەم کەسە بە خائین و گێرەشێوێن و تێکدەر وەسف نەکرێت؟

لە تەواوی گوتاری پارتیدا وشەی "ئاسایش" شاوشەیە و بنەمای سیاسەتکردن و بەردەوامییە. لە بەرامبەردا لە گوتاری گۆڕاندا "ئازادی" وشەیەکە زۆرترین جار دووبارە دەبێتەوە و بەکاردەهێنرێت. لەڕاستیدا، هیچ یەکێکیان بە دروستی کاریان لەسەر گوتاری خۆیان نەکردووە. گوتار بۆ ئەوەی وەکوو ڕێگایەکی حوکمکردن بەکاربهێنرێت، دەبێت یەک بگرێتەوە لەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕووداوەکانی سەر ئەرزی واقیع، زۆرجاریش خودی گوتار واقیعێک دروست دەکات. هیچ شتێک لە دەرەوەی زماندا بوونی نییە. واقیعی سیاسەت لەڕێگای زمانەوە دادەڕێژرێت، گوتاریش بۆ بەردەوامیدان بە خۆی دەبێت لە یەکەم هەنگاودا بونیاد و سیستەمێکی مەعریفی بۆ خۆی خەلق بکات.

باوەڕی بێ کێشە و سەرئێشە ئەوەیە ئاسایش و ئازادی هەردووک ئامانجی خوازراون و تەواوکەری یەکترن، بەڵام ئەوە ڕوون نییە کە کامیان دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ئەوەی دیکە کاتێک بەریەک دەکەون، یەکێک دەبێت ئەم قسەیە بکات. پارتی و گۆڕان، بۆ باش و بۆ خراپ، پێیان خۆش بێت یان نا، بەشێک لە ململانێ و دابەشبوونەکانی نێوانیان لە چوارچێوەی ململانێی نێوان ئازادی و ئاسایشدا دەخوێندرێتەوە.

ڕەنگە پارتییەک زۆری بە دڵ بێت کاتێک دەگوترێت ئاسایش نە تەنیا ئەرکی هەموو سیستەمێکی سیاسی بووە و دەبێت، بەڵکو خودی زەرووڕەتی ئاسایش بووە هۆی دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی. هەواڵی ئاسایی ئەوەیە سیستەمە سیاسییەکان ڕێگا و ئامرازی جیاواز بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش، بەڵام پرسیار ئەوەیە هەرێمی کوردستان دەبێت چ ئامرازێک بەکاربهێنێ بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش؟

ئاسایشی هەرێمی کوردستان زۆرجار وەکوو دەستکەوتێکی نەتەوەیی دەبینرێ بە تایبەت لەلایەن پارتییەوە، بەڵام ڕەنگە گۆڕانێک بپرسێت چۆن ئەم ئاسایشە نەبێتە هۆی سەرکوتکردنی ئازادی؟ یان پارتییەک ڕەنگە بپرسێت چۆن ئەو ئازادییەی ئێوە نەبێتە هۆی فەوزا؟

ئەگەر کەمێک چاومان بکەینەوە، دەبینین کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغی گواستنەوەدایە، حەزت لەم ناونیشانە بێت یان نا. لە دوای ڕاپەڕینەوە، کۆمەڵگای کوردی چووە قۆناغی گواستنەوە لە جەنگەوە بۆ شتێک، با بڵێین "دیموکراسی". یەکەم بەربەستی بەردەم ئەو پرۆسەیە ئەو کێشە دوو سەرەیە بوو کە پرۆسەی بەرقەرارکردنی ئاسایشی کۆمەڵگا هاوتا نەبوو لەگەڵ پرۆسەی کرانەوە بۆ بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگای کوردی. بەبێ دامەزراوە و بونیادی دەوڵەتی، کۆمەڵگای کوردی دەستی بۆ هەڵبژاردن برد، ئاکامەکەشی شەڕی ناوخۆ و حکومەتی دوو ئیدارەیی بوو.

پارتییەک ڕەنگە بڵێت کۆمەڵگای کوردی پاش ڕاپەڕین تا ئێستا بەم هات و هاوارەی ئێستاشەوە، بە شێوەیەک بووە تیایدا ئاسایش و دیموکراسی بەیەکەوە نەڕۆیشتوون. کۆمەڵگای کوردی بەشێکی گەورە لە وجودی بەستراوەتەوە بە شەڕ و ناکۆکی و هەموو فۆرمەکانی توندوتیژییەوە، لەگەڵ ئەو ماوە زۆرەی بەسەر ڕاپەڕیندا تێپەڕیوە، هێشتا کۆمەڵگای کوردی تەنیا ئاشنای هەڵبژاردنە، نەوەک ئازادی.

ڕاستە ئەرگومێنتی قەناعەتپێکەر هەیە کە پێیوایە ئاسایش بنەمای سەرەکیی دامەزراندنی دامەزراوەی سەقامگیری دیموکراسی و بنیاتنانی ئاشتیی مەودا درێژە، بەڵام هەشە پێیوایە سەقامگیرکردن و بەدامەزراوەییکردنی ئاسایش مومکین نییە ئەگەر پشتقایم نەبێت بە شەرعیەت و میکانیزمە پەسەندکراوەکان، بە کورتی نە پارتی و نە "گۆڕانەکان" هیچیان وێنەیەکی تەواو ناکێشن و گوتارێکی لاواز بەرهەم دەهێنن.

قۆناغی گواستنەوەی کۆمەڵگای کوردی بە دوو خەسڵەتی سەرەکی دەناسرێتەوە:

**یەکەم:** بنیاتنانی حکومەت و دەسەڵاتەکانی دیکە لەسەر حیسابی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و ستاندارده جیهانییەکان (بۆ نموونە حکومەتی دوو ئیدارەیی و درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم).

**دووەم:** بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگا پێش بنیاتنانی موئەسەسات و دەسەڵات (بۆ نموونە هەڵبژاردنەکان و پەیدابوونی بەرهەڵستکار).

فۆرم و شێوازی هەوڵەکانی قۆناغی گواستنەوە هەرچییەک بێ، شتێک دەبێ لەسەرووی هەموو شتێکەوە لەبەر چاو بگیردرێت: ئاسایش نەبێت، دیموکراسی نابێت (ئەمە هەواڵێکی خۆشە بۆ پارتی). ئازادی لە کۆمەڵگایەکدا بەدی نایەت کە توندوتیژی و خواستی بەعەسکەریکردن لە هەموو شوێنێکی ئەو کۆمەڵگایەدا هەبێ. ڕەنگە ئەوە باشترین حاڵەت نەبێ، بەڵام سیاسەت لە قۆناغی گواستنەوەدا بریتییە لە دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ تراژیدیادا.

پەیامە واقیعییەکە ئەوەیە ئەگەر ئاسایشی درێژخایەن دابین نەکرێت، ئەرکەکانی دیکەی وەکوو هەڵبژاردن، بەدامەزراوەییکردنی دەزگاکانی حکومەت، بووژانەوەی ئابووری سەرکەوتوو نابێت. بەڵام، هەواڵێکی بەپەلەی گۆڕان کە هاوکات هەواڵێکی ناخۆشە بۆ پارتی، ئەوەیە کە شەرعیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ناساندنی شێوازی حوکمڕانیی ئەو دەسەڵاتە وەکوو دەسەڵاتێکی دروست و گونجاو. بەبێ ئاستێک لە شەرعیەت، بە گشتی، سیستەمە سیاسییەکان زۆر بە زەحمەت دەتوانن کار بکەن، لەدەستدانی شەرعیەت لەلای خەڵک یان بەشێکی دانیشتووان، هۆکارێکی سەرەکیی توندوتیژی و نائاسایشە. شەرعیەتی دەسەڵات بەتەنیا لە دابینکردنی ئاسایش و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دیکەوە نایەت. شەرعیەت پێویستی بە بەستنەوەی دەسەڵات بە کۆمەڵگاوە هەیە.

بنیاتنانی دامەزراوەیەکی نوێ پێویستی بە گۆڕانێکی کولتووریی گەورە هەیە لەوەی چۆن خەڵک دەبەسترێنەوە بە بونیادەکانی نوێی دەسەڵاتەوە. کۆمەڵگای کوردی نموونەی کۆمەڵگایەکە کە بنیاتنانەوەی دامەزراوەکانی حوکمڕانیی نوێ لە دوای ڕاپەڕین هاوتا نەبوو لەگەڵ گۆڕانی بونیادی و کولتووریی کۆمەڵگاکە، هەر لەبەر ئەوەشە دوای چارەگە سەدەیەک، هێشتا سیاسەت پشت بە بیرەوەرییەکانی پێش ڕاپەڕین دەبەستێ. متمانەی خەڵک نەوەک تەنیا لە قۆناغی گواستنەوەدا، بەڵکوو لە هەموو کاتێکدا هۆکاری سەرەکیی ئاسایشە. چونکە یەکێ لە پرسیارە سەرەکییەکانی ئاسایش ئەمەیە: ئاسایشی کێ؟ ئەوپەڕی شەرعیەت پێویستی بە دامەزراوەی نەتەوەیی هەیە، پێویستی، بە تایبەت بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، بە ڕۆیشتن هەیە لەگەڵ ستاندارده جیهانییەکانی دابینکردنی ئاسایش.

ڕەنگە لە بنەڕەتدا هیچ چارەسەرییەکی ئۆتۆماتیکی بۆ ئەو کێشانە نەبن، ئەو نووسینەی منیش هێندەی دیکە ئاڵۆزتری بکات، بەڵام کێشەکان هەرچەندە زەحمەت بن، دەکرێ بەڕێوەببردرێن، ئەگەریش چارەسەر نەکرێن بە تەواوەتی، دەبێت بە جۆرێک بەڕێوەببردرێن کە یەکتر بنبڕ نەکەن. ڕەنگە ڕای منتان وەرنەگرتبێت، هۆکارەکەی ئەوەیە من لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا نەمتوانی دەنگ بدەم.



بەرزان عەلی حەمە

# باڵیۆزخانەی (شەیتان) لە سلێمانی

دەگێڕنەوە، ڕۆژی عاشورایە و لە کرماشان شیعەکان مەراسیمی سینەزەنی و لەخۆدان دەکەن، لە پێشەوە کەسێک کە وەک مایستڕۆی گرووپی مۆسیقی ئاماژەی لەخۆدانیان دەداتێ، چەند جارێک ئاگاداری دەداتە یەکێک لەو کەسانەی ڕیزەکە- کە لە هەموویان زۆرتر لەخۆی دەدا- و پێی دەڵێت: کاکە هێواشتر، برام هێواشتر، بەڵام ئەم هەر خراپتر لەخۆی دەدات و گوێ بە قسەی سەرپەرشتیارەکە نادات. سەرپەرشتیاریش تووڕە دەبێت و پێی دەڵێت: ئەگەر پابەند نەبیت بە قسەکانمەوە، لە مەراسیمەکە ئیخراجت دەکەم؟! کابراش تووڕە دەبێت و هەر بە شێوەزاری کرماشانی دەڵێت: داڵگ -توووەت-ە، ئینگار لە شیرکەت نەفت ئیخراجم دەکات.

جا دەرکردنەکەی بزووتنەوەی گۆڕانیش لە حکومەت، ڕێک وەک دەرکردنی ئەو کرماشانییە وابوو لە مەراسیمی عاشورادا. یەک زەڕڕە زەرەریان نەکرد، خۆ لە گرووپی کۆمپانیاکانی وێڵس فارگۆ و ڤۆدافۆن و مایکرۆسۆفت و ئەپڵ و تۆیۆتا دەرنەکراون. لە حکومەتێک دەرکران کە نە پارەی پێیە و نە شکۆی ماوە. ئەم کابینەیە- گەر چاک نەکرێ- هەر کەس زۆرتر تێیدا بمێنێتەوە، زۆرتر ئابڕووی دەچێت. ئەگەر گۆڕان شەڕی گەڕانەوە بکات، دیارە حەزی لە ئابڕووچوونی زیاتری خۆیەتی!

ئەوەی سەرەوە باسی یەکەم بوو. لەباسی دووەمدا مەقام دەگۆڕم و لەمەڕ بارەگا سووتاندن دەئاخڤم.

ئەگەر تاقەتت هەبێت، ئەم وتارەی من نا، مێژووی هەموو کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بە ئیشتیاوە بخوێنیتەوە، بەجوانی بۆت ڕوون دەبێتەوە کە سەرجەم مرۆڤە ڕۆژهەڵاتییەکان، هەرکات دەرفەتێکیان بۆ ڕێککەوتبێ، دەستبەجێ حکومەتەکانیان ڕووخاندووە، یان هەوڵیان داوە حکومەت بڕووخێنن!

حکومەت ڕووخاندن لای مرۆڤە ڕۆژهەڵاتییەکان بووە بە نەریت، تەنانەت ئەگەر حکومەتی باشیشیان هەبێت-کە نەیانبووە- هەر ئیشتیایان لە ڕووخاندنی هەبووە. کوردیش وەکو مرۆڤێکی ڕۆژهەڵاتی، هیچ کاتێک حکومەتی دروست نەکردووە، هەموو کاتەکانی سەرقاڵ بووە بە ڕووخاندنی حکومەتەوە، لە عێراقدا بە ڕووخاندنی دەیان حکومەتەوە سەرقاڵ بووە. لە بەشەکانی تری کوردستانیش بەهەمان شێوە هەوڵیان داوە شەرەفی ڕووخاندنی حکومەتێکیان بەرکەوێت.

حەزی ڕووخاندنی حکومەت، لە مرۆڤی کورددا تەنیا حەزێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو حەزێکی دەستەجەمعییە، چونکە مرۆڤی کورد هەرگیز حکومەتی باشی نەبووە، نە ئەوانەی کە خۆی دروستی کردوون و نە ئەوانەشی کە بەسەریەوە دروستکراون.

تێکڕای ئەو حکومەتانەی سەد ساڵی ڕابردووی عێراق و کوردستان، هەموویان لەسەرەتاوە بە چەپڵەڕێزان دروست کراون و لەکۆتاییشدا بە فیکە و هووها ڕووخێنراون!

دیارە بەشێکیش لە خەڵکی کوردستان، وەک ئارەزوومەندی ئەنارشیزم، حەزیان لە ئارامی نییە، دەنا ئەو هەموو توانج و پلارە نەدەگیرایە کاک نەوشیروان کە لەمەڕ کابینەی هەشت فەرمووی: دەمانەوێت چوار ساڵی ئارام تێپەڕێنین! ڕەنگە گۆڕان لەوە تێگەیشتبێت، لە نائارامیدا نابێت هەندێک لە ئەندام و لایەنگرانی پێ قایل ناکرێت، بەتایبەت ئەوانەیان کە ئەگەر (دەیڤد کامیرۆن) یان (فریدریک ڕاین فێڵد) سەرۆک وەزیری هەرێم بێت، هەر لە کابینەکەی نارازی دەبن. چونکە نارەزاییان وەک پیشە وەرگرتووە نەک وەک پێویستییەک!

ئێستا لە سلێمانی جیلێک، کە هێشتا فریای خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک لە کتێبەکانی مێژوو نەکەوتووە، سەرسەختانە ڕقی لە پارتییە، یان ئامادەکراوە بۆئەوەی ڕقی لەپارتی بێت. ئەم جیلە کە زۆرتر بەرهەمی ململانێیەکی خێڵەکیانەی نێوان چەند پیرێکە، لە ئێستاشدا بەو سیگناڵانە دەجوڵێنرێن کە لە ڕشانەوەی پەیجەکانی فەیسبووکەوە دەردەچن، ئەم نەوە بێ ئاگایە، نە پارتی لە زمانەکەیان دەزانێت و نە گۆڕانیش لە هێمنیدا دەرەقەتیان دێت.

گۆڕان لە دیدی هەندێکەوە، بزووتنەوەیەکی تووڕە و عەبەسی و یاخییە و ئیش و وەزیفەکەی تەنیا تووڕەبوونە لە حکومەت و گەر وا نەکات، لێی ڕازی نابن. ئەم تۆپەڵە خەڵکە کە دەستکردی خودی گۆڕانە، ئێستا بوون بە مەینەتی بۆ گۆڕان، چونکە گۆڕانیان ناچار کردووە تا قامی قیامەت هەر ئۆپۆزیسیۆنی حکومەت بێت و خەڵک بۆ ڕووخاندنی حکومەت پێبگەیەنێت!

ئەم نەوەیە کە لق و ناوچەکانی پارتییان بەلاوە باڵیۆزخانە و کونسوڵگەریی شەیتانە و بەردەوام حەزیان لە بەردبارانکردن و سووتاندنیەتی، نە ئارەزوومەندی ئازادین و نە لە دووی سازاندنی دونیایەکی جوانتر و باشترن، بەڵکو کۆمەڵێک هەرزە و بێ ئاگان کە وەک سەرگەرمییەک، ئاراستەی وەها گەمەیەک دەبن و ئیحراجیی گەورەش بۆ بزووتنەوەی گۆڕان پێکدەهێنن، دەنا شۆڕش جیاوازی لە نێوان ڕەنگەکاندا ناکات! دەبوو لەو ڕۆژەدا دەیان بارەگا بسووتێنرابان، مادام بارەگاکانی تەنیا لایەنێکیان سووتاند، هەوڵەکەیان شۆڕشگێڕانە نەبوو، ئەنارشیستی بوو.



د.فەرسەت سۆفی

# ڕێگای هات و نەهات

ناکرێت قەدەری ئەم نیشتمانە بدەینە دەست هات و نەهات و هەروا دەستەوەستان دانیشین و زمانی تیژی ڕاگەیاندن زووخاو بخاتەوە سەر برینەکان و ماڵەکانمان پڕ بێت لە نائومێدی.

خەریکە پرسە گرنگەکان و بڕیارە چارەنووسسازەکان کاڵ دەبنەوە، لە جێگای ئەوە دووبەرەکی و دەستبادان و ملشکاندنی یەکتر هاتووەتە مەیدان.

نابێ لە بیرمان بچێت خەمی زۆر گەورە جەستەی ئەو نیشتمانەی ئێمەیان تەنیوە، ئەگەر بە یەکەوە نەبین زۆر ئەستەمە بتوانین ئەو ڕێگا سەخت و پڕ لە هەورازە ببڕین.

خەمی بەرەکانی جەنگ، خەمی ئازادکردنی ناوچەکانی ژێر دەستی داعش، خەمی پێشمەرگە دیلەکان. خەمی مووچە و بژێوی خەڵک. خەمی کۆچی گەنجان، خەمی چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، خەمی منداڵ و بنەماڵەی شەهیدان و ئەو پێشمەرگانەی بە سەرماو گەرما لە سەنگەری بەرگریدان، خەمی کار و کەسابەتی خەڵک و ئەوانەی کاریان دەستناکەوێ، خەمی ئەو سەدان هەزار ئاوارەیەی ڕوویان کردووەتە ئەو هەرێمەی ئێمە، خەمی بە جینۆساید ناساندن و بە نێودەوڵەتیکردنی ئەو تاوانانەی دژ بە ئێزیدی و مەسیحی و کاکەیی و شەبەک و پێکهاتەکانی دی کراون، خەمی کۆتاییهێنان بە سیماکانی دوو ئیدارەیی و یەکخستنەوەی تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش.

نابێ لەبیرمان بچێت ئێمە پرسی زۆر گەورەمان لەبەردەمدان، پرسی ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەن، پرسی مافی بڕیاردانی چارەنووس و ڕاپرسی و بوونە دەوڵەت، پرسی فیدراڵیزم و مانەوەمان لەگەڵ عێراق، پرسی بنیاتنانی حکومەتێکی ڕەشید و دامەزراوەیی و سەروەربوونی یاسا، پرسی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکان، پرسی نەوت و بنیاتنانی ژێرخانی ئابووریی سەربەخۆ، پرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کارکردن لەسەر بەدەستهێنانی دانپێدانان، پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی و پارچەکانی دیکەی کوردستان.

لە پێناوی ڕزگاریی ئەم نیشتمانە بە هەزاران گەنج بەهاری تەمەنی خۆیان لە شاخ و ئەشکەوتەکاندا بردە سەر و بە هەزارانیش پلەی شەهادەتیان وەرگرت، لە پێناوی شکۆی ئاڵای کوردستان هەزاران چوونە بەردەم پەتی سێدارە و تەحەمولی سەختترین جۆری ئەشکەنجەیان کرد. لە پێناوی سڕینەوەی ئێمە هەموو جۆرە تاوانێک لە کیمیاباران و زیندەبەچاڵ و ئەنفال و خاپوورکردنی دێهاتەکان لەسەرمان تاقیکرانەوە و هەر ماین و نەسڕاینەوە، بەڵام گەر یەک نەبین، هەموو ئەوەی بەخوێن بەدەستمان هێنا لە دووبەرەکیدا لەدەستی دەدەین.

بۆیە ئەوەی پەیوەستە بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت، دەبێ لە پێناوی بەدیهاتنی هیوا گەورەکانمان ڕێگە چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزینەوە، چونکە مانەوەی دۆخەکە لەنێو هەموو ئەو قەیرانانەدا ڕەنجی ساڵەهای ساڵمان بەرەو ڕێگای هات و نەهات دەبات.



مەریوان مەسعود
mariwanmasud@yahoo.com

# کۆسرەت ڕەسوڵ کۆدەکەیە

مانگی هەنگوینیی پارتی و گۆڕان، هەر لەسەرەتاوە بەترسەوە بوو، بەتایبەت کاتێک نەوشیروان مستەفا-ی ڕێکخەری گۆڕان سەردانەکانی بۆ (سەری ڕەش) زۆر زیاتر بوون لە کۆبوونەوەی لەگەڵ جڤاتەکەی خۆی، هەروەک بەخشینەوەی پۆستەکانیش لەلایەن پارتییەوە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەندە زۆر و خێرابوو کە هەموومان گومانمان هەبوو لەوەی تۆ بڵێی ئەم ڕێککەوتنە چی بێت کە لەنێوان نەوشیروان مستەفا و بارزانیدا کراوە و میدیاکان ئاگایان لێی نییە، دیارە ئەم بەخشینەوەیە حیزبەکەی تاڵەبانی زۆر تووڕە کرد کە لەوانەیە ئامانجی ئەم وتارە ئەوە نەبێت، ئەگەرنا بەدرێژی شیمان دەکردەوە.

پارتی ئەوەندە دڵی نەرم بوو بەرامبەر بزووتنەوەی گۆڕان، هەر بەوە نەوەستا پۆستەکانی یەکێتی پێبدات، بەڵکو چەند پۆستێکی خۆشی پێدان، بەتایبەت لە بەغدا کە جێگری سەرۆکی پەرلەمان نموونەیەکی دیارە، ئەم مانگی هەنگوینی و بەخشینەوە و سەردانە زۆرانەی نەوشیروان بۆ (سەری ڕەش)، ڕێکخەرەکەی گۆڕانی هێنایە سەر ئەوەی بەڵێنی چوار ساڵ ئارامی بدا و ئەم بەڵێنەش پارتییەکانی زۆر دڵخۆش کرد و ئێستاش دوای هاتنە ئارای کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم و دواتریش خۆپیشاندانەکان و سووتاندنی بارەگاکانی پارتی و پاشانیش قەدەغەکردنی سەرۆک پەرلەمانەکەی گۆڕان لەسەردانیکردنی هەولێر و خواحافیزیکردن لە وەزیرەکانی گۆڕان بە وەزیری داراییشەوە!، دوو بۆچوون هاتوونەتە ئاراوە، ئایا نەبردنە سەری بەڵێنەکەیە لەلایەن نەوشیروانەوە کە پارتی وا تووڕە بووە؟، یان هەستکردن بەوەی پارتی پێیوایە دەبێت گۆڕان پاشکۆی ئەو بێت گۆڕانی تووڕە کردووە؟

تائێرە گەمەکە زۆر لەوە زیاترە کە من بەم چەند دێڕەی سەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە، بەڵام ئێستا دێمە سەر ئەسڵی مەقسەد، کە ئەویش چارەسەرکردنی قەیرانەکەیە، ئەو قەیرانەی کە ڕۆژ دوای ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە و نە کەس (ماکینەکەی KNN)ی پێ بێدەنگ دەکرێت و نە کەسیش حەبێکی حەساسیەی پێیە تا بیدات بەپارتی و ناوهێنانی گۆڕانی لا ئاسایی ببێتەوە.

دیارە ئەم گەمەیە زۆر سەختە و ئەو کاتەش سەختتر بوو کە گۆڕان ڕایگەیاند ڕێکخەرەکەیان تا سێ مانگی تر بەهۆی نەشتەرگەرییەوە ناگەڕێتەوە کوردستان، چونکە ئەگەر تا سێ مانگی تر قەیرانەکە وا بەردەوام بێت و گۆڕان لە هەولێر قەدەغە بێت و ئاڵای زەردیش لەسەر هیچ بارەگایەکی سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجە نەبینرێن، ئەوا بێگومان ڕەوشەکە خراپتر دەبێت. ئەی چی بکرێت باشە؟ بۆچی من پێموایە کۆدی چارەسەری کێشەکە لای کۆسرەت ڕەسوڵ عەلییە؟

کۆسرەت ڕەسوڵ یەکێکە لەو کەسایەتییە سیاسی و پێشمەرگانەی کە بەبێ موبالەغە ڕێزێکی زۆری هەیە لای خەڵکی هەولێر و بەپێی ئەزموونی خۆیشم جەماوەری پارتی هێندەی جەماوەری یەکێتی ڕێز بۆ ئەو پیاوە دادەنێن، ئەمەش یەکێکە لەو سیفەتانەی کە پێش هەموو کەس سەرکردایەتی پارتی دەیزانێت و خودی مەسعود بارزانیش بەتایبەتی، دیارە لەڕابردوودا کۆسرەت ڕەسوڵ بەپێی پێویست لەلایەن ئەم حیزبەوە بریندار کراوە کە دواهەمینیان ڕووداوی سەیتەرەکە بوو کاتێک ویستیان ڕێگری لە هاتنی کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی بکەن بۆ هەولێر، بەڵام دواتر هەر بەپەلە مەسعود بارزانی، سەرۆکی حکومەتی نارد بەشوێنیدا و داوای لێبووردنیان لێکرد و گوتیان هەڵەیەک بووە.

لەملاش جەماوەری گۆڕان هەڵوێستی ڕاشکاوانە و مێژوویی و خەباتی کۆسرەت ڕەسوڵ دەزانن کە سەرەڕای ئەوەی نەوشیروان مستەفا دوای جیابوونەوەی لە یەکێتی نامیلکەیەکی تایبەتی لەسەر کۆسرەت ڕەسوڵ نووسی و لەچەندین بڕگەدا ئەم پیاوەی بریندار کردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆسرەت ڕەسوڵ هەمیشە ڕێزی لە خەباتی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەکەی ناوە و چەندین بەڵگەش بۆ ئەمە لەبەردەستە، خودی ڕێکخەرەکەی گۆڕانیش هەموو جارێ بۆ ئەوەی دیالۆگ لەگەڵ یەکێتی بکات، پێش هەمووان بۆچوونی کۆسرەت ڕەسوڵ وەردەگرێت، ئەمە جگە لەوەی کەسایەتیی کۆسرەت ڕەسوڵ لای بنەماڵەی تاڵەبانی و بەتایبەتی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد زۆر ئیعتیباری هەیە و سەرەڕای ئەم هەموو ململانێ و وەکو دەڵێن باڵباڵێنەی لەناو یەکێتی هەبووە و هەیە، نێوانی ئەوان هەر پتەوەو گوێ بۆ یەکتری دەگرن.

ئەوەندەی من زانیاریم هەبێت، دوای ئەوەی لەم ڕۆژانە کۆسرەت ڕەسوڵ نامەیەکی بۆ بارزانی ناردو داوای لێکرد ڕۆڵی مێژوویی بگێڕێت و سەرکردەی حزبەکان کۆبکاتەوە بۆ چارەسەری کێشەکە، بارزانی ڕازی بووە و وەڵامی کۆسرەت ڕەسوڵی داوەتەوە، تەنیا مەرجی ئەوە بووە کە گۆڕانی تێدا نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا من پێشنیاز دەکەم کە کۆسرەت ڕەسوڵ وەکو کەسایەتی و ناوبانگی خۆی نەک وەکو جێگری سەرۆکی هەرێم و جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی، وەفدێک دروست بکات کە خۆی سەرۆکایەتی بکات و لەچەند کەسایەتییەکی دیار پێکبێت و وا بێت کە دوو کەسایەتی هەرە دیار و کاریگەر لە هەریەک لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجەو گەرمیان و پشدەر هەڵبژێرێت و هەوڵەکانی بەگەڕبخات، من دڵنیام سەردەگرێت. هەرچەندە لەوانەیە خوێنەرانی ئەم وتارە پێیانوابێت تا پەرلەمان و دامودەزگا شەرعییەکانی تر هەبن، ئەم وەفدی کەسایەتیانە چ ڕۆڵێکی دەبێت!، بەڵام من پێموایە ئەم ڕەوشە ئاڵۆزەی هەرێمی کوردستانی تێدایە تەنیا بەم شێوەیە چارە دەکرێت و دەکرێت وردەکارییەکەی بۆ پەرلەمان و دەزگاکانی تر جێبهێڵدرێت، چونکە پارتی نیازی پێکهێنانی کابینەیەکی تری هەیە بەبێ گۆڕان و گۆڕانیش سوورە لەسەر بەشداریکردن لەحکومەت، ئەمە جگە لەوەی بایکۆت و خۆپیشاندانی فەرمانبەرانیش هێشتا بەتەواوی کۆتایی نەهاتووە و قەیرانی داراییش ڕۆژ دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت، لەهەردوو حاڵەتەکەشدا فەوزایەکی تر چاوەڕوانی ئەم هەرێمە دەکات و خوا دەزانێت ئەمجارە چی دەسووتێنرێت و ڕێگا لەکێی تر دەگیرێت! دەستی دەرەکی و ڕۆڵی بەغداش کە خەریکە دێنە سەر خەت، لەولاوە بوەستێ، بۆیە بەبۆچوونی من پێویستە کۆسرەت ڕەسوڵ ئەم کارە بکات و دڵنیاشم لەلایەن هەردوولاوە گوێی بۆ دەگیرێت و زەمینەیەکی هێمنتر و دیالۆگێکی کراوەتر دروست دەبێت، چونکە ئەم ئاگرە بەئاوی (عەلی قەرەداغی) و (ئەیاد عەلاوی) و برایانی بزووتنەوەی ئیسلامی ناکوژێتەوە، بەڵکو قوفڵی ئاوەکە بەبۆچوونی من لای کۆسرەت ڕەسوڵە.



دانا نەوزەر

# لەقەد عادەت حەلیمە

دەگێڕنەوە، حاتەمی تائی کە پیاوێکی بەخشندە و دەستکراوەی مێژووی عەرەبەکان بووە، ژنێکی ڕەزیل و چرووکی هەبووە بەناوی حەلیمە. حاتەم میوانی بانگ دەکردەوە ماڵەوە، بەڵام حەلیمەی خێزانی خواردنی کەمی تێدەکرد و بە چکە چک گۆشتی دادەنا. حاتەم فێڵێکی دۆزییەوە و بە ژنەکەی گوت "ئەگەر خواردنی زیاتر بۆ میوانەکان دابنێی، ئیدی هەرگیز پیر نابیت و سەرت سپی نابێت". حەلیمە لەخۆشیی ئەم قسەیە دەستیکرد بە ڕازاندنەوەی سفرەکان و گۆشت و خواردنی باشی دادەنا. دوای ماوەیەک، بینی بەرە بەرە تاڵی سپی لە قژیدا دەردەکەوێت. هەر بۆیە وازی هێنا لە دانانی خواردن و دەستیکردەوە بە چرووکی. ئیدی میوانەکانیش دەیانگوت "لقد عادت حلیمە لعادتها القدیمە"، واتە حەلیمە گەڕایەوە سەر عادەتە کۆنەکەی. لەو کاتەشەوە ئەو پەندە بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە ماوەیەک واز لە عادەتێکی خراپ دەهێنن و دواتر دەگەڕێنەوە سەری.

لەم هەرا و هوریایەی نێوان پارتی و گۆڕان و لایەنەکانی دیکەدا، ترسی من ئەوەیە حەلیمە بگەڕێتەوە بۆ عادەتە کۆنەکانی. ئەو زمانەی شەڕی ناوخۆ کە تا ئاستی بۆگەنی ناشیرینە، شتێک بوو کە ماوەیەکی زۆر بوو بەرگوێمان نەکەوتبوو. لایەنی کەم تەلەفزیۆنە فەرمییەکان و خەڵکە بەرپرسەکانی ناو حیزبەکان بە زمانێک دەدوان کە بۆنی شاری لێدەهات. بەڵام ئێستا خەریکە عادەتە ناشیرینەکەی سووکایەتیکردن بە یەکدی دەستپێدەکاتەوە.

لەکوردستاندا شتێک نییە بەناوی "تاقمەکەی نەوشیروان". بزووتنەوەی گۆڕان هەیە و سەرکردەیەکی هەیە ناوی نەوشیروان مستەفایە. دەکرێت دژی گۆڕان بیت و زۆریش ڕقت لێیان بێت، بەس ناکرێت خەڵکی بەرپرس بەو زمانە بازاڕییە بدوێت.

ئەم هەرێمە پڕە لە کێشە و گرفتی گەورە و مانەوەی بارزانییش بەشێوەیەکی نایاسایی لەپۆستەکەیدا یەکێکە لەو کێشانە، بەڵام ناکرێت کەناڵێکی فەرمیی بزووتنەوەی گۆڕان بارزانی بە قەزافی بشوبهێنێ. گەنجی تووڕە دەکرێت قسەی خۆی بڵێت و جنێوی خۆی بدات، بەڵام ناکرێت بزووتنەوەیەکی بەشدار لە حکومەت و پرۆسەی سیاسی، سەرۆکی پارتە شەریکەکەی بەقەزافی ناوببات. چونکە ئەوکات مانایەک بۆ پێکەوە بوون نامێنێتەوە و خەڵک مافی خۆیانە بپرسن، ئەگەر قەزافییە، ئێوە یەک ساڵە چی دەکەن لەگەڵیدا؟

بە هەموو پێوەرێک، حکومەتی بنکەفراوانی هەرێمی کوردستان فاشیل بوو، بەڵام تاکە جوانیی ئەم حکومەتە پێکەوە کۆکردنەوەی هەموو لایەنەکان بوو لەم کاتە هەستیارەدا کە شەڕی دوژمنێکی دڕندە دەکەین. دەستەواژەی "سەرکردایەتی سیاسی کورد" مانایەکی بۆ گەڕایەوە و دەمانبینی کە چۆن سەرکردە و کەسی یەکەمی لایەنەکان پێکەوە دادەنیشن و بڕیارەکان وەردەگرن. دانیشتنی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە گردی زەرگەتە بۆ بڕیاردان لەسەر بەشداری لە حکومەتی عێراق یەکێک بوو لەو ساتە مێژووییانە. لەو ماوە کەمەدا، دەنگەکانی شەڕی ناوخۆ و قەڵەمە ناشیرینەکان بێ پارە بووبوون. هەندێکیان بێدەنگییان هەڵبژارد و هەندێکی دیکەش خەریکی ڕۆمانسیات بوون و بەشێکی دیکەشیان چاوەڕێی دەرفەتێکی ئاوا بوون تا ئەمجارەش بێنەوە سەر شاشەکان، چونکە ئەوان باش خۆیان و حیزبەکانیان دەناسی و دەیانزانی دواجار حەلیمە دەگەڕێتەوە بۆ عادەتە کۆنەکانی.

هێشتا دەرفەتێکیش ماوە بۆئەوەی دەنگی هەرزەکان بەسەر دەنگی ژیرەکاندا زاڵ نەبێت. هێشتا دەتوانرێت ئەو درزەی بەهۆی هەڵپەی هەندێک و عینادیی هەندێکی دیکەوە دروست بوو، پڕ بکرێتەوە. کوردی باشوور ئەوەندەی لەباردا نەماوە کە لەساڵی 2015ی زاینیدا خەریکی تەماشاکردنی دەموچاوی سواو و عادەتی خراپی ڕابردوو بێت. دەرفەتێک هەیە ئەم نەوەیە بە ڕق لە ئەوانی دیکە گەورە نەبێت و مرۆڤێکی ئاسایی دەربچێت، مەهێڵن حەلیمە تێکیبدات.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کاتی گرتنەوەی شنگال

گرتنەوەی شنگال زۆر دواکەوت. هێندە کە چیدی ناکرێ شنگالییەکان و خەڵکی کوردستان وەڵامی ئەو پرسیارەیان نەبێت کە: بۆچی شنگال ناگیرێتەوە؟

ئۆپەراسیۆنەکەی هەفتەی ڕابردوو لە حەویجە دوو شتی سەلماند، یەکێکیان ئەوەیە کە پێشمەرگە لەڕووی تەکنیکی سەربازی و ورەوە بەسەر داعشدا باڵادەستە. دووەمیش سەلماندی داعش لەجیاتی ئەوەی دێوەزمەیەکی ترسناک بێت، بووەتە شێرەبەفرینەیەک کە وردە وردە دەتوێتەوە. بۆیە ئێستا لەو نائومێدی و لەنێو ئەو قەیرانانەی لە باشووری کوردستاندا هەن، خەڵک چاوەڕێن هەواڵێکی ئومێدبەخشی وەک وەدەرنانی داعش لە شنگال ببیستن.

لەم ئان و ساتەدا پارتی زۆرتر لە هەموان پێویستی بەوەیە شنگال بگیرێتەوە. حیزبەکانی دیکە کە لەگەڵ پارتی دەگاتە سەر ئێسقانیان، ئەوەی بە چاودا دەدەنەوە کە کەوتنی شنگال بەهۆی هەڵەی ئەو حیزبەوە بووە. پارتی بە ناڕاستەوخۆ بەرپرسیارێتی دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام ڕەتیدەکاتەوە بژارەیەکی دیکەی هەبووبێت بۆ ڕێگەگرتن لە کەوتنی شنگال. ئێستا ئەو قسانەی حیزبەکان لەسەر پارتی ڕاست بن یان هەڵە، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕن کە باری گرانی وەرگرتنەوەی شنگال دەکەوێتە ئەستۆی پارتی.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا، زۆرجار چوومەتە قەراخەکانی شنگال و دەوروبەری. لەوێ بەکردەوە ئەوەی شەڕی کردووە و ناوچەکە دەپارێزێت هێزێکی گەورەی پێشمەرگەیە. هێزی سەر بە پەکەکەش هەیە، بەڵام لەچاو ئەو هەرای ڕاگەیاندنەی بۆی دروست دەکرێت، هێز و ژمارەیان زۆر کەمترە لە پێشمەرگە.

ڕۆڵەکانی شنگال، کە زۆرینەیان ئێزدین و لە ڕۆژانی گەمارۆی سەر چیای شنگالدا بەرگریی بێوێنەیان کردووە، ئێستا بوونەتە پارتی و هێزی تایبەت بەخۆیان دامەزراندووە. پەکەکەش لەو ئێزدییانەی پشتیوانی لە فیکری ئەو حیزبە دەکەن، هێزێکی دروستکردووە و لەسەر چیای شنگال و قەراخەکانی شنگال جێگیری کردوون.

ئەم حیکایەتەم بۆ ئەوەیە تا یەک شت بڵێم: دەترسم شیر و تیری براکان لە شنگال هێندە لێک تیژ بکرێن کە وا بکەن تەمەنی مانەوەی داعش لەو ناوچەیە درێژتر ببێتەوە. ئەو ڕۆژانەی گەمارۆی سەر چیای شنگال شکێندرا، ئەگەر ئەو دوو هێزە هەماهەنگییان هەبووایە و پەکەکە پەلەی نەکردبایە، ئێستا لەجیاتی ئەوەی باسی گرتنەوەی شنگال بکەین، باسی ئاوەدانکردنەوەیمان دەکرد.

حیزبەکانی دیکە دەڵێن لە باشووری کوردستان تەنیا شنگال ماوە بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. ئەمە ڕاست نییە. چونکە سەعدیەش باشووری کوردستانە و لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا نییە. ئەگەر هەر زۆر کوردستانییانەش بیری لێ بکەینەوە، دەی خۆ حەویجەش کوردستانە و داعش تەراتێنی تێدا دەکات. بەڵام جیاوازیی شنگال لەگەڵ ئەو دوو شوێنەی دیکە ئەوەیە کە کۆمەڵکوژی و هەڵاواردنی ئایینی و تراژیدیای سووکایەتی بە کەرامەتی مرۆڤی کورد لە شنگال لەسەردەستی داعش گەیشتە لوتکە و لەو شوێنانەی دیکە بەو قەبارەیە ڕووی نەدا. بۆیە تەنیا بەوە ئومێد بۆ خەڵک دەگەڕێتەوە کە لەو شوێنەی داعش قووڵترین برینی لە جەستەی باشووری کوردستاندا دروست کرد، دروست لەوێ بە زووترین کات داعش بکرێتە پەند.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## زانیوتانە هەرواز گوڵپی مەلا بووە؟

« 11

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

